# مێژووی
# جوگرافیای کوردستان لە ئاڤێستادا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# مێژووی
# جوگرافیایی کوردستان لە ئاڤێستادا

وەرگێڕان و لێکدانەوە و پشکنینی مەیدانی و تۆژینەوە و بەراوردکردن:

د.م.ا. هەورامانی



کتێب: مێژووی جوگرافیای کوردستان لە ئاڤێستادا
وەرگێڕان و لێکدانەوە پشکنینی مەیدانی و تۆژینەوە و بەراوردکردن: د.م.ا. هەورامانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٩٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: گۆران عەبدولهادی
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٨٨)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# پێشەکیی

ماوەیەکی کەم نییە، کە خۆم بەپشکنین و بەراوردکردنی لاپەڕەکانی ئەو لێکدراوانەوەیە، کە لەبارەی ئاڤێستاوە تا ئەمڕۆ کراون و هان لەبەر دەستت دا خەریک کردووە و، کەچی من هێشتا نەمتوانیوە بگەمە ئەو ئاواتەی کە خۆم ویستوومەو دەمەوێ، لەگەڵ ئەوەش دا، زۆر نەبێ کەمێ، خەریکە زۆرم بەسەر هەندێ ناوەڕۆک و ڕووالەتی ئاڤێستادا بشکێ!! ئەوەی کەلەم ڕووەوە خوێندوومەتەوە (سەرچاوەی ڕۆژئاوایی و هی پارسیی پارسەکان،...) سەرچاوەی کەم نین و بۆیە توانیومە دەستنیشانی هەندێ شتێ بکەم، کە زۆر زەقن و دوورن، لە کاری پشکنینی زانستیانەوەو وا لێرەدا، بەکورتی هەندێ لەوانە بەرچاو دەخەم:

**- یەکەم لە ڕووی ڕێنووسەوە:**

لە ئەلف و بێی ئاڤێستادا، هەندێ پیت هەن، کە لە (ڕووالەت)دا، لە یەک دەکەون تەنیا، بەنەختێ خزاندنی نووکە قەڵەمی نووسین، (ئەم پیتە دەبێ بەئەوو) لەم ئاڵوگۆڕەدا، کێشەیەکی واتایی دروست دەکرێ و تا ڕادەیەک سەرشێواندنێک پەیدادەبێ لە ڕووی گەیشتنە ئاواتی پشکنین و لێکدانەوەی پشکێنەران و تۆژینەرەوان و وەرگێرەوانەوە. بۆ وێنە، لەم مەیدانەدا، پیتی (ک = و) و پیتی (د = و) زۆر لە یەکتریی دەکەن، ئەگەر هاتوو نووسەر ئاگاداری نووکە قەڵەمەکەی نەبووبێ ئەم بەو دەبێ و ئەویش بەم!! هەروەها پیتی (دد= ی) و(دد = و= ڤ) شێوەی نووسینیان زۆر لەیەک دەکەن و هەروەها پیتەکانی (د= ێ) و (د = و). بێگومان ئەمانە سەرلێ شوێنن لە ڕێگای خوێندنەوەی وشە و لێکدانەوەی واتایدا.

**- دووەم لە ڕووی واتاوە:**

دەساو دەسکەوتنی ئاڤێستا بەرەو لەناو بردن و بەرەو کۆکردنەوە بەرەو ڕونووسکردنەوە و نووسینەوە و نووسینەوە، بووە بەهۆی ئاڵ و گۆڕ بوونی هەندێ پیتەوە، قرتاندن و لە بیرچوونی هەندێ پیت لە وشە لە کاتی ڕوونووسکردنەوەدا، تێکەڵکردنی هەندێ وشەی



بێگانە بەئاڤێستا لەلایەن ڕوونووسکەرەوە،.... هتد ئە ئەمانە، بێگومان کێشەیەکی گەورەیان لە ڕێگەی پشکێنەرانی ئاڤێستادا دروستکردووە و بووە بەهۆی ئەوەوە تاکو ئەمڕۆ، لێکدانەوەی ئاڤێستا نەگەیشتووەتە پلەی ڕاستکردنەوەی تەواو.

**- سێیەم، لە ڕووی زمانەوە:**

ئەم بەشەی کە حاڵی حازر دەمێ باسمان لەسەریەتی، وەهامان بەدەستەوە دەدات کە زمانەکەی زۆرتر بەلای زمانی کوردیدا (کوردیی و شێوە زارەکانی) دەڕوا، تاوەکو هەر زمانێکی دیکەی ئاریانیی و ئێرانیی!!

بۆیە، ئا لێرەدا، بەباوەڕێکی زۆر پتەوەوە، دەڵێم، پشکێنەری ئاڤێستا ئەگەر کوردیی و زارەکانی، نەزانێ، لە لێکدانەوەی ئاڤێستادا، بەکام ناگات!! و توانای ئەوەشی نابێ کە بەرهەمەکەی سەرلەبەر بێ!

**- چوارەم، لە بابەت بۆچوونی پشکێنەرانەوە:**

پورداو – پشکێنەری ئێرانی بەناوبانگ، ئەگەر چی کاری ئاڤێستای زۆر کردووە و تەماشای بەرهەمی ئاڤێستاناسی زۆری کردووە و لەو ڕووشەوە دەروێشی زۆری هەن و بۆ وێنە، (فرە وەشی و هاشم رەزیی و جەلیل دوستخواه) لە شاگردە گەورەکانیەتی و هەروەها منیش و بەڵام من وەک شاگردێکی ئەو دەنگ بەرز دەکەمەوە و دەڵێم، پورداو، لەو بەرهەمانەیدا، جگە لە بیروڕا کۆکردنەوەی ڕۆژئاواییەکان، خۆی بۆ چوونێکی تەواو ڕاستی نییە و پتر لەوەش لە بەرهەمەکانیدا، هەندێ پیتی کۆتایی وشەکانی پەڕاندووە و ناوبەناویش لێکدانەوەی واتای وشەکان کەم بەلای ڕاستیدا دەڕۆن!

ئێمە، ئا لەم (یەشتە)دا، کەوا لە ژێر دووربینی تێروانینی لێکدانەوەی بیرمدا بەدەیان لێکدانەوەی دوور لە ڕاستیەوە، یان کە فەسەر بەلایەنداریەوە، کەوتووتە بەر تۆمارکردنی دەفتەری بەردەستمان.

ئەگەر چی ئەم وێنانە زۆرن، وا بۆ وێنە هەندێ دەخەینە بەرچاو:

لە کاتی لێکدانەوەی وشەی (سەگز) و دیاریکردنی جۆریی و جێگای، دەستی لێکدانەوەی بۆ شاعیری بەناوبانگی سەقزی (أبو الحسن علی بن جولوغ فرخی سەگزی) رادەکێشی و وەهای لە قەڵەم دەدات، کە ئەم وشەیە (سەگز) مەبەستی (سیستان)ە.

ئەمە بێگومان لەوە دەکات، کە بەرێز یان ئاگای لە جوگرافیا و مێژوو ئێران نییە و یان دەیەوێ بەلایەکدا لابدا، ئەمەش ئەگەر وەهابێ دووره لە پشکێنەری ڕاستەقینەوە.

لەم ڕووەوە، دەبێ ئەوە بهێنینەوە یاد، کە هۆزی (ساک= کاس) لە(١) دەوروبەری دوو هەزارەی پێش زایین لەملاو لەولاوە دەوری ڕامیاریی گەورەیان هەبووە و نیشتمانی بنەڕەتی ئەمانەش، نیوبازنەی خوارووی دەوراندەوری دەریای (خەزەر= کاسپین)ە و ئا لەوێوە بنەڕتی ئازایەتی و سوارچاکیان لەلایەن مێژووەوە دیاریی کراوە.

شایانی باسە، ئەمانە توانیان ماوەی (٥٧٦) ساڵ فەرمانڕەوای بابل بن و کۆتایی فەرمانڕەواییان دەکاتە سالآنی (١١٧١)ی پێش زایین (گیرشمەن - ایران از أغاز تا أسلام، وەرگێڕانی د: معین، ل -٥٤).

شایانی باسە ناوچەکانی (قەزوێن و سەقز) پاشماوەی شوێنەواری ئەوانن و لە لایەکی دیکەوە، ساکەکان (کاسەکان) دەورێکی گەورەیان لە دامەزراندنی دەوڵەتی ماددا هەبووە و لە ماوەی سالآنی (٦٢٥ -٦٥٣ -پ.ز) دا بەشداریی فەرمانڕەوایی مادیان کردووە. (ایران درسپیده دم تأریخ (وەرگێڕانی حسن انوشه) د.کامرون، ل -١٧٦) یان لە بارەی ناوی (هامون)ەوە، پورداو لە خۆیەوە و بەبێ بەڵگە ناوی (هامون)ی خزاندوەتە ناو ئاڤێستا بەبێ ئەوەی وەهابێ، یان بەلای کەمیەوە نەختێ بەلای ڕاستیدا بڕوات. بۆ وێنە دەڵێ: (لە کاتێکدا، دەریاچەی(چیچست= ورمێ) دەریاچەیەکی پیرۆزە و جێگای دایکزادی زەردەشت و دینی زەردەشتە لە ڕۆژئاوای ژووری ئێران دایە، دەشبێ لە ڕۆژهەلآتی ئێرانەوە دەریاچەیەکی وەهای پیرۆز هەبێ، تاوەکو نۆرەی سۆشیانت دێتە بەرەوە ئەو دەریاچەیەش بێگومان (هامون)ە، (یەشت ح٢، ل - ٢٩٠). هەروەها، هەر لەهەمان (یەشت ح٢، ل - ٢٩٢) (هامون)ی بەسەر ڕووباری (ئەرەنگ)دا سەپاندووە!!!

وێنە، لەبارەی بۆچوونەکانی ئاڤێستاناسانی ڕۆژئاوایی، کە لەبارەی ڕووباری (ڕەنگە = RANGHA) وە وتوویانە و بەم جۆرە:

+ ویندیشمان، وەهای بۆ چووە کە ڕووباری (ڕەنگە) ڕووباری (جەیحوون)ە.

+ شپیگل و یوستی و گیگەر، وەهای بۆ چوون کە ڕووباری (ڕەنگە) ڕووباری (سیردەریا)یە.

+ دێ - لاگارد، ڕووباری فۆڵگای لە بڕیی پێشنیاز کردووە.

+ دار - مستەتەر، بەدیجلەی دەزانێ.

+ مارکوات، بەڕووباری (زەڕئەفشانی سەغدی) دەزانێ.

+ بارسۆلۆمی، وێست، بەڕووباری ئەفسانە و نیمچە ئەفسانەی لەقەڵەم دەدەن!

بێ گومان، ئەم جۆرە بۆ چوونانەی سەرەوە، ڕێبازێکی نوێیان بۆ من خستە سەرپشت و



لە بارەی لێکدانەوەی (زامیاد یەشت)ە وە کە بریتییە لە جوگرافیا مێژوویی کوردستان، لەسەر بنەڕتی بەراوردکاریی و لەسەر بنەڕەتی زانیاریی مەیدانیی، گەیشتمە جۆرە لێکدانەیەک، کە خۆم بەباشی دەزانم و زۆرتریش بەلای ڕاستیدا دەڕوات و بێگومان نرخی ئەم بۆچوونەش لەلایەن خوێنەرانیەوە دادەنرێ و دەزانرێ (بەتایبەتی لەلایەن پشکێنەرانی ئاڤێستاوە)!

د. هەورامانی - بازڵ

سویسرە

## یەشت چییە؟[٢]

هەر لەبەرئەوەی کە سەرچاوەی بزانین لە کوێوەیە، دەبێ پێشەکیی لە بارەی کتێبی (دینکەرت)ەوە شتێ بزانین و ئەویش بەم جۆرە:

دینکەرت، کتێبێکە وەک (دائرة المعارف) وەهایەو ناوەڕۆکی زانیاریی ئاوەزیی عەقڵی تیادایەو کە بەزمانی پالەویی لە دەوروبەری سەدەی نۆیەم-ی زاینی لە بەغدا، لە ڕوونووسکردنەوەی پاشماوەی هەندێ نووسراوەی دێرینی پالەویی، نووسراوەتەوە، یان ڕوونووسکراوەتەوە و نزیکەی (١٦٩٠٠٠) هەزار وشەی تیادایە.

کۆکردنەوەی (دینکەرت) لە کۆتایی ئاخر و ئۆخری بەشی (سێیەم)ەوە یە(ئەم بەرهەمە نۆ بەشەو دوو بەشی یەکەمی ون(بزر) بووە)- مێژوویەکە، کە لەبارەی مێژووی چۆنیەتی نووسینەوەی (دینکەرت) شوێنەواری شاگردانی (زەڕەدشت)ە، کە بریتییە، لە وتار و ئامۆژگاریی دینی و ڕێ و ڕەوشتی (زەڕەدەشت) کە لە (یاد)دا، ماوەتەوە، بەشێوەی نووسراو نووسیویانەتەوە بۆ یەکەمجار.

ڤیشتاسپ شاە فەرمانی داوە، کە ئەم نووسراوە ببرێتە خەزێنەی شاهیی و ئالەوێدا بپارێزرێن. لە پاشا، لە دەمی فەرمانڕەوایی (دارای دارایان) شای کەیانی دوونوسخە لەبەر ئەو نوسخە پارێزگاریکراوە وە نووسرانەوە و یەکێ لەو نوسخانە بۆ (دژنە و شەت) براو لەوێ پارێزگاری کراوە و ئەوی دیکەشیان بۆ (گەنجخانەی شیزگان) برا، بۆ پارێزگاریی و ئاگاداریی. لە هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنیدا، یەکێ لەو نوسخانە سووتێنراوە ئەوەی دیکەیان بۆ زمان گریکی وەرگێردرا.

لە دەورانی ئەشکانیاندا، (ڤەڵخەش) شاە، سەرلەنوێ لەملا و لەولاوە پارچەی ئاڤێستای کۆکردەوە. جارێکی دیکە، شای ساسانیان ئەردەشێری بابکان فەرمانی بە (تەنسەر)دا، کە سەرلەنوێ ئاڤێستا کۆبکاتەوە ئەویش فەرمانەکەی جێبەجێ کرد.

پاش هێرشی عارەب، (أتوفرنبغ فرخزادان) کە لە دەمی فەرمانڕەوایی (مامون)ی عەبباسیدا، لە بەغدادا دەژیا، سەرلەنوێ ئەم کتێبە ئاڤێستایەی کۆکردەوە. پاش ئەم (أتورپات امتان - اسیران) ئەم کتێبەی ڕێک و پێک کرد و بەکورتی (خەستەی)



نووسیەوە و بەناوی (دینکەرت = دینکرت هزاردر)ەوە ناوی نا کتێبی سێیەم؛ دینکەرت، پێکهاتووە لە زانیاریی دەربارەی تەندروستی و پزیشکییەوە و زانیارییە دەربارەی ژن و ژنخوازیی لە نێوان خزماندا و لەتەک چەند زانیاریەکی دیکەی پێویستدا.

کتێبی چوارەم، بەشێکی لە بارەی (ئایننامە)وەیەو لە ناویدا، مێژووی شایانی ئێرانی و هی زەمان و بەخت و ئەستێرەناسیی و دابەشکردن، تاوەکو دەگەیتە پارچەیەک کە ئیتر دابەش ناکرێت و پتر لەوەش لە بارەی هێز و مەنتیقەوە تیایەتی.

کتێبی پێنجەم؛ بەشێ لەم کتێبە پێکهاتووە لە (پرسیار و وەرامدانەوە)ی (أتور فرنبغ فرخزادان) کە لێی کراوە و وە رامیشی داوەتەوە. لە بەشێکی دیکەیدا دەربارەی دەوری منداڵی (زەڕەدەشت)ەوەیەو ئامۆژگاریی لە دەربارەی (ڤیشتاسپ)دا.

بەشی دیکەی بریتییە لە وەرامەکانی، کە لە وەرامی پرسیارەکانی (بوخت ماری-مەسیحی) دراونەتەوە.

کتێبی شەشەم، پێکهاتووە، لە ئەدەب و ئەخلاقی دینیی.

کتێبی حەوتەم، بریتییە (لە زەڕەدەشتنامە). ئەم بەرهەمە بەشێ لە کتێبی (پێنجەم)ە و بەمێژووی تەواوکەری زەڕەدەشت دەژمێررێ.

کتێبی هەشتەم و نۆیەم بریتیە لە (بیست و یەک نەسکی ئاڤێستا) کە لەبەر دەست دایە، لەگەڵ ئەوەشدا، سەرچاوەی ئاگادار بوونە، کە لە هەندێ بەش، ون بوون.

**ئەوجا، ئەوا دێینە سەر یەشتەکان.**

ئاڤێستا پێک هاتووە، لە پێنج پەرتووک یان (جزم)و

**یەکەمیان** (یەسنا)یە، کە گرنگترین بەشی ئەم کتێبە بریتیە لە (٧٢) فەسڵ (ها) و(پێنج گاتەکان)یش بەشێکە لەو.

**دووەمیان** (ڤیسپەرەد)ە، کە کۆمەڵێکە لە پاشکۆیەکانی (یەسنا) کە بۆ هەڵس و کەوتی دینیی تەرخان کراوە و پێک هاتووە، لە بیست و چوار فەسڵ (کەردە).

**سێیەم،** (ڤەندیدات)ە، کە زۆربەی ناوەڕۆکی بۆ دەستوور و قانوون مەزهەبیەکان تەرخان کراوە. لە یەکەوە (١) تاوە ٢٢ فەسڵ، یەک (فرگرد)ی پێ دەوترێ.

**چوارەم**، یەشتەکان. هەریەکە لەم یەشتانە (کە پێکهاتوون لە بیست و یەک) بەناوەڕۆکێکی تایبەتییەوە بەستراوە و بەو بۆنەشەوە ناوی لێ نراوە و بۆ وێنە، ئێمە لێرەدا، نووکی قەڵەممان تەرخانە بۆ (زامیادیەشت) کە هەندێ لە ناوەڕۆکەکەی بۆ

جوگرافیای مێژوویی (شاخ، کێو، لووتکە، ڕووبار، چەم، ناوچە، دەریا،...) تەرخان کراوە.

**ڕووالەت و ئاواز و واتای یەشت:**

لە ڕووی واتاوە، (یەشت) بەواتای (ستایش، پەرستن، ڕێزلێ گرتن،...) دێ. بەڵام لە ڕووی ڕواڵەتەوە، یەشتەکان بەشێوەی ئاوازی هۆنراوە دارێژراون و جیاوازییان لەگەڵ یەسنادا، لە ڕووی بڕگەسازییەوە، جیاوازە، بەوەی دێڕەکانی ئەمانەن هەشت بڕگەیی، یان دەبڕگەیی، یان دوانزە بڕگەیین.

## ئەلف و بێی ئاڤێستایی (دین دەبیرە)

بزوێنەکانی زمانی ئاڤێستا، لەگەڵ ئەوانەی زمانی کوردیدا، زۆر نزیکی یەکترین و لە زۆربەی ڕووالەتەکانی بزوێنی و بزوینسازیدا، بەتەواویی وەک ئەوانەی کوردیی ئەمڕۆن و ئەمەش، چە لە ڕووی ئاوازەوە چە لە ڕووی ئاواز سازییەوە، ساڵی حەفتاکان باسمان کردن (فۆنەتیکی زمانی کوردیی- محەمەد ئەمین هەورامانی)، لە ڕووی ژماردنەوە، بزوێنەکانی زمانی ئاڤێستا (هەشتن) و ئەمانەش، چە لە فۆنەتێکی لاتینیدا چە لە فۆنەتیکی زمانی کوردییدا (وێنە)ی ئاوازەیی دەگیرێن و ژمارەیەکی کەمیشیان (جگە لەو ژمارە هەشتە) نە لە فۆنەتیکی لاتینیدا نە لە نە لە هینی کوردیدا، (وێنەی ئاوازە سازییان) ناگیرێ و ئەوانەش، (یەک دوانێکن)و لێرەدا، ڕێی باسیان نابێتەوە و پێویستیش ناکات!

**بزوێن**، جومگەیەکە، لە نێوان دوو دەنگی کۆنسونانت (ئاوازە دار)دا و هەروەک جومگەی نێوان دوو ئێسقان، ڕێگای جم و جووڵ ئاسان دەکات.

**نیمچە بزوێن**، ئەو بزوێنەیە کە بەڕێکەوت دەکەوێتە سەرەتای بڕگەی واتادارەوە، کۆنسونانت (ئاوازەدارە)یش ئەوانەن، یان ئەوەیە، کە نەبزوێنە، نەنیمچە بزوێنە و نەبزوێنی دوو لۆیە!

ئەم بۆ چوونانەنی سەرەوە ناونیشانی سەرەتایین و چونکە لێرەدا، باسەکە باسی زانستیی زمانی کوردیی نییەو بۆیە، بەمە ڕازیی دەبین.

بەهەر حاڵ، هەروەک لە سەرەوە وتمان بزوێنەکانی ناو زمانی ئاڤێستا، ژمارەکەیان (هەشتە)و نیمچە بزوێنەکانیش، ژمارەیان دەگاتە (شەش) و جگە لەمەش نیمچە



کۆنسونانت (ئاوازە دار) یشمان هەن و ژمارەیان دەگاتە دەوروبەری (سییان) و هەر جۆرێ لە جێگاو شوێنی خۆیدا، دەمی باسی دەخەینە سەر.

لەبارەی دەنگەبزوێنی (دوو لۆ) نزیکەی (٩ ژمارە) بەرچاو دەکەون.

## دەنگە بزوێنەکان

پێشەکیی دەبێ ئەوە بخەینە بەرچاو، کە بۆ ئەوەی لەلایەن خوێنەرەوە ئەم بۆ چوونانەی ئێرەمان ڕۆشن بێت، ئێمە لە پێشەوە پیتە ئاڤێستایەکە دەنووسین و ئەوجا دووا بەدووای ئەو چە دەنگێ لە لاتینیدا بەرامبەریەتی، دەخەینە ناو دوو چوار چێوەوە، گوایا ئەو چوار چێوەیە نیشانەی دەنگەو ئەوجا، بەپێی پێویست لە هەردوولا وێنەی بۆ دەهێنینەوە.

𐬀 = [a]: ئەمە بەتەواویی وەک (ئە = ە = ه)ی زمانی کوردیی وەهایە و لە ڕووی ئاوازەی دەنگەوە ئەم دەنگانە [ه = ە] لە دۆخی وەستاندا، دەگەڕێتەوە.

بۆ ئەم پیتە ئاڤێستاییە، یان دەنگەکەی وشەی (ئەهورە)یە، کە بەواتای (خوا، یەزدان، یاهو)دێ، کە بەنووسینی لاتینی دەبێ بە (Ahura).

ئەگەر بێت و ئەم بزوێنە، لەگەڵ ئەوانەی زمانی عارەبیدا بەراورد بکەین، دەبێ بڵێین، بەتەواویی وەک (فتحە = فەتحە)ی عارەبی وەهایە.

𐬁 = [a`]: ئەم دەنگە ڕاکێشراوە بەرەو ژوور بۆیە کە شیدەیەکمان بەسەر سەریەوە داناوە و بۆ ئەم وێنانەش، کە لە ئاڤێستادا هاتوون، وەک (ئادا = a`da`) لە ئاڤێستادا، کە بەواتای (بەخشین، بەخشیش، شاباش)دێ. هەروەها وشەی (ئازاتە = a`za`to)ش، کە بەواتای (ئازاد، سەربەست)دێ. وشەی (ئاتەر=a´tar = ئاگر)ی ئاڤێستایی، هەر بەهەمان پیت و دەنگ دەست پێ دەکات.

𐬌 = [i]: ئەم دەنگە، لە شێوەی کوردیی ئەمڕۆدا، کە بەئەلف و بێی عارەبیی دەنووسرێ وێنەی نییە و بەڵام لە شێوەی کوردیی ئەمڕۆدا، کە بەئەلف و بێی لاتینی دەنووسرێ بەم (i) جۆرەیە.

لە عارەبیدا، ئەم دەنگە ئاڤێستاییە، بەتەواویی بەرامبەری (ژێر= کەسرە)ی عارەبییە.

وێنەی ئەم دەنگە و ئەم پیتە لە ئاڤێستادا، وەک لە وشەی (پشترە = pis`tra) وایە یان وەک ئەمەی کەوا لەم وشە ئاڤێستایەی تردا (جیجشا = ji`jis`a) کە بەواتای ( خۆرشت، خۆشاو) دێ.

𐬍 [`i]: بۆ ئەم دەنگە ئاڤێستاییە لە ئەلف و بێی کوردیی ئەمڕۆدا، کە بەئەلف وبێی عارەبی بنووسرێ، پیتمان هەیە، کە هەمان دەنگمان بداتێ و بۆیەکێشەی بەردەمی ڕێگای پشکنین ئالێرەدا ئاسانە.

دیارە ئەم دەنگە لەوەی پێشتری گیرترە و وێنەشمان لە ئاڤێستادا، وەک (ئیشتی= `i`s´ti) و کە بەواتای (دارایی، سەروەت، خواست، تەمننا)دێ، یان وەک وشەی ئاڤێستایی (میژدە= mi`zda)، کە بەواتای (پاداش، دەسخۆشیی، موژدە) دێ.

𐬎 [u]: وێنەی ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا وەک وشەی (بازو = ba`zu)ە، شایانی باسە، ئەم دەنگە کە لەم وشەدا، بەرچاومان دەکەوێ، لە دەنگدانەوەدا، وەک ئەوە نییە کە لە وشەی (بازوو)ی کوردیی ئەمڕۆدا هەیە، بەڵکو دەنگە (و) یەکی زۆر کورتە و خەریکە بڵێین وەک (بۆر)ی عارەبیی وەهایەو بەڵام ئەگەر بمانەوێ بەتەواویی پیشانی بدەین و وەک ئەو دەنگە وەهایە، کە لە وشەکانی (کورد، کورت)دا هەن.

𐬏 [`u]: ئەم دەنگە لەوەی پێشووتر درێژترە و لە ئاڤێستادا، لەم جۆرە وشانە زۆرن و هەن و بۆ وێنە هەروەک لە وشەی ئاڤێستایی (تەنوو= `tanu )دا بەرچاو و بەرگوێمان دەکەوێ، کە بەواتای (تەن، جیسم، بەدەن)دێ. لە کوردییدا بۆ ئەم دەنگەو بۆ وێنەی پیت، چە لە ئەلف و بێی عارەبیی و چە لە ئەلف وبێی لاتینی، کێشە نایەتە ڕێ.

𐬈 [e]: ئەم دەنگە لە زۆربەی وشە ئاڤێستاییەکاندا، تێکەڵ بە بزوێنی دیکە بووە و ئەو جۆرە گۆیە (چونکە زمانەکە مردووە و کەس نییە پێی بئاخەفێ) بۆ ئێمە (گۆ) ناکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، وێنەی تاک و تەنیای، لە وشەی ئاڤێستاییدا دەستمان دەکەوێ، بۆ وێنە، وەک لەوشەی (ڤەرەز = ڤەرێز= varez)دا، هەیە و کە بەواتای، (وەرزاندن، وەرزشکردن، خۆڕەتاندن، کارکردن، ڕاهێنان)دێ.

ئەوەی کە لەنووسینی ئەم وشە ئاڤێستاییەدا ڕوویدا، لێرەدا هەروەک بەرچاوت دەکەوێ، بەدوو جۆرە ڕێنووس، تۆمارمان کرد، چونکە لە ڕێنووس ئەمڕۆی کوردیدا، بەئەلف وبێی عارەبی وێنەیمان دەست ناکەوێ و بەڵام لە ئەلف و بێی لاتینیدا، هەیە.

𐬉 = [`e]: ئەم دەنگە، لە زمانی ئاڤێستادا، وەک ئەوەی، کەوا لە وشەی (دێنا= `de`na`=dae`na)دا، هاتووە. دیارە ئەم دەنگە لەوەی پێشووتر کراوەترە ولەبەر ئەوە چە لە ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردیدا و چە لە ڕێنووسی لاتینی وێنەی بەئاسانیی وبێ کێشە هەیە. ئەم دەنگە بێگومان لەسەرەتاوە نایەت، بەڵام لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەوە دەست دەکەوێ بۆ وێنە، وەک (دێ، ڕێ، ڕێباز، شێوە).



𐬆 =[əا]: لە ڕێنووسی کوردیی ئەمڕۆی ئەلف وبێی عارەبییدا دەست ناکەوێ و هەروەها لە لاتینیشدا، مەگەر ئەم جۆرە هەبێ کە لەسەرەوە نووسراوەو بەڵام ئەمە (پیت)نییە، بەڵکو وێنەی دەنگە، کە تایبەتە بەدەنگسازییەوە.

وێنەی وشە بۆ بوونی ئەمە دەنگە، وەک ئەم دووانە کەلەم وشە ئاڤێستاییەدا هەن (ئەڤەرەزیکە= avarazika)، کە بەواتای (بێ کار، تەنبەڵ، نەوەرزیاو) دێ. ئەم جۆرە پیتەمان، بۆ وێنەگرتنی ئەم دەنگە، چە لە ئەلف و بێی کوردیی ئەمڕۆدا، بەعارەبییەکەو بەلاتینیەکەش، دەست ناکەوێ.

𐬇 = [ə̄]: بۆ ئەمیش، نە لەڕێنووسیی کوردیی ئەمڕۆدا، هەردوو جۆرە، هەر وێنەی ئەلف و بێمان نییە و بەهەرحاڵ، وشەیەکی ئاڤێستایی کە ئەم وێنە دەنگەیەی تیادا بێ وەک وشەی (ئەرێتە= ara´ta)، کە بەواتای (ڕاست، دروست) دێ.

کێشەی ڕێنووس، لە بەردەمی وێنەگرتنی هەندێ وشەی کوردیی ئەمڕۆ، کە دەنگی وەهایان تیادا، چارەسەر نەکراوە!

𐬊 =[o]: ئەم دەنگە چە لە کوردیی ئەمڕۆداو (بە هەردوو جۆرە ڕێنووسەکەوە) چە لە لاتینیشدا پیتی وێنە گرتنەوەی هەیە. لە ئاڤێستادا، وێنەی ئەم دەنگە وەک (گوفرە= gufra, gofra) کە بەواتای قووڵ دێ. ئەم جۆرە کورتە بزوێنە، چە لە لاتینیدا و چە لە کوردیی ئەمڕۆدا، زۆر نین و لە ڕێنووسیشدا ئەم (دوو پیتە)، (O, U) جێگای یەکتریی بۆ بەدەستەوەدانی ئەم دەنگە، دەگرنەوە.

𐬋 = [´o]: پیت بۆ بەدەستەوەدانی ئەم دەنگە هەیە و وشەی کوردیش کە ئەم جۆرە دەنگە بەدەستەوە بدەن، زۆرن.

لە ئاڤێستادا، بۆ وێنە وەک، وشەی (درۆگ=dro´g)، کە بەواتای (درۆ) دێ یاخود هەروەک ئەم وشەیە (ڤەسۆ=´vaso)، کە بەواتای (بەئارەزوو، دڵخواز) یان (وازۆ)یان (بەسۆ) دێ.

## وێنەی هەندێ (دوولۆ)

ئەو بزوێنانەی، کە توانای ئەوەیان هەیە پێکەوە نیـمـچەبزوێن دروست بکەن، ژمـارەیان دەگاتە (نۆ) ژمارەیەک و بێگومان ئەم ژمارە (نۆیە) بەهەریەکەیان دوو وێنە پیت دەبات و پێکەوە هەر دوو لایان دوو لۆیەکـە دروست دەکەن و ئاوازەی دوو لۆیی، دەخەنە بەرگوێ. ئەوەی ، کە لێرەدا، دەبێ پشـتگوێ نەخـرێ، یان بخـرێتـە بەرچاو ئەوەیە، کـە بزوێنێکی (دوو لۆ) هەیە، کـە پیـتـێکی تایبـەتی دەنگەکـەی ئاوازەکـەی دەزرینگێـتـەوە و ئەویش ئەمەیە!

= [a´u]: ئاوازی ئەم دوو لۆیە (ئاو)ە، یان (ــ آو)ە و لە ئاڤێـسـتـادا، وێنەی ئەم وشـەیە وەک (ئاونگهـەن= a´wnghan) کـە بەواتای (دەم، زار) دێ. یان وشـەی (ئاونگهەرەنە = a´wngharana) کە بەواتای (کۆتایی) دێ، یان (یەکێ تر، یەکـێکی دیکە)دێ.

لە کوردیی ئەمڕۆدا، وێنەی زۆرە و بۆ وێنە وەک (گاو، خاو، باو، ڕاو).

= [an]: ئەم وێنەیە، ئەگەر لە ڕووی ئاوازەکەیەوە لێکی بدەینەوە، تێ دەگەین، کە پێکهاتووە، لە دوو دەنگ، هەروەک لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، بەرچاو بەر گوێ دەکەوێ. وشـەی ئاڤێـسـتـایی بۆ بەدەسـتـەوەدانی ئەم جـۆرە دەنگە، هەروەک لەم وشـەیەدا، خـۆی بەدەستەوە دەدات (ئەنتەرە = anghtara) کە بەواتای (لەناو، لەنێوان، لەمیان)دێ.

بەشـێــوەیەکی ســاکــار ئەم دەنگە تێکەڵاوە، بەهـۆی خـســتـنەکـاری بڕنـاخ و لووت و تێکەڵگردنی پتر لە دەنگێک، یان جۆرە ئاوازەیەکی تایبـەتی هەیە،کە ئەمـڕۆ لە زمـانی کوردیی ناو سلێمانیدا و مەگەر لەلای پیرەکان بەر گوێ دەکەوێ، چونکە ئەم جۆرە دەنگە مـینگنە لە وشـەی (منناڵ) (شـەبەنگە بەرۆژ)دا، دەست دەکەوێ و با خوێنەری بەرێزیش ئاگـاداری ئەوە بێ، کـە ئەم دەنگە ئەوەنییـە کـە لە وشـەی (هەنگ) و (زەنگ)دا دەست دەکەوێ.



## هەندێ نیمچە بزوێن

= [y]،[یـ]: ئەم جۆرە دەنگانە، ئەگەر لە سەرەتای بڕگـەی واتا دارەوە هاتن، یان هات ئەو کـاتە دەورێ وەردەگرێ (دەوری ئاوازەیی و سـازبوونی) کە پێی دەوترێ نیـمچە بزوێن، یان نیمچە ئاوازەدار، کە هەر دوو زاراوەکە یەک واتا بەدەستەوە دەدات و ئەویش واتای (نەبزوێنی تەواو نە ئاوازە داری تەواو)دێ.

بۆ وێنە، لە ئاڤێـسـتـادا وەک وشـەی (یەسنە=yasna) کـە بەواتای(وێرد، دۆعـا، پەرستن، قوربانی ، جەژن) دێ

=[y]،[یـ]: ئەم جۆرە دەنگەو دەنگی پێشووی بەلای ئێـمەوە وەها دەردەکەوێ کە هەردووکـیـان وەک یەکن و چە لە ڕووی ڕووالەتەوە و چە لە ڕووی (ئاوازە)ی ئێـسـتـایەوە کە ئێمە (گۆ)ی دەکەین، بەڵام گومانی تیادانییە، کە ئەم دەنگە لەوەی پێشووی جیاوازتر (گـۆ) کـراوە، بۆیە هەریەکـەیان جـۆرە وێنەیەکی تایبـەتیی بۆ دانراوە. بەهەر حاڵ، ئێـمـە ئەمانەمان ، هەر بۆ ئاگاداریی، لێرەدا پیشانمان دان.

=[v]، [و]، [ڤ]: ئەم دەنـگە، بەهەر دوو ڕووالەتەکـەیەوە، لە کـوردیی ئەمـڕۆدا هەن ئەویش کە دەبێ بووترێ، کە کانگای ئەم دووانە بەتەنیشت یەکترەوەن و ئاوازەشیان، زوربەی کات جێگەی یەکتریی دەگرن.

وشەی ئاڤێستایی وەک وێنە، بۆ ئەم دەنگە وەک (ڤەفرە = vafra) کە بەواتای (بەفر، وەفر، وەروە) دێ. یان وەک (ڤەرێز= وەرێز = varez) کە بەواتای (ڕەتاندن، وەرزاندن) دێ.

=[v]،[w]: ئەم دەنگە لە کــوردییــدا هەیە و پیــتی (و، ڤ) بۆ دەنگدانەوەی بەکـاردێت و وشـەی ئاڤـێـسـتـایی، کـە ئەم دەنگـەی تیـادابێ، وەک (یەڤە= yava) کـە بەواتای (جۆ) یان (دانەوێڵە)دێ.

# هەندێ دەنگی ئاوازەدار (کۆسۆنانت)

𐬐 = [k]: ئەمە یەکێکە لەو دەنگە ئاوازە دارانە، کە لە ئاڤێستادا و لە کوردیی ئەمڕۆیشدا (ک) بەزۆری دەوری هەیە. وێنەی ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا وەک (کامە=ka´ma) کە بەواتای (کام، ئاوات، ئامانج) دێ.

𐬔= [g]: دەنگی (گ) هەروەک لە ئاڤێستادا زۆرە و لە کوردیشدا هەر زۆرە و وێنەی ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا وەک (گەم = gam) کە بەواتای (ڕۆیشتن)، (هەنگاونان) دێ.

𐬑=[x]: ئەم دەنگە لە هەردووکیاندا بەزۆریی هەیە و ئەمە لە ڕێنووسی کوردیی ئەمڕۆدا بەڕێنووسی ئەلف وبێی عارەبی بەشێوەی (خ)دەنووسرێ و وێنەی لە وشەی ئاڤێستاییدا، وەک (خرەتو =xratu) کە بەواتای (عەقڵ، هۆش، ئاوەز) دێ.

𐬖 =[gh]: ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا هەیە و بەڵام لە کوردیی ئەمڕۆدا، جگە لە هەندێ وشەی عەرەبی ڕەسەن، وشەی کوردیی لەم دەنگەی تیادابێ زۆر زۆر کەمن و بەهەرحاڵ وشەی ئاڤێستاییی کە ئەم دەنگەی تیادابێ وەک (غەژەر= ghz`ar) کە بەواتای (شێت، لێوە) دێ و لە کوردیی ئەمڕۆیشدا، وشەی (غار) و (غەرغەرە) مان هەن.

𐬗 =[c´]: ئەم دەنگە دەکاتە [چ] لە کوردیی ئەمڕۆدا و لە هەردوولادا (ئاڤێستاش، کوردیش) ئەم دەنگە بەزۆریی هەیە و وێنەشی لە ئاڤێستادا وەک (چیترە= c`ithra)، کە بەواتای (چارە، دەم و چاو، شانس، بەخت) دێ.

𐬘 =[j]: ئەم دەنگە لە کوردییدا (ج)یەو لە ئاڤێستادا ولە کوردیی ئەمڕۆیشدا هەیە و لە ئاڤێستادا، وێنەمان وەک (جیجیشە = ji`jis`a) کە بەواتای چێشتی (خورشت، خۆشاو) دێ.

𐬙 = [t]: ئەم دەنگە لە هەردوولادا، بەزۆریی هەیە و وێنەی لە ئاڤێستادا، وەک لە وشەی (تەنورە= tanura) دایە و کە بەواتای (تەنوور) دێ.

𐬛 =[d]: ئەم دەنگە لە هەردوولادا زۆرە و وێنەی لە ئاڤێستادا، وەک (دوورە=du`ra) کە بەواتای (دوور) دێ.

𐬚 =[th]: ئەم دەنگە لە کوردیی ئەمڕۆدا، نییە، جگە لە شێوەی هەورامانی و بەڵام لە ئاڤێستادا بەزۆریی بەکارهاتووە و وێنەی وشە بۆ ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا، وەک (پوثرە=puthra) کە بەواتای (کوڕ، پور) دێ.



شایانی باسە، لە کوردیی ئەمڕۆدا، ئەم دەنگە وێنە پیتی نییە و بەڵام وێنەکەی (ث) یە لە عارەبییدا.

𐬜 =[th]: ئەم دەنگەش وەک [ذ]یە لە زمانی عەرەبییدا و لە کوردیی ئەمڕۆدا، وشەی وەهامان نییە کە جۆرە دەنگی وەهای تیادا بێ و ئەگەریش وشەیەکی عارەبیی هاتبێتە ناو کوردییەوە و دەنگی وەهای تیادا بێ، دەنگەکە (وێنەکەی) بەرەو (ز) گۆراوە.

لە ئاڤێستادا، ئەم دەنگە زۆرە و وێنەشمان، وەک (بەوزە = baotha) کە بەواتای (بۆن) یان (بۆزەن) دێ.

𐬝 =[t]: دیسان ئەمەش دەنگێکی دیکەی (ت)ییە و واتە دوو شێوە پیت، لە ئاڤێستادا، بۆ یەک دەنگ هاتووە (ئەمڕۆ لە کوردییدا، یەک جۆرمان هەیە) بەڵام زۆر بەدڵنیاییەوە، لە ئاڤێستادا، ئاوازەکەیان جیاواز بووە، بۆیە بەدوو شێوە پیت بەرچاو دەکەوێ. وێنەی ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا، وەک (بەرەت = barat) کە بەواتای (دەڕوات)، (ئەو دەمرێ) دێ.

ئەوەی کە دەبێ بوترێ ئەوەیە، کە ئەم دوو دەنگە هەروەک لە شێوەی پیتە کانیاندا هەریەکەیان بەجۆرێ نووسراوە؛ بۆیە وایە، چونکە هەریەکە جۆرە ئاوازەیەکی هەبووە و بەڵام بەداخەوە، بەشێوەیەکی تەواویی سەری لێ دەرناکەین، کامیان چۆنە و ئەودیکەیان چۆنە؟؟

𐬞 =[p]: ئەم دەنگە لە هەردوو لایاندا زۆرە، لە ئاڤێستادا، وەک وشەی (پەرەتو= paratu)یە، کە بەواتای (پرد) دێ.

𐬠=[ب]: بێگومان لە هەردوو لایاندا زۆرە، لە ئاڤێستادا، وەک وشەی (بەر= bar) کە بەواتای (بردن) دێ.

𐬟 =[f]: ئەم دەنگە (ف) لە هەردوو لادا هەیە و بەکاردێ و لە ئاڤێستادا وێنەی ئەم دەنگە وەک (فرەیشتە= frae`s`ta) کە بەواتای (نیردرواو، پەریی، شانس) دێ.

𐬬=[w]: ئەمە هەروەک لە لایەکی دیکەوە وتمان نیمچە بزوێنە، ئەگەر لە سەرەتای برگەی واتادارەوە هات. ئەم جۆرە لە هەردوو لادا هەیە و وێنەی لە ئاڤێستادا، وەک (ئەورە = awra) کە بەواتای (هەور) دێ.

𐬢 =[ng]: ئەم دەنگە دوو لانەی ئاوازە دارە و وێنەی لە هەردوو لادا، زۆرە و وێنەی لە ئاوێستادا، وەک (ڤەنگهو = vanghu) کە بەواتای (بەه، چاک، باش) دێ.

=[ng] : ئەمیش وەک ئەوەی سەرەوە، دوو دەنگ تێکەڵاون بەیەکتریدا و تەنیا ئەوە هەیە؛ ئایا هەر هەمان دەنگیان هەیە؟! یان لەبەر جیاوازیی شێوەی نووسینی پیتیان، دەبێ لە زۆر ڕووەوە جیاوازییان هەبێ و ئەوجا ئەوە کامەیە، نازانرێ!!

وێنەی ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا، وەک (دەنگهو = danghu) کە بەواتای (دێهات، دێ) هاتووە.

=[n] : ئەم دەنگە لە کوردیی ئەمڕۆدا (ن) و وێنەی لە ئاڤێستادا، وەک لە وشەی (نامە= na`ma)دا هەیەو ئەم وشەیەش بەواتای (نام، ناو، ناڤ) دێ.

=[n] : ئەمیش هەر هەمان دەنگ هەروەک دەردەکەوێ، بەدەستەوە دەدات و بەڵام لە شێوەی وێنەی پیتدا، جیاوازن و ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە دەبێ لە بنەڕەتدا، ئاوازی دەنگدانەوەیان جیاواز بوو بێ!! بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ ئەمانە (ساغ) نەکراونەتەوە و ناکرێنەوە، چونکە زمانەکە مردووە!!

وێنە ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا، وەک ئەوەی کە لە وشەی (هەندامە= handa`ma) دا هەیە و ئەمیش بەواتای (هەندام) دێ.

=[m] : ئەمە دەنگێکی ئاساییە و لە هەردوو لادا هەیە و لە ئاڤێستادا، وەک ئەوەی کە لە وشەی (میەزدە myazda)دا هەیە، کە بەواتای (مەجلیسی خواردن) دێ و ئەمڕۆیش (مێز)ی پێ دەوترێ.

=[r] : ئەمە دەنگێکی ئاساییە و لە هەردوو زمانەکەدا هەیە و لە ئاڤێستادا وێنەی وەک لە وشەی (ڕەسمەن= rsman)دا هەیە و ئەمیش بەواتای (جەنگ، شەڕ، ڕەزم) دێ.

=[s] : ئەمیش لە هەردوو لادا ئاساییە و وێنەشی لە ئاڤێستادا، وەک ئەوەی کە لە وشەی (ستا= `sta)دا هەیە، کە بەواتای (وەستاندن)، یان (ڕاوەستان) دێ.

=[s´] : ئەم دەنگیشە هەر ئاساییە و لە هەردوو لایاندا هەیە و وێنەشی لە ئاڤێستادا، وەک ئەوەی کە لە وشەی (ڤەهیشتە = vahis`ta)دا هەیە، کە بەواتای (بەهەشت، چاکترین) هاتووە.

=[s´] : ئەمیش ئەگەرچی لە شێوەی ڕێنووسدا، لە وەی پێشەوەی جیاوازترە، هەروەهاش لە ڕووی ئاوازەی دەنگدانەوەیدا دەبێ جیاواز بووبێ!! لە وێنەی ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا وەک ئەوەی کە لە وشەی (شامە=s`a`ma)دا هەیە، کە بەواتای (شام، خۆراکی ئێوارە) دێ.



=[s´] : بەمەوە، ئەوا سێ جۆرە ڕێنووس هاتنە بەردەم و ئەم سێ جۆرە کە لە ڕێنووسدا هەن، ناتوانن ئەمڕۆ جیاوازییان، لە ڕووی ئاوازەی دەنگەوە بدەن بەدەستەوە و ئەویش هەر لەبەر ئەوەیە، کە ئەمڕۆ یەکێ نییە بەو زمانە بئاخەفێ.

بەهەر حاڵ، وێنەی ئەم دەنگە لە وشەی ئاڤێستاییدا، وەک (شیا=s`ya`) کە بەواتای (شادبوون) دێ.

=[z´] : ئەم دەنگە لە زمانی کوردییدا ئەمەیە (ژ) و بەزۆریش لە هەردوو زمانەکەدا یاریدەی وشە دروستکردن دەدەن و وێنە لە وشەی ئاڤێستاییدا، وەک (ژناتەر= z`na`tar) کە بەواتای (ناسراو، ناسیاو، شناسیا) دێ.

=[h] : ئەم دەنگیشە لە هەردوو لادا هەیە و وێنەی لە وشەی ئاڤێستاییدا، وەک (هونەرە = hunara) کە بەواتای (هونەر) دێ. شایانی باسە لە سەرەتای وشەوە دێ.

=[x] : ئەمە جۆرە ڕێنووسێکی ترە (هی دووەمە) کە بۆ دەنگی (خ) بەکارهاتووە و ئەوجا ئەگەر جیاوازیی لە نێوان ئاوازیانەوە هەبێ، ئەوە ئەمڕۆ، دیاریی ناکرێ.

وێنەی ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا، وەک (خیەونە = xyaona) کە ناوی هۆزێکی دێرینە.

=[x] : ئەمە ڕێنووسێکی دیکەیە بۆ دەنگی (خ) و ئەوجا، ئاوازە بنەڕەتیەکەی چۆنە و چە جیاوازییەک لە نێوان ئەم و ئەواندا هەیە! ئەمڕۆ لە وزەی دیارکردندا نییە!

وێنەی لەوشەی ئاڤێستاییدا، وەک(خڤەیتو=xvae`tu) کە بەواتای(خزم، خوێش) هاتووە.

**تێبینی:**

- زمانی ئاڤێستا ئەم دەنگانەی تێدا نییە: [ل،ڵ]، [ح]، [ق]، [ض، ظ، ط].

+ هەندێ دەنگ لە ئاڤێستا، پتر لە وێنەیەک پیتی بۆ دانراوە و ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە هەر یەکە لەو وێنانە دەنگێکی تایبەتی بووە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو جیاوازیە دەرناکەوێ!! ئەمەش هەر یەکە لە جێگای خۆیدا دەستنیشان کراوە.
+ ساغکردنەوەی زمانی ئاڤێستا هێشتا بەتەواویی تەواو لێک نەدراوەتەوە، زۆربەی کەرەسەی زمانەکە، هێشتا هەر ناڕۆشنە و هۆی ئەمەش زۆر زۆرە و ئەم ماوەی ئێرە ڕێی ئەوە نادات، کە یەکە یەکە باس بکرێن.
+ زمانی ئاڤێستا ئەم دەنگانە [ذ]، [ث] هەن، بەڵام لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، نەماون و لەگەڵ ئەمەشدا هەریەکەیان بەرە و نزیکترین دەنگ لە کانگاوە چووە، واتە؛ دەنگی[ذ] بووە بە[ز] و [ش] بووە بە[س].

## مێژووی جوگرافیایی

## یان جوگرافیای مێژوویی کوردستان و (زامیادیەشت)

لەناو یەشتەکانی ئاڤێستادا(کە بیست و یەک یەشتن)، زامیاد یەشت لە بەندی یەکەمەوە، تاوەکو کۆتایی حەوتەم تایبەتە بەجوگرافیاوە؛ کێو، شاخ، لووتکە، ملە، شانە، تیخە و ڕووبار و چەم و دەرەو جۆگە و زرێ و زەریاچە و زەریا و،......هتد. لە ڕووی زمانناسیی و جوگرافیایی مێژووییەوە، بەتەواویی لەگەڵ جوگرافیای کوردستاندا دەگونجێ و دەچەسپێ!

شایانی باسە، لە بابەت بەشی جوگرافیاییەوە، ڕۆژ هەڵاتناسە ڕۆژ ئاواییەکان، بەتایبەتی ئاڤێستا ناسانیان، زۆریان وتووە و زۆریان لەو ڕووەوە نوسیووە و لە کات و دەمی خۆیدا، ناویان بەپێی پێویست، دەهێنین.

ئاوێستاناسانی (پارس)یش، بەتایبەتی (د. ئیبراهیم پور داود) و شاگردەکانی، کە وەک (بەهرام فرەوەیشی، هاشم رەزیی و جەلیل دوستخواە)، لەم ڕووەوە، زۆریان نووسیوە و زۆریش لاساییان کردوەتەوە، کە وەک (جۆرە خستنە سەرێک) بۆ سەر بەرهەمەکانی (پور داود) ئەمیش لە کات و دەمی پێویستدا، ناویان دەهێنین.

ئاڤێستاناسانی کوردیش، بەتایبەتی بەرێز (عمادالدین دولتشاهی) کرماشانی، لەم بارەیەوە هەوڵ و تەقەلا و تێکۆشانێکی بێ پایانی کردووە و توانیویەتی لە بەشی (زامیاد یەشت)دا نارۆشنی زۆر، کە پور داود بەسەریدا زاڵ نەبووە، ڕۆشن بکاتەوە (تەماشای کوههای ناشناختەی غەربی ئێران، دەوڵەتشاهی بکە).

منیش ئالێرەدا، بۆ ئەوەی بیسەڵمێنم، کە ئەو بۆ چوونانە، لە بابەت لێکدانەوەی (زامیاد یەشت)ەوە (ئەوانەی پێشووی من کە بۆی چوون) زۆری ماوە، تاوەکو بگەنە ڕیزی بەرهەمێکی ڕاست و ڕەوان و بێ لایەن و بۆیە وا هەندێ ڕاستکردنەوە، بەپێی توانای خۆمان دەخەینە بەرچاو ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە بەپێی بەراوردکردنی سەر پاکی ئەو بۆچوونانە پێشووی من تا بگەمە ئەوەی کە ئێستە وا لێرەدا و لەم بەشانەدا، کە ئومێدەوارم بکەونە بەرچاوی خوێنەری بەرێز بەمەبەستی نرخ لێ نان!!



بەکورتی، ڕێرەوی پشکینەکەی من، بریتییە لە بەروبوومی ئەوەی کە من توانیومە ئەو بەرهەمانەی پێشووی من بخەمە بەرچاوی پشکنین وردەکاریی بێ لایەنەوە و لەم ڕووەشەوە، من خەریکە ڕێبازە پشکینەکەی ئەوان، بەهۆی بەڵگەی مەیدانییەوە، پان و پۆڕ بکەم تا بەرەو ئاوات و ئامانج ڕووبنێین.

پێش ئەوەی کە ئەم بەجێ بهێڵین، دەبێ دان بەوەدا، بنێن کە بەرێز (دەوڵەتشاهی) توانایەکی زمانی کوردیی زۆری هەبووە و بەهۆیەوە، لێکدانەوەکانی، یاریدەرێکی زۆر ڕەوایە، بۆ پشکێنەران و دەبێ ئەوەش بوترێ، کە کەمێ (لایەنداریی) پێوە دیارە، بەڵام لە زمانشناسی زانستییەوە، زۆر دوورە و ئەمەش بووەتە هۆی کەوتنە ناو هەڵەی ناشیانە و دیارکردنی هەڵەشەی زۆر گەورەوە ئەمەش وەک وێنە، لە کات و دەمی خۆیدا دەستنیشان دەکەین، وا لێرەشدا، وێنەی ئەو لاپەڕانە، کە دەمانەوێ دەمی باسیان بخەینە سەر، دەخەینە بەرچاو.

# ناوەڕۆک

## ناوەڕۆکی زامیاد یەشت

### پیشەکیەک:

پێش ئەوەی بڕۆینە ناوەڕۆکی (زامیاد یەشت)ەوە، دەبێ ئەوە بخەینە بەرچاو، کە ئەو ئەلف و بێییە کە بۆ نووسینەوە ئاڤێستا، بەکار هاتووە (لە دەمی ساسانیەکاندا)، نزیکەی چل و هەشت پیت، لەوەی (ئاڤێستای سۆکۆلۆف)دا هەیە و بەلآم لەمەی (پور داود) یەشتدا تەنها چل و چوار هەن و وەها دیارە هەندێ لەو پیتانەی پێویست نەبووە (بەپێیی بۆچوونی، پور داود). دەنگە بزوێنەکانی ناو ئەوەی سۆکۆلۆف دەگەنە (پانزە، بزوێن و دوولۆ)، بەلآم دەنگە بزوێنەکانی ناو یەشتەکانی (پور داود) کەمترن لەو ژمارەیە، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، هەر ئەوانەی پور داود بەلآم لە (گات)ەکاندا، دەگەنە (چواردە)!!

ئەم کەم و زۆریە، لە لایەک و نەبوونی هەندێکیان لە ڕێنووسی کوردیی ئەمڕۆدا و تەنانەت لە ڕێنووسی لاتینی-شدا و وێکچوونی هەندێ لەوانە لە ڕووی ڕووالەتەوە و جیاوازییان (جیاوازیی دەوریان)، لە ڕووی واتاوە، لە لایەکی دیکەوە، خۆی لە خۆیدا، کێشەیەکی زمانناسیی و واتازانیی بەرپا دەکات، لە ڕێگەی نووسەرەوە و پشکێنەر و وەرگێڕەردا. هەروەک وتمان، دەنگە ئاوازەدارەکانیش، کێشەیەکی گەورە بەرپادەکەن لە هەمان ڕێگەدا، چونکە هەندێکیان هەن، کە ڕووالەتی نووسینەوەیان لە یەکترییەوە نزیکەو ئەم جۆرە کێشەیەش، بەسەر نووسەرەوەی ئاڤێستادا، ناوبەناو دەڕوا، یان تێدەپەڕێ.

### ناوەڕۆک:

لە سەرەتای هەر یەشتێ لەو (بیست و یەک یەشتە) کە لەبەر دەستدا، جۆرە وێردێ هەن، کە لە سەرپاکیاندا، پات بووەنەتەوە، یان وەک جۆرە کلیلێکی دینیی دەرگای هەر یەشتێ بەوانە دەکرێتەوە، بەتەواویی وەک قورئانی پیرۆز؛ کە هەر ئایەتێ لە ئایەتەکانی



دەبێ بەناوی خوا (بسم الله الرحمن الرحیم) بکرێتەوە. ئەوجا ناوەڕۆک (زامیاد یەشت)یش، بەم وشانە (بەنووسین سیانن)- وەک کلیلی دەرگا، دەکرێتەوە!

+ (پەنەمەوە، یەزدەنەن، تا، ئەوە زایات)(*)

بەشێوەی لاتینی، ئاوازی ئەم وشانە بەم جۆرە دەگرێتەوە:

(panamew, yazdanan, ta, awaza`ya`t)

واتای ئەم وشانە بەم جۆرە دەگەرێتەوە:

« پەنام بەیەزدانێکە کە تۆی (زایاندووە، هێناوەتە ناوەوە، دروستیکردووە).

ئەم چەند وشەیەی سەرەوە، بەم جۆرەش (بەئەلف وبێی لاتینی) دەخوێنرێتەوە:

«panamu yazdanan ta awaza´ya´t»

پاشی ئەم دوو جۆرە خوێندنەوە، ئەوەندە ئالۆزی نەکردووە (لە ڕووی لێکدانەوەی واتاوە) چونکە جۆری بەکارهێنانی جۆری بزوێن، ئالێرەدا، کاری دایە لێکت (زار) دەکات.

ئەمە یەکەم ڕستەی ئەو پێشەکییەیە بوو.

---

(*) لێرەدا دەوڵەتشاهی، وەهای بۆ ڕۆیشتووە، کە کلیلی دەرگا خستنە سەرپشت بۆ چوونە ناوەوەی ناوەڕۆکی (زامیاد یەشت)، بەنووسینێکی زۆر ورد نووسراوە و (بەپێی بۆ چوونی دەوڵەتشاهیی) بۆیە، پور داود، بەو جۆرەی نووسیوە چونکە باوەڕی وەهایە، کە زمانەکەیان زمانی پالەوییەو هەروەها بەپێی بۆ چوونی خۆی- (دەوڵەتشاهی)، وای بۆ دەچێ کە زمانەکەیان کوردیی تەواوە.
(دەوڵەتشاهیی، (کوههای ناشناختە عزب ایران، ل- ٢١)
بەپێی بۆ چوونی منیش، وا دەزانم، کە ئاڤێستا سەرپاکی لە زمانی کوردییەوە نزیکترە تا هەر زمانێکی دیکەی ئێرانی و ئاریانی و هیند و ئێرانی! لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە زمانی (بەشە وردە نووسراوەکە) ئەو دەمەی پیاوە دینیەکانی ئەو دەمەیە (هـ.).

## وێردی یەکەم

ڕستەی  دووەم بەم جۆرە دەگرێتەوە

ZAMAYAT

ئاوازی ئەم وشـەیە (زەمـیـات) کـە بەواتـای (زەمین، زەویی، بووم) هاتووە. وشـەی (زەمیات)یش لە دۆخی کۆکردنەوە دایە و مەبەستی زەویی جۆراو جۆرە، کە وەک (کەژ و کێو و ئاو و ناوچە و دێهات)، ئەمەش، لەوانەیە واتای جوگرافیا بدات!!

شایانی باسکردنە، ئا لەم وشەیەدا و لە ناوەڕاستیدا (سەرەتای بڕگەی دووەم) دەوری پشێویی لە دەم نووسینەوەدا، بەرپا دەکات و بەم جۆرە:

+ ئەگەر (⊠) بەم جۆرە بنووسرێ، پیتی (ڤ= و) مان نووسیوە.

+ ئەگەر (دد) بەم جۆرە بنووسرێ، پیتی (  =ی) مان نووسیوە.

ئەگەر وەک وێنەی یەکەم بنووسرێ (زەموات) بەدەستەوە دەدات، بەڵام ئەگەر وەک وێنەی دووەم بنووسرێ ئەوە (زەمیات) بەدەستەوە دەدات. بێگومان، هەریەکەیان جۆرە واتایەک بەدەستەوە دەدات! ئەوجا بەهۆی ئەم جۆرە کێشانەوە، کە لەبەردەمی قەڵەمی پشکێنەردا ڕادەوەستن، پێویستە ئەو کاتە پشکێنەر پەنابەر ڕێککەوتن واتای گشتیی بەرێ (واتای گونجاو لەگەڵ ڕستەکەدا)!

واتەی ئەم جۆرە بەم جۆرە دەگرێتەوە:

+ (زەم= ZAM):

ئەم وشەیە (سەرەیە) ناوەو بەواتای (زەمین، زەویی، خاک، بووم) دێ. بەشی دووەمی وشەکە (وات= ڤات= واچ= VA`T) بەواتای (گوتن، وتن،واچە، واتە، ڤاچە ،......) دێ، هەروەها (یات)یش بەواتای (یەژێ) دێ.

دوو پارچەی وشەکە، واتایان بەم جۆرە دەگرێتەوە (زەمین یەژێ):



YAZAT

ئاوازی ئەم وشـەیە دەکـاتە (یەزەت= YAZAT) و دەشکرێ بەدوو بەشـەوە و بەشی یەکـەمی (یەز)ە و کـە بەواتای (پەرستن، دۆعـا، وێرد) دێ و هەمـوویشی (سـەرپاکی وشەکە) هەر بەواتای پەرستن وەک چاوگ دێ.

وشەی (یەزنە) کە بەواتای (جەژن، قوربانی، پارانەوە، ......) دێ هەر لە هەمان قەدو ڕیشەو هاتووە.

بۆ وێنە، لە گاتەکاندا هاتووە و دەڵێ:

ka mám stavát ka yazaite

– کێ من دەپەرستێ (ستایش دەکات)؟

واتە: کێ قوربانیم بۆ دەدات؟

واتە: کێ نوێژم بۆ دەکات؟

BE` :

ئاوازی ئەم وشەیە (بێ)یە. بۆ بەدەستەوەدانی چەند واتایەک، خۆی ئامادەکردووە و لەوانە: (بەبێ، بە، بەهۆی، بابێت، بابێ،......).

RASA`T

ئاوازی ئەم وشـەیە، (ڕەسـات)ە و بەواتای (بەخـێـوکـردن، پێگەیاندن، ڕواندن، سەوزکردن، پەروەردەکردن،......)دێ. بنەڕەتی ریشەکەی (ڕەستن= ڕستن)ە و حاڵی حازر لە کوردیدا بەکار دێت.

**ڕستەی دووەمیش تەواو و ڕستەی سێیەم دەست پێ دەکات.**

**AZ` :**

ئاوازی ئەم وشـەیە (ئەژ)ە وەک ڕاناوی کەسییە کەسی یەکەمی تاک، بەواتای (ئەز، من) دێ. ئەمڕۆ لە کوردیدا بەزۆریی بەکاردێ. بەتایبەتی لە زارەکانی زازایی و کرمانجیی و هەورامیدا.

HAMA´

ئاوازی ئەم وشەیە (هەما)یەو بەواتای (ئێمە، هەموو، هەمە)دێ.

GAUNA´H

ئاوازی ئەم وشەیە (گەونا ه)یە، کە بەواتای (جۆر، گۆن، وێنە، شێوە،...... هتد) دێ.
هەروەها لە کوردیی ئەمڕۆیشدا، وشەی (گۆن، گۆنە) وەک (جۆر) بەکاردێ.

TA`:

ئاوازی ئەم وشەیە (تا)یە و بەواتای (تا، تاکو، پاشان، لەپاشان، دوایی)دێ.
هەر هەمان وێنە، لە کوردیی ئەمڕۆیشدا، ئەم ئامرازی ئاوەڵکاری کاتە، بەکاردێ.

PA`

ئاوازی ئەم وشەیە (پا)یە و لە ڕووی واتاشەوە، ئەم واتایانە بەدەستەوە دەدات (پا، پێ، بن). ئەمە وەک ئامرازی سەرسوڕهێنەر بەکار هاتووە.

PATIT

ئاوازی (پەتیت)ە و بەواتای (پەچین، پەتەی، دروستکردن)دێ. لە کوردیی ئەمڕۆدا، ئەم وشەیە وەک خۆی بەکاردێ، بەتایبەتی لە دەوری نان دروستکردندا، یان نانکردندا (نانەپەت (ه) بەواتای، نانکەر (س)دێ). هەروەها بەواتای (بەخێوکەر)یش دێ.

HO`M

ئاوازەی ئەم وشەیە، (هۆم)ە و بەواتای (گیای هۆم)دێ و بەواتای (منم) (هەمم)دێ.

**ڕستەی سیەم و چوارەم، بەپێی ڕیزی وشە ئاوێستایەکان، بەم جۆرە ڕیز کراون:**

(زەمیات یەزەت بێ ڕەسات + ئەژ گەونەهـ تا پا پەتیت هۆم)
واتای ئەم دوو ڕستەیە بەم جۆرە واتا بەدەستەوە دەدەن:
(سوپاس بۆ خوا کە ئێمە و کێشوەرەکانی دروستکردووە.)



ئەوا پێشەکیەکەمان تەواوکردو ئەوەی بۆمان هەیە لەبارەیەوە بیێژین ئەمەیە:
زۆربەی وشەکان کوردیی ڕەنگ و کوردیی ڕیشەن و زۆر دوورن لە زمانی پارسیەوە، هەروەک پارسەکان و ئێرانیەکان، وەها پاگانتە دەکەن!
هەر بۆ وێنە، وشەی (پەتیت) لە کوردیی ناوچەی هەوراماندا، بەم جۆرە بەکاردێ:
+ (ئاژەنێ ئانش پەت) واتە: (ئەو ژنە نانی کرد).
وێنە بۆ (ڕەسات):
+ (ئەو پیاوە، درەختەکانی ڕسین). واتە: (درەختەکانی سەوزبوون).
+ (ئا، پیا، نەمامەکێش رسنێ (رستنێ). واتە: (نەمامەکانی ڕواندن، سەوزبوون)
یان (تۆمەکە گردش ڕسان). واتە: (تۆوەکە هەمووی سەوزبوو)
وشەکان، کە بەدوو دێڕ بەنووسینێکی زۆر ورد نووسراون (ل – ٣٥٧ زامیاد یەشت، پور داود) تەواو بوون.

XAHNAWTHRA

ئاوازی ئەم وشەیە (خشنەوثرە= خشنەوسرە=خشنەوترە)یە.
ئەم وشەیە، ناساکارە و پێکهاتووە، لەم بڕگانە: (خش + نەو+ ترە)، (خشن+ ئەو + ترە)، (خش + نەڤ + ثرە)، (خش + نەڤ + سرە)، (خشن + ەو + ثرە).
بۆمان هەیە، هەریەکێ لەم شێوە دابەشکردنی ئەم وشەیە، بەچەند جۆرێ لە ڕووی واتاوە لێکی (لێکیان) بدەینەوە، واتە بەم جۆرەی خوارەوە (بەشی یەکەم):
+ ئەو بەخشەش لەنجە دەکات.
+ لە هەڵپەڕکێدا ئەو خانمە خشپەی دێ.
+ ئەوا بەخشپەخشپ هاتە خوارەوە.
+ ئەو خۆشنوودە (خۆشحاڵە)، (سەرە حاڵە)، (کەیفخۆشە).
بەمەی سەرەوە وشەی (خش) و (خشن) مان لێک دایەوە.
بەشەکانی دیکەی بەم جۆرە، واتایان دێتە بەرچاوی بیر.
+ (نەڤ) یان (نەو)، بەواتای (ناو، نام، ناڤ)دێ.

+ (تره)، (ثره)، (سره) بەواتای (تر)ی تەرتیبی دێ و ئاوەڵناوە و لە پلەی ناوەندیی دایە وەک بڵێیت (خۆشنوودتر). یان (خشپەخشتەر= خشپەخشتر)، (پیادا هەڵدانە):



AHURAHI

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەهورە هی= ئەهورەی)یە. یان (ئەهڤرەیی). لە ڕووی بڕگە واتا دارەکانیەوە بەم جۆرە دەگرێتەوە (ئەهو + رە + هی)، یان (ئە + هورەهی) یان (ئە + هو + رەهی) یان (ئە + هڤ + رە + هی)......هتد.

ئەم وتەیە، لە هەندێ شێوە زاری کوردیی ئەمڕۆدا بەکاردێ و بۆ وێنە دەوترێ:

(ئا ، ئەورە هەی)، واتە: (ئا، لێرە، تۆ هەیت). لێرەدا مەبەستی ناوی خوایە کە هەمیشە حازرە و هەیە، لە هەر جێگایەک کە تۆ بڵێیت، یان بیری لێ بکەیتەوە. بەهەر حاڵ ئەم وشە بەشی یەکەمی ناوی خوایە، گوایا بەشەکەی دیکەی بەدوای ئەمەدا دێ.



MAZDA`W

ئاوازی ئەم وشەیە (مەزداو)ە.

لە ڕووی بڕگەی واتا دارەوە، دوو بڕگەیە و ئەوانیش (مەزد + أو) و لە ڕووی واتاشەوە، (مەزد) بە واتای (مەزن، گەورەترین، بوزرکترین، پایە بەرزترین)دێ. لە کوردیی ئەمڕۆدا، وشەی (مەزن و مەزنترین) بەکار دەهێنرێ.

بەشێوەیەکی گشتیی، بۆمان هەیە، کە ئەم سێ وشەیەی سەرەوە بەم جۆرە لێک بدەیتەوە: (بەخۆشی خوای مەزن).



TA`

ئاوازی ئەم وشەیە (تا)یە و (ئەم ئامرازی ئاوەڵکاری زەمانەمان) لە سەرەوە لێکدایەوە، لە ڕووی واتاوە، بەواتای (تۆ) یان (تاوەکو، تاکە، لە پاشا)دێ



FRASHO`TEMEM

ئاوازی ئەم وشەیە بەم جۆرە دەزرینگێتەوە (فرەشۆ تەمەم). لە ڕووی بڕگەوە بۆمان



هەیە، بەم جۆرە بۆی بڕۆین: (فرە + شۆ + تەمەم) یان (فرە + شۆ+ تە+ مەم). لە ڕووی واتاوە، بەم جۆرە بۆ لێکدانەوەی بڕگەکان دەڕۆین: (فرە) بەواتای (زۆر، فرە، فراوان)دێ. (شۆ) بەواتای (پێز، شەڤ، شەو، ئاسانیی، ڕاستی)دێ. (تە) بەواتای (تۆ) دێ. (مەم)یش بەواتای (من) دێ.

یان بەم جۆرەش: (فرە) بەواتای (فراوان) و (شۆ)ش بەواتای (نم، شێ، دەم، کات، هەمیشە)دێ. (تەمەم)یش بەواتای (تۆ، ئێوە)دێ.



STAUMI

ئاوازی ئەم وشەیە (ستەومی)یە. لە ڕووی بڕگەسازییەوە پێکهاتووە، لە دوو بڕگە و ئەوانیش (ستە + ومی)، (ستەو + می)ن. لە ڕووی واتاوە، بەواتای (ستایش) هاتووە، یان (ستایش کردن) و بەهەمووییانەوە (ستایشت دەکەم، سوپاست دەکەم، دەتپەرستم). ئەم وشەیە و لەگەڵ ئەوەی سەرەوە بەم جۆرە یەکدەگرنەوە (فرەشۆ تەمەم ستەومی) بەواتای (هەمیشە وێردت دەکەم، ستایشت دەکەم، نوێژت بۆ دەکەم)دێ.



ASHEM

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەشەم، پان ئەشێم). لە ڕووی بڕگەسازییەوە بەم جۆرە دەگرێتەوە: (ئەش + ەم)، (ئەشە +م). لە ڕووی واتاسازییەوە بەم جۆرە بۆی دەچین: (ئەشەم، بەواتای (ئێژم)دێ. هەروەها (ئەشە، یان ئەش) بەواتای (ڕاست و ڕەوان، ڕێک، ڕەوا)دێ.



FOHU´

ئاوازەکەی دەکاتە (فوهو). لە ڕووی بڕگەسازییەوە، لەوانەیە بەم جۆرە بگرێتەوە: (فو + هوو). لە ڕووی واتاسازییەوە دەبێ بە(ڤە=وە) + (ئەو=هەو)، بەهەردووکیانەوە دەبنە: (وە ئەو)، (ڤە ئەو)، (وە ئەڤ)، (وە هەو)، (وە هەڤ)، یان (ڤە هو) کە بەواتای (زۆر چاک، زۆر ڕەوا، زۆر دروست)دێ.

## وێردی دووەم



FRAWARA`NY

ئاوازی ئەم وشەیە (فرە وەرانتی = فرەڤەرانتی )یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەم جۆرە دەگرێتەوە (فرە + ڤەرا + نتی). بەشی (فرە) فرەجار ڕوونمان کردەوە کە بەواتای (زۆر، فرە، بێ شمار، بێ ژمار، فراوان)دێ. بەشی (ڤەرا) بەواتای (وەڕین، وتن، گوتن، بێژان، گەفین)دێ. پاشبەندەکەش بەدواییدا، بۆ زۆرترین دێ، واتە پلەی باڵای تەرتیبییە. وشەکە بەواتای (بێ شمار وێردت دەکەم)دێ، یان (وێردت دەکەین).



TA`

ئاوازی ئەم وشەیە (تا)یە، کە بەواتای (وەک ڕاناوی کەسی دووەمی تاک) تۆ دێ و لەلایەکی دیکەوە، بەواتای (لە پاشا، لە دواییدا، تاوەکو)دێ، شایانی باسە، وشەکە وەک ڕاناوی نەلکاو بۆ کەسی دووەمی دوانیش دێ!



FRASASTAYAYCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (فرەسەستەیەیچە).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، وشەکە پێکهاتووە لە: (فرە + سەس +تەیە + یچە)، یان (فرە + سەس + تە+ یەیچە)، یان (فرە + سە + ستەیە+ چە)،... هتد، لە ڕووی واتاسازییەوە بۆمان هەیە، بەم جۆرە لێکی بدەینەوە:

+ (فرە)، هەروەک وتمان بەواتای (زۆر، فرە، فراوان، بێشمار)دێ.

+ (ستەیە)، بەواتای (ستایش، وێرد، درود، سوپاس)دێ.

+ (چە) پاشبەندە، یان وەک ئامرازی پەیوەست.

واتای کشتیی وشەکە بەواتای ئەوە دێ: (ستایشکەرانت زۆرن، نوێژکەرانت زۆرن).





GARO`ISH

ئاوازی ئەم وشەیە (گەرۆیش)ە. لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە، بەم جۆرە، بەسەر بڕگاندا، دابەشی بکەین: (گەر + ۆیش)، یان (گەرۆ + یش). لە ڕووی واتاسازییەوە، بۆمان هەیە بەم جۆرە واتای بڕگەکان لێک بدەینەوە و واتە:

+ (گەر) بەواتای (شاخ، کێو، تیخە، ملە، کەژ، شانە،......هتد) دێ.

+ (ۆ) نیشانەی (ئاو+ شێ، ئاودار، زۆنگ) هەروەها نیشانەی (کۆ)یە .

+ وشەکە بەتێکڕایی بەواتای (شاخ و کێو و زەمین و زار)دێ.

پێش ئەوەی ئەم وشەیە بەجێ بهێڵین، دەبێ ئەوە بهێنینەوە یاد، کە وشەی (گارە) تا ئەمڕۆیش، لە زۆر جێگای دینییدا (شاخ و کێوی دینی) بەناوی (گارە)وە، ناویان پێوەیە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی هەورامان‌دا (پاوە و خانەگا، هەورامانی تەخت، ناوچەکانی سنە).



USHI-DARENAHI

ئاوازی ئەم وشە ناساکارە، بەم جۆرە دەگرێتەوە (ئوشی دەرێنەی). لە ڕووی بڕگەسازییەوە، دەتوانین بەم جۆرە، وشەکە بەسەر بڕگەدا، دابەش بکەین:

(ئوش + دەر + ینە)، یان (ئوشی + دەر+ ینە)، یان (ئوش + ی +دەری + نە). بەهەرحاڵ، لە ڕووی واتاسازییەوە، بۆمان هەیە بۆ واتان بڕۆین:

+ (ئوش) بەواتای (گوێ، هۆش، بیستن، گوێگرتن، ئاگاداریی)دێ. یان هەمووی بڕگەکە (ئوشی) بەواتای (ئاو، ئاویی)دێ.

+ (دەر) بەواتای (دەرە، چەم، کەندڕی ئاو، دۆڵی ئاودار)دێ.

+ (ینە) وەک پاشبەند، ناوونیشانی جۆری (چەم، دۆڵ)ە کە پیشان دەدات و گوایا ئەم (دۆڵە، کەندڕە) واتە بەهۆی ئاوەوە (زەویەکە هەڵدڕاوە، کەندڕکراوە، دۆڵەکە کەندڕکراوە) وشەکە بەهەمووییەوە، بەواتای ئەوە دێ، کە (چەم و دۆڵی ئاو دڕ) لەم ناوچە شاخاویانەدا. ئەم ناونیشانانە، سەر پاکی بەسەر شاخ و کێو و چەم دۆڵەکانی کوردستاندا دەچەسپێ، بەتایبەتی کورەکی ناوەڕاستی کوردستان (ناوچەکانی هەورامان).

ئەگەر هاتوو، بەشی (ئوشی)مان، بە(ئاسایش و هێمنی و ئارامی) لێک دایەوە، ئەو وەختە ئەو چەم و دۆڵە قووڵ و تەسکانە، ئەو کێو سەختانە هەمیشە جێگای (ئارامی و ئارامشن). کاتی هێرشی ئەسکەندەر بۆ سەر هەورامان، لەبەر بووونی چەم و دۆڵی زۆری پێچاوپێچ و سەر شێو نەر لە لایەک و جۆری بەرگریی خەڵکەکەی لە دەربەندە تەسکەکاندا، سەرنەکەوت و بەو جۆرە خەڵکەکەی توانیان، بە(ئارامی و ئارامشی) لەوێدا ژیان بەرنە سەر. بەپێی بۆ چوونی ئێمە، ئەم وشە ناساکارە وەها بەرچاو دەکەوێ، کە هەمان جێگا بێ کە لە کات و دەمی خۆیدا، زەردەشت، چووە سەر پۆپەی شاخێکی زۆر بەرز و ئا لەوێوە ئەهورەمەزدە، پەیامی (پەیخامبەریی و وریاکردنەوە و هۆشمەندیی) بەزەرەدەشت بەخشیی و لەبەر پیرۆزیی ئەو شاخە و ئەو جێگایە، ئەو شوێنە، بە(ئوشیدەرەنە) ناونرا، دەمینێتەوە سەر دیاریکردنی جێگای! بەلای منەوە، دەبێ لە وڵاتی کەیانیەکاندا یان لە نێوان ڕووباری (ئەڵوەند و سیروان)دا، بۆی بگەڕێین و ئەگەر هاتوو ناوی بنەڕەتی شاخەکەمان زانیی کە (هوکە یریە)یە. (٣-أ)

**تێبینی**

ئەگەر ویستت لەم جۆرەوە و لەم ڕووەوە زۆرتر بزانی بڕوانە پەراوێزی (٣-أ)



MAZDATHA´TAHI

ئاوازی ئەم وشەیە بەم جۆرە دەگەڕێتەوە (مەزدە + زاتهەی) ، (مەزدە زاتەهی) لە ڕووی بڕگەسازییەوە، وشەکە بەسەر بڕگەدا دابەش بکەین: (مەزدە + زاتەی + هی). بەڵام لە ڕووی واتاسازییەوە وشەکە بەم جۆرە لێک دەدرێتەوە، (مەزدە) ناوی خوایە ناوی گەورەیە، ناوی بوزورگە، ناو بەناو ئەم بۆ ناوی (یەزدانی مەزن) بەکاردێ و ناو بەناویش بەهەر دوو بەشەکەیەوە (ئەهور و مەزدا). بەشی (زاتەهی) بەواتای (زایندە)، (داهێنەر)، (دروستکەر)دێ.

سەر پاکی وشەکە، بەواتای (خوای مەزنی دروستکەر، داهێنەر)دێ.





ASHA-XA´THRAHI

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەشەخاثرەهی)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا دابەشی بکەین و بەم جۆرە: (ئەشە + خاثرە + هی).

لە ڕووی واتاسازییەوە، بەم جۆرە دەگەرێتەوە: (ئەشە) بەواتای (چاک، ڕەوا، باش، ڕاست)دێ و شێوەیەکی سەر سوڕهێنە بە بەرگی وشەکەدا کراوە و وەک بڵێیت (ماشاألله!). بڕگەی (خاثرە)ش، بەواتای (مەڵبەندی حەسانەوە)، (پشووگرتنی ڕەوا)، (خەوتنی بێ ترس)، (جێگا ئارام گرتن)دێ.

واتای گشتیی وشەکە هەمووی بەواتای (ماشاألله لەم جێگای ئارامشە!)دێ.



KA´WA-WIHICHA

ئاوازی ئەم وشەیە بەم جۆرەیە: (کاوە ویچە)، (کاوە ڤیچە)

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە، بەم جۆرە وشەکە بەسەر بڕگەدا، دابەش بکەین: (کاوە)، کە ئەمە قەدێکە لە شەیەکی سەرەکیدا ورەسەندا، بەمەبەستی بنەڕەتی کەریانیەکانە، ئەگەر هاتوو زانیمان سەرانسەری ئاڤێستا بەتایبەتی (یەسنا- گاتەکان) ڕێزێکی زۆر لەناو هێنانی شایانی کەیانی دەگرێت و زۆریان بەپیرۆز دەزانێ و پتر لەوەش، وڵاتی (ئاریان واچ)، بەوڵاتی کەیانیەکانیش سەر ژمێر کراوە. بڕگەی دووەم؛ (ویچە= ڤیچە)، بەواتای (زمان)دێ لە ڕووی زمانەوە، لە ڕووی مێژووی جوگرافیایشەوە، بەواتای (وڵات)دێ و ئەگەر هاتوو ئەوەمان لە بیر نەچوو کە ئەمە بەشی دووەمی وشەکەیە و بۆبە پێکەوە و هەردووکیانەوە، واتای (وڵاتی کەیانیان) دەدات!



XARENANGHO

ئاوازی ئەم وشەیە، بەم جۆرە دەگرێتەوە (خەرێ نگهۆ).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە بەم جۆرە دەگرێتەوە (خەرێ + نەنگهۆ)، یان (خەرێ + نەنگ

+ هۆ). لە ڕووی واتا سازییەوە، بۆمان هەیە، بۆی بڕۆین: (خەر) بەواتای (خارن، خۆراک، خواردەمەنی) دێ و بەشەکەی دیکەی وشەکە بڕگەی (ئەنگهۆ) ئاوەڵناوێکە کە واتای (هەنگوین) دەگرێتەوە. واتای وشەکە، وەک وشەیەک، بەواتای (خواردن، یان خۆراکی هەنگوین)دێ و لەم وشەیەش مەبەست واتای دینییە!! واتای واتاییە (وەک بلێیت، خۆراکی خواپەرستن، چلەخانە،......).



MAZDATHA´TAHI

ئاوازی ئەم وشەیە، بەم جۆرە دەگرێتەوە، (مەزدە ذاتەهی)، (مەزدە زاتەهی).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەم جۆرە دەگرێتەوە (مەزدە + زاتە + هی)، یان (مەزدە + زاتەهی).

لە ڕووی واتاسازییەوە، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

+ (مەزدە)، هەروەک لە سەرەوە وتمان، بەواتای (مەزدا) هاتووە و ئەمەیش سیفەتێکی یەزدانە، کە بەواتای (مەزن) و (بو زورگ) و (گەورە) و (پایە بەرز)دێ.

+ (زاتەهی) بەواتای (دروستکردن، خالق کردن، خولقاندن، زایندن، داهێنەر،...هتد).

وشەکە سەرپاکی دەبێ بە(خوای مەزنی خولقێنەر)دێ.



AXARETAHI´CHA

ئاوازی ئەم وشەیە، دەکاتە (ئەخرێتە هیچە)، لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە، بەم جۆرە بڕگەی لێ جوێ بکەینەوە: (ئەخە + رێتەهـ + چە)، یان (ئە +خە +رێت + هی + چە)، یان (ئە + خە + رێتە + هیچە).

لە ڕووی واتاوە، ئێمە بەم جۆرە بۆی دەڕۆین:

+ (ئەخە) بەواتای (خراپ، شەڕ، نادروست، ناڕەوا)دێ.

+ (ڕێتەی) بەواتای (ڕاست، ڕەوا، دروست)دێ.

+ (هیچە= هەچە) بەواتای (سەر بەپێشووی) شوێنکەوتوو، گوێڕایەڵ)دێ.

وشەکە بەتەواویی، وەک بلێیت بەواتای (خراپ و پاشان باش)، یان (خراپ و بەدوایدا باش).



بەشێوەیەکی گشتیی واتای ئەم وشەیە، ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ، کە کۆمەڵگای لەوەوپێش پێش بلاو بوونەوەی دینی زەردەشتیی، نارێک و پێک و هەژار بووە و وا بەدوای ئەودا، بەهۆی بلاو بوونەوەی دینی زەردەشتییەوە، خەڵک هەنگاو بەرەو ژیانێکی باشتر و ڕەوانتر و ڕەواتر دەینێن!



XARENANGHO

ئاوازی ئەم وشەیە، بەم جۆرە دەگرێتەوە (خەرێنەنگهۆ).

لە ڕووی بڕگەوە بەم جۆرە بەرچاو دەکەوێ (خەرێنە + ئەنگهۆ). لە ڕووی واتاوە، من بەم جۆرە بۆی دەڕۆم (خەرین) بەواتای (خارن، خۆراک، خواردن، وارده)دێ. (ئەنگهۆ) بەواتای (هەنگوین، بەهەشتیی، ئاسوودە و چاک،...... هتد)دێ.

شایانی باسە، ئەم جۆرە پەیماندانێکە بۆ هێنانە بەرەوەی (ژیانی باش و ئاسوودە) بۆ زەردەشتیان.

ئەمەش ئەوە دەخاتە بەرچاو، کە ئەو کاتە (دین) بۆیە هێنراوەتە کارە و لەبەر پەرژندەیی ئابووری ژیان و وائێستەش ڕامیاریی لەم ڕێگەیەدا کار دەکات!



MAZDATHA´TAHI

ئاوازی ئەم وشەیە، (مەزدە ذاتەهی)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە بەم جۆرە (مەزدە + ذاتە + هی)یە، بەڵام لە ڕووی واتاوە، بۆمان دەلوێ، کە بەم جۆرە بۆ لێکدانەوەیان (بڕگەکان) بڕۆین:

(مەزدە) بەواتای سیفەتێ لە سیفەتەکانی (خوای مەزن) دێ. بەشەی دیکە (زات) بە واتای (دەهندە)، یان (پێدەر) یان (زادەی دەستی خوا)، یان (بەخشێنەر)دێ. ئەمە واتەی (زەردەشت) خۆبەتی، کە موژدە بەو خەڵکە دەدات، کە (مەزدا)؛ ژیانێکی باش بەو خەڵکە، کە بوون بەزەردەشتی دەبەخشێ.



XSHNAOTHRA

ئەم وشەیە ئاوازی بەم جۆرەیە (خشنەوثرە). لە ڕووی بڕگەسازییەوە، ئەم وشەیە، بەم جۆرە بەرچاو دەکەوێ (خشنەو + ثرە). لە ڕووی واتاوە، بەشی یەکەم کە (خشنەو)ە، بەواتای (فەرمان)، (حوکم)دێ. بەشی دووەمیشی پاشبەندێکە، کە ناوەکە، وەک (ناوی کارا) دروست دەکات و دەبێت بە (فەرماندار، حاکم، دادوەر، میر، سەردار)دێ.

هەندێ؛ ئەم وشەیان وەها لێکداوەتەوە، کە بەواتای (چەند خۆشە ناوتان)دێ.

(دەوڵەتشاهی، ل-٢٩)- کۆهھای شناختەی غرب ایران.

دوا بەدوای ئەم وشەیە، چوار پیت، هەریەکێ لەوانە بەخۆی بۆ خۆی هاتوون و ئەوانیش ئەمانەن:

Y

W

X

F

ئاڤێستانان هەریەکێ لەم پیتانە دەبەنەوە بۆ وشەیەک، یان بۆ فریزێک گوایا پێشەکێن بۆ نوێژ کردن.

(دەوڵەتشاهی، ل- ٢٩).



YATHA´

ئاوازەی ئەم وشەیە (یەثا= یەسا)یە. ئەمەوەک ڕاناوی ئاماژەیە بەواتای (ئەوان)دێ.



AHU´

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەهوو)یە. لە ڕووی واتاوە، بەواتای (دنیا، بوون)دێ.





**WAIRYO´**

ئاوازی ئەم وشەیە (وەیریۆ)، یان (ڤەیریۆ)یە. لە ڕووی واتاوە بەواتای (ئارەزوو) یان بە (وڵاتی ئێران) لە لایەن (پور داود)ەوە وەرگێڕدراوە. بەڵام لێرەدا پور داود (ئەم وشەیە و چەند وشەیەکی دیکە) هەر ئا لەم (زامیاد یەشت)ەدا، لەبەرچاوی وەرگێڕانی پشت گوێ خراون. لە لایەن دەوڵەتشاهیەوە ئەم وشەیە بەواتای، (هەروەها کە لێرەدا هەن) وەرگێڕدراوە، یان لێکیداوەتەوە. لە ناوەڕۆکیدا، باسی ئێرانی تیایە.



ZAOTA´

ئاوازی ئەم وشەیە (زەوتا)یە. لە ڕووی واتاوە، بەواتای (زەوتەر)دێ، کە ئەمیش پێشەوای دینییە، بۆ تەشریفات بەرێوەبردنی هەندێ هەڵس و کەوتی دینیی. ئەم وشەیە دەمانبا بۆ ئەوەی کە بڵێین، ئەم جۆرە تەشریفاتە دەگەرێتەوە بۆ ئێرانی (ئاریانی).



WI`THVA`U . TA

ئاوازی ئەم دوو وشەیە (تا. ویزڤاو)، یان (تا. ویزواو)ە. لە ڕووی واتاوە، دەوڵەتشاهی بە (لەم زەمینە)دا لێکیداوەتەوە. بەلای منەوە بەواتای (دەبینێ، تێدەگا، ئاگادارە) دێنە بەرچاوی بیرم.



MRAOTU`

ئاوازی ئەم وشەیە (مرە و توو)یە و لە ڕووی بڕگەوە دوو بڕگەیە (مرەو + توو)، لە ڕووی واتاوە (مرەو) بەواتای (فەرموودە، وتە، گۆتە)دێ و (ئو توو) بەواتای (چاک) و (باش)، (ڕەوا)، (چەور)دێ.

واتە؛ (فەرموودەیەکی شیرین)، (وتەیەکی ڕەوا)، (گۆتەیەکی دینی ڕاست).

ئەمەی پێشەوە وەک کلیلی دەرگا خستنە سەر پشت و ئەوجا وێردی یەکەم و وێردی دووەم، بەشێوەیەکی ستایشکردنی (ئەهورە مەزدا) دێنە بەرەوە.

## بەندی یەکەمی زامیاد یەشت

ئەمە هەنگاوی یەکەمە، بۆ ناسینی شاخ و کێو و چەم و دۆڵەکان، کە ناویان لێرەدا هاتووە.



PAUIRYO`

ئاوازی ئەم وشەیە (پۆیریۆ)، (پۆیریڤۆ)، (پەویریۆ)ە، (پەڤیر +یۆ)ە. لە ڕووی بڕگەسازییەوە، وشەکە بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا، دابەش دەکرێ: (پە + ڤیریۆ)، (پەویر + یۆ)، یان (پەۆ + ویر + یۆ)، یان (پۆوی + ریۆ).

لە ڕووی واتاسازییەوە، ئەم وشەیە هەنگاوی تێدایە (پێی)تێدایە. من وەها بۆی دەچم کە بریتی لە (پۆو) کە بەواتای (هەنگاو)دێ و (یۆ)ش بەواتای یەک دێ و بەهەردووکیانەوە، بەواتای (هەنگاوی یەکەم) دێ.

شایانی باسە، ئەم وشەیە، لە لایەن پور داود (یەشت، ح٢، ل-٣٤٣)ەوە بە (یەکەم) لێکدراوەتەوە، ڕاستە و ڕاست بۆ بیرەکە چووە. بەڵام دەوڵەتشاهی بەم جۆرە (پێ لەم ڕیەدا) وەری گێڕاوە، ئەمەش بەلای منەوە دوورە، لە واتای ڕاستەقینەی وشەکەوە!!



GAIRISH

ئاوازی ئەم وشەیە (گەیریش)ە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، وشەکە بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا، دابەش دەکرێ: (گەیر + یش)، یان (گەیر + ش).

لە ڕووی واتاسازییەوە، بۆمان هەیە کە بڵێین، بەشی یەکەم (گەیر) بەواتای (شاخ) هاتووە. بەشی دووەمی وەک پاشبەندێ، ئامرازێکە وەک ڕاناوێ بۆ کەسی سێیەمی تاک بەکار هاتووە، بەلاشمەوە وەهایە، کە بەمەبەستی کۆی (شاخ و کێو) هاتووە و دەگرێتەوە. ئەم وشەیە لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە بە (بگەرێم)ی وەرگێڕاوە.





HISHTAT0 - HNAM

ئاوازی ئەم وشەیە (ناساکارە و دوو بەشە)، (هنەم هیشتەت)ە. لە ڕووی واتاوە، بەواتای: (ئالێرەدا کە هەم، ئالەم زەمینەدا، کە هەم، ئالەم ناوچەنەدا کە هەم، ئالەم وڵاتەدا کە ،......هتد)دێ. هەروەک وتمان وشەکە لێکدراوە و بەشی یەکەمیان (هنەم) بەواتای (هەم)ی ئەمڕۆ دێ، یان بەواتای (لە ناوی ئێرەدا هەیە)، یان بەواتای (بوونی لێرەدا)دێ. بەشی دووەمی، بەواتای (هەستاوە، بەرز بووەتەوە، دیارە، دەرکەوتووە)دێ.

لێرەدا، مەبەست بوونی (ئەو شاخ و کێو و ناوچە)ی وڵاتی (ئاریانواچ)(٣ب)ە، کە - (پیایا هەڵدا، ناوونیشانی هەڵدا، یان سەر سورهێنەریی پیشان دەدات، دەربارەی ئەو دیمەنانەوە) - سەرنج ڕادەکێشێ بۆ ئەو وڵاتە!



SPITAMAZARA OUSHTRA

ئاوازی ئەم وشەیە (سپیتەمە زەرەثوشترە)یە.

(سپێتەمە) ناوی خانەوادەی زەرەدەشتە و لە فەرهەنگەکان بەم جۆرانە نووسراوە (ئسپتیمان، سپێتام)، لە گاتەکاندا بەشێوەی (سپێتام = SPITA`M) هاتووە، کە چی لێرەدا، لە (زامیاد یەشت)دا، کە حاڵی حازر ئێمە خەریکی بەشێکی بەشێوەی (سپێتەمە) هاتووە، وەها هاتووە کە (زەرەدەشت) لە خانەوادەی (فەرێدون) کوڕی (ئاپتین)ە. فەرێدون لە ئاڤێستادا، ناوی بە (ثرەیتەونە) هاتووە.



PAITI

ئاوازی ئەم وشەیە (پەیتی)یە، بەڵام ئاوازی ئەم وشەیە لە لایەن دەوڵەتشاهیەوە بەچەند جۆرێ هاتووە و ئەو جۆرانەش، بەپێی بۆ ڕۆیشتنی خۆیەتی، ئەگەر چی پیتی وشەکە، هەر هەمان (پیتن) و بەبێ زیاد و کەم. لە ڕووی لێکدانەوەی واتایشی بەچوار جۆر بۆی چووە، بەڵام من نەمتوانی لابدەم بەلایاندا، چونکە بەلای منەوە زانستیانە و زماناسیانە نەبوون. من بەم جۆرە بۆ لێکدانەوەی واتای ئەم وشەیە دەڕۆم، هەندێ وێنە لەم ڕووەوە:

١- لە ئاڤێستادا، ئەم فرەیزانەمان هەن و ئەوانیش:

+ (پەیتی بوومی) کە بەواتای (بەسەر زەویی).

+ (خشەیەتە پەتی بوومی: واتە: حاکم زەویی، خودای زەمین).

+ (پەتی ئەهیە زەمە: واتە: لەسەر ئەم زەمینە).

+ (پەتی دەهیەڤەی: واتە: لەم ناوچانە، لەم دێهاتانە).

ئەمەش وێنەیەکی دیکەی ناو ئاڤێستایە؛

+ (پەتی ئەڤە کرتیات واتە: با ئەوە بکات)

بەم پێـــیـــەی ســـەرەوە، ئەم وشـــەیە، وەک ئامـــرازێکی ئاوەڵـکار ڕەنگی زەمـــان، بەکارهێنراوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم وشەیە، بەواتای (باوک، گەورە، خاوەن کار) هاتووە. کە وا بوو بەپێی جۆری ڕستـە، واتای خۆی دەر دەخـات. ئا لێرەدا، ئەم وشـەیە پەیوەنـدە، یان بەندە بەوەی پێشووەوە.

## A`YA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئایە)یە. لە ڕووی واتاوە ئەم وشەیە بەواتای (یێ، دێ)دێ.

## ZEMA`

ئاوازی ئەم وشـەیە (زێمـا)یە، هەندێ نـوسخـەش بە (زەمـا) دەریان خسـتووە. ئا لێرەدا وشـەکـە نیشـانەی (مێ)ی وەرگرتـووە و ئەویش (ئا = `A)یە. لەم وێنانـە (نێـر و مێ) و نیشانـەیان لە ئاڤێسـتـادا هەن و هەرچی ناو هەن لە ئاڤێسـتـا، یان (نێـرە) یان (مێ)یە و هەروەک لە کوردیی ئەمڕۆشدا لە شێوەی (کرمانجی ژووروودا و لە شێوەی هەورامی)دا ئەو جـۆرە جـوێ کـردنەوە هەروەک خـۆی مـاوەتەوە، بەپێـچـەوانەی سـۆرانی (کـرمـانجی خواروووەوە)یەوە.

لە ئاڤێستادا، بۆ وێنە (دینا = ´DINA ) مان هەیە، کە لە ڕووی واتاییەوە (مێ)یە، هەروەها (ئەسـپا =`ASPA) کـە نیـشـانەی (مێ)یە پێـوەیە و بەواتـای (مـایین) دێ و (نێر)یشی (ئەسپە = ASPA)یە.

بەهەر حـاڵ، لێـرەدا، وشـەکـە (مێ)یە، چونکە بەشـێـوەی (کـۆ) هاتووە، ئەگـینا لە



ئاڤێستادا لە ڕووی واتاییەوە بە (نێر) دەژمێررێ. ئا لێرەدا دەبێ ئەوە بوترێ، کە هەرچی (ناوێ) لە )(هەورامی) و لە (ئاڤێستا)دا، ئەگەر (کۆ) کرایەوە، دەبێ نیشانەی (مێ)ی بخرێتە کۆتاییەوە. بەهەر حاڵ (زیم) بەواتای (زستان) و (زەم) بەواتای (زەمین) دێ. بۆ وێنە لە هەورامیدا دەوترێ:

+ (کور) تاکە. (کورێ) کۆیە و نیشانەی (کۆ) وهی (مێ) وەک یەکن.

+ (ژەن) تاکە و بەواتای (ژن)دێ. (ژەنێ) بەواتای (ژنی) زۆر دێ.

واتە: تیایدا – (نیشانەی (مێ) و نیشانەی (کۆی) – کۆ بووەتەوە.

## HARAITI

ئاوازی ئەم وشـــەیە (هـەرەیـتی)یە. پور داود، بۆ لێکدانەوەی ئەم وشـــەیە، وەهای بۆ چووە، کە زۆربەی کات (هەرا)ی پێ دەوترێ، ئەوجا، خۆی ڕەدی خۆی دەداتەوە و دەڵێ؛ هەمـیـشـە بە (هەرە بەرزایەتی) هاتووە. لە پاشـا وەهای بۆ دەچێ، کـە ئەمـە (هەرە) شـاخێکی (مینەویی = بەهەشتی، شـاخی مەعنەویی دینییـە) ئەو تۆیە کـە لە خـەیاڵی دینایە. ئەوجا دێتـە سەر ئەوەی کە بڵێ، ئەم ناوە وای لێ هات، کـە بە(البورز = البرز) ناوبانگی دەرکات.

لە پاشـا هاتووەتە سـەر ئەوەی، کـە بڵێ، لە یەشتـەکـاندا، وەها هاتـووە، کـە سـەرێکی پردی (جبتڤەت = سیرات) کەوتووەتە سەر لووتکەی (هەرە)وە.

شـایانی باسـە، پور داود، لە زۆر لای یەشتـەکانەوە، بەرهەمـەکانیـەوە، ئەم واتایانەی لە بارەی (هەرەیتی)وە، پاتـی کـردووەتەوە و لەمـەش مـەبەسـتی لە (هەرا) یان (هەرە) ئەوەیە، کـە ئەمـە (هەراتی) ئەفـغـانسـتـانە، یان (البـرز)ی پشـتی تارانە. ئەم جـۆرە لاینگرییە، نەختێ لە نرخی بەرهەمـەکانی پور داود کەم دەکاتەوە، بۆ وێنەی لارۆبوونی پور داود، بەشـێـوەیەکی دوور لە زانسـتـیـیـەوە، لە (ڤـەندیدات) – کـە لە ڕووی پیـرۆزیی و دێرینیـەوە، لەگەڵ گـاتەکـان چە جیـاوازییـەک بەرپا ناکات – دا هاتـووە و دەڵێ: لەم ناوە (هەرەیتی) مەبەستی (هەرە بەرز)ە وەک ئاوەڵناوە (فرگرد ١٩، فەقەرە ٣٠ ڤەندیدات).

شـایانی باسـە، ناوی (هەرەیـتی) لە ئاڤێـسـتـادا زۆر هاتـووە و وەهاش هاتووە، کـە لەم شاخە بەرزە، زنجیـرە شاخی زۆری لێ دەبێتـەوە و زۆربەی ئەو زنجیـرانە کە لێی دەبنەوە، ناویان هاتووە. لە ئاڤێـسـتـادا وەها هاتـووە، کـە ئەم شـاخـە هەرە بەرزە، لە وڵاتـی (ئاریا

نڤاچ)دا ولاتی (ئاریا نڤاچ)یش کەوتووەتە ناوەڕاستی ئەو حەوت ولاتەوە، کە ئاهوورا مەزدا دروستی کردوون.

ئەوەی کە دەبێ بگوترێ، ئەوەیە، (هەرە) لە شێوەی کوردی ناوچەکانی هەورامانداا (هورێ) بەو بەواتای (بەرە و ژوو، زۆر بەرز، زۆر بەرەو ژوورکە)دێ. ئەم ناوە حاڵی حازر وەک ناوی (کەژ، شاخ، کێو) بەناوی (هەرە)وە، یان (هەرە هەرە)وە، لە هەورامانی تەخت)دا کە (کەمالا) پاڵی پێوە داوە، بەو ناوەوەیە و کانیاوی (هەرە هەرە)ش ئاوی باخەکانی شاری هەورامانی تەخت دەدات.

« لە بارەی (هەرەتی)یەوە لە یەسنادا (Y.10,10) هاتووە دەڵێ: خوا زوو تۆی دروستکرد، خوا تۆی دانا (زوو) لە بەرزاییەکی زۆر بەرزەوە».


BARESH

ئاوازی ئەم وشەیە (بەرش)ە. ئەم وشەیە، لە لایەن (دەوڵەتشاهی)یەوە وەها لێکدراوەتەوە، کە بەواتای (پێشەوە) بەڵام لە لایەن پور داودوە، وەک وشە شوێنەواری نییە!

بەلای منەوە، ئەم وشەیە (ڤەرەش)یە، چونکە (ڤ = و) زۆر جار جێگای (ب) دەگرن و بەپێچەوانەشەوە و لەبەر ئەوە من بەواتای: (ڤەرەتا (وەرەتاو) = خۆرهەلاّت) یان خۆر دێتە بەرچاوی بۆ چوونم. وەک بلێیت: ڕۆژهەلاّتی (هەرەیتی = هەرە هەرە)!! ئەمە جۆرە لێکدانەوەیەک بوو!!

جۆرێکی دیکە ئەوەیە کە (بەرێ = بەرە) بەواتای (سەرووی ڕۆژئاوا)دێ و ئەگەر ئەمەش وەهابێ، دەبێ بکاتە (لای سەرووی ڕۆژئاوا)، (بەرەو سەرووی ڕۆژئاوا). بەهەر حاڵ، ئەمە واتای ئەوە بەدەستەوە دەدات، کە جۆرە ئاماژەیە بەرەو دەوراندەوری (هەرەیتی)، بەرەو دەوروبەری (هەرەیتی). یان بەواتای (بەردەم = وەر = ڤەر)دێ.


**HA`**

ئاوازی (ها)یەو وەک ئامرازی ئاماژەیە، سەرنجراکێشەرە.




HAMA

ئاوازی ئەم وشەیە (هەمە)یەو بەواتای (هەموو)دێت.


PA`IRISA`ITY

ئاوازی ئەم وشەیە (پایرسایتی)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە، بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا، دابەشی بکەین:

+ (پای + ری + سای + تی)، (پا + ئیری + سای + تی)، (پاریسا + یتی)، (پایریسای + تی).

بۆ چوونی من لەبارەی لێکدانەوەی ئەم، وشەیەوە ئەوەیە، کە بەواتای (ئەم شاخ و کێو و چەم و دۆڵە – بە– قەبارەیان، پارساییان – وەستێنراون، چەسپکراون) هاتووە پێش ئەوەی ئێمە کە ئێرە بەجێ بهێڵێن، دەبێ ئەوە بلێین، کە حاڵی حازر ئەم وشەیە بەم شێوە (بارسایی) لە شێوەکانی کوردیدا بەکاردێت، بۆ وێنە دەوترێ:

+ (بارسایی ئەو بارە زۆرە = قەبارەی ئەو بارە زۆرە)، یان بارسایی سەددەکە زۆرە.


FRA`PIYA`W

ئاوازی ئەم وشەیە بەم جۆرەیە: (فرا پیاو).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە، بەم جۆرە بۆی بڕۆین: (فرە + ئەپی + یاو) یان (فراپی + یاو)، یان (فراپ + ئیاو).

لە ڕووی واتاسازییەوە، بەپێی ئەو جۆرە بڕگەسازییانەی سەرەوە، بۆمان هەیە بەپێی پەیوەندیی وشەکە (بەباسەکەوە) بەواتای (پتر لەمە)، لە هەنگاوی یەکەم بەولاوە، دووەم دێ.

بۆمان هەیە بەم جۆرەش لێکیبدەینەوە ئەگەر لەگەڵ ناوەڕۆکی بەسەکەدا بگونجێ، واتە:

+ (فرە) بەواتای (زۆر، بەولاوە، سەرەڕای)دێ و (ئەپی) بەواتای ئاو دێ و (یاو)یش، بەواتای (یەو = جۆ)دێ.

+ (بۆ چوونەکەی دیکەش، بەواتای (فرەتر لەو) یان (دوای ئەو)دێ.



DANGHEUSH-A´

ئاوازی ئەم وشــەیە (دەنگهـیـــوش)، (ئا) یان (دەنگ هیــوش)، (ئا)یە. لە ڕووی واتاسازییەوە، بۆمان هەیە، بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا دابەش بکەین: (دەنگ + هیـوش)، یان (دەنگە هـ + ئوش) + (ئا). لە ڕووی واتاسازییەوە، بەبیروڕای من هەردووکیان یەک جۆرە واتا بەدەستەوە دەدەن و ئەویش بەواتای (دەنگ بەرگوێ یە)دێ.

ئەگەر هاتوو بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا دابەشمان کرد (دەنگهیو + ش)، ئەو وەختە بۆمان هەیە، بڵێین کە بەواتای (وڵات، دێهات، لادێ) هاتووە



UPAOSHSNGHWA´WSCHA

ئاوازی ئەم وشەیە، بەم جۆرەیە: (ئوپە و شەنگە واوسچە)، (ئوپە و شەنگە ڤاوسچە). لە ڕووی بڕگەســازییــەوە بۆمــان هەیە بەم جــۆرە بۆی بڕۆین: (ئوپە + شـەنگ + ئەو + واوسچە)

+ پارچەی (ئوپە) بەواتای (سەرەوە)دێ.

+ بڕگـەی (شـەنگ) بەواتـای (جـوان و ڕێـک وپێـک = ڕازاوە)دێ (مـەبەسـتی دیمەنی ڕەنگینە).

+ بڕگەی (ئەو) بەواتای (ئاو)دێ.

+ بڕگەی (واو) بەواتای (وا = با)دێ.

ئەم دیمەنە، ئەگـەر بەم جـۆرە کـە ئێـمـە لێکمـانداوەتەوە، دیمەنێکی ڕازاوەی ڕەنگینی تاڤگەی ئاومـان بەدەسـتـەو دەدات، کـە ئاوەکـە لە بەرزاییـەوە خـۆی بەرەو خـوارەوە فـڕێ دەدات، ئەو مـاوەیە کـە دەیبـڕێ زۆرە بۆیە دەوروپشـتی و ڕوو بـەڕووی تا دەگـاتە خـوارەوە جگە لە تۆز و کـەمی ئاو زێڕیی چیـدیکە لەبەرچاو نیـیــە. ئەم وشـەیە لە لایـەن (پور داود)ەوە (زامیاد یەشت) دەستی لێ نەدراوە و پشت گوێ خراوە.

+ بڕگەی (سچە) ئامرازی پەیوەستە.

دەشبێ بەم جۆرە لێکبدرێتەوە:

ئەو تاڤگە ئاوانە کە لە سەرە و بەرەو خوارەوە هێرشیان بردووە، بەرەو چەم و دۆڵەکان و



ئەم ئاو هەواو دەوروبەرە خـۆشـە، کـە ئەم سـروشـتـە پاکـەی دروسـتکردووە و ئەم چەم و دۆلانەی نێو ئەم شاخە بەرزانەی، کە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕازاوەنەتەوە...........

تا ئێستە، هەر بەباڵای سروشت و دیمەنەکانی شاخی (هەرە هەرە)دا هەڵدراوە و هێشتا نەگەیشتوونەتە شاخێکی دیکە!!



BETYO´

ئاوازی ئەم وشەیە (بیتیۆ)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا دابەش بکەین:

(بی + تە + یۆ)ن.

لە ڕووی واتاوە بۆمان هەیە، بەم جۆرە واتایان لێکبدەینەوە: یەکەمیان کە (بی)یە وەک ئامرازی بزێو بەواتای (بێ)دێ. بەشی دووەمی کە (تە)یە، وەک ڕاناوی نەلکاوی کەسی دووەم (تۆ)دێ. بەشی سـێـیــەمی (یۆ)یە، بەواتای ژمـارەی یەک دێ و بەهەمـوویانەوە فـرەێزێکی ئاوەڵکاری ڕەنگ دروست دەکەن و بەواتای لە (دوای یەکـەم) یان (لـەم یەکـە بەولاوە)، یان (دوای ئەم)دێ. بەشـێـوەیەکی ڕۆشنتـر، وەک فـرەێزیکی (ئاوەڵکاری جێگا)دێ، کە بەواتای، دووەمیش دێ.



ZERETHEZO`

ئاوازی ئەم وشەیە، بەم جۆرەیە: (زەرێزە زۆ، زێرێزە زۆ).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە، بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا، دابەشی بکەین: (زەرێ + زێ+ زۆ).

لە ڕووی واتـاوە، (پور داود، ل – ٣٢٤، پەراوێز) بـە (زەردەکـــۆ = زەردە شــــاخ) لێکیـداوەتەوە، بەڵام لە لایەن، (دەوڵەتشـاهی – ل –٣٨)یەوە، بەواتـای (زەڕ = تلا = ئاڵتون) ڕەنگ لێکیداوەتەوە، ئەگەر چی ئەمیش و ئەویش یەک واتایان گرتووەتەوە، ئەمە لە لایەکـەوە، لە لایەکی دیکەوە، پور داود وەهای بۆ دەچێ، کـە ئەم شـاخـە بەرامـبـەری شاخی (البرز)ە. ئەوجا لە سەری دەروات و دەڵـێ، ئەمەو شاخی (مـانۆش) هەردووکیـان یەکێکن.

لێـرەدا، پور داود، هەروەک لە جـێگایەکی ترەوە وتمان، (پور داود) نەیتـوانیـوە (هەرە هەرە) لێکبداتەوە و پتر لەوەش نەیتوانیوە، لە جێگای جوگرافیایی خۆیدا دیاریی بکات، پتر لەوەش، تێکەڵاویی لە نێوان (مانۆش) و (البرز) و (هەرە هەرە) دەکات.

(لە لایەن دەوڵەتشاهییـەوە)؛ جێگای جوگرافیـایی ئەم شاخەی خستـووەتە (خراوەتە) ناوچەی (زەهاو) و بە (زەهاوی) دەزانێ.

بەپێی بۆ چوونی من، هەروەک لە یەشتەکاندا هاتووە، کەژی (مـانۆش) و شاخی (هەرە هەرە) دەبێ بەرامبـەری یەکـتریی بن، ئەگـەر هاتوو زانیـمـان شـاخی (مـانۆش) و شـاخی (زەریزەزەو)یەکـێکن. ئەمـە لە لایەکـەوە، لە لایەکی دیکەوە، هێـشـتـا ناوی دوو شـاخ هێنراوە و لەبەر ئەوە، دەبێ ئەم شاخانە لە یەکترییەوە زۆر دوور نەبن!!

ئەوجا، بەپێی ئەو بۆ چوونانەی سەرەوە، من وەهای بۆی دەچم کە:

یەکـەم، ئەگـەر (هەرە هەرە) لە هەورامـانی تەخت بێ و دەشـبێ شـاخی (زەریزەزەو) بەرامبـەری بێ، دەبێ بەلای کـەمـیـەوە لە ڕووی بەرزییـەوە، ئەمـیش وەک ئەو بەرزبێ و دووریش نەبێ و ئەم سیفەتانەش مەگەر یان هەر شاخی (ژریژە) کە لە ناوچەی (ژاوەرۆبە) و پاڵی داوە، بەریزە شاخەکانی عەودالانەوە و دێی (ژریژەی) گرتۆتە باوەش.

**دووەم**، شاخی شانی ئاتە شگای (پاوە) کە لە دووریسان و شمشێرا تا سەری سیروان درێژ بووەتەوە و ناوی بەناوی (زەردە کـۆ)وەیە. ئەوجـا، ئەگـەر یەکێ لەمـانە جێگایەکی هەبێ (لووتکە، شـانە، ملە، تیـخـە) بەناوی (مـانۆش)ەوە[٤]، ئەوە بۆ چوونەکـە وەک ناونیشانەکەی ناو (زامیاد یەشت)، بەڕاستی بەدەستەوە دەدرێ.

شـایانی ناو هێنان، کـە لە ناوچەی هەورامـانی (تەخت)دا، چەند ناوێکی مـێـژوویی بەرچاو و بەر گـــوێ دەکـــەون و بۆ وێنە، دووان لەوانە (قـــەڵای چنوور) و قـــەڵای (مامووسێ)ن.

بەپێی ئەو ناونیـشـانانەی ناو یەشتـەکـان، شاخی (هەرە هەرە) و لووتکەی (مـانۆش) بەرامبـەری یەکـترین و دووریش نین لە یەکـترییـەوە و لەبەر ئەوە بۆمـان هەیە بڵێین، کـە قەڵای مامـووسی کە بەرامبەری (هەرە هەرە)یە لە هەورامانی تەختداو قەڵای چنوور دا (واتە: هەرە هەرە دەکـەوێتـە نێـوان هەردووکـیـانەوە) دەبێ قـەڵای مـانۆش بێ و قـەڵای چنووریش دەبێ قـەڵای (مـەنووچەر) بێ، کـە هەردووکـیـان یەک ناون و بەڵام جـیـاوازیان (کۆن) و (نوێ)یە!



**سێیەم**، شاخی (دزاوەر) کە شانێکی پاڵی بەدێی (دزاوەر) وە داوە و شانەکەی دیکەی بەرە و پشتی تەوێڵە (چەمەی ئاویسەر) ڕوو بـەپشـتی (کەمێنە) و لەگـەڵ (کەماجەڕ) و شانەی (ژالانە) دەداتە و شاخی پیر روستەم-ی ناوچەی هەورامـانی تەخت. پتر لـەمەش یەکێ لە لووتکەکـانی شـاخـەکـانی (دزاوەر) بەناوی (مـانۆش)ە وەیەو ئەم لووتکەیەش بەرامبـەر (وەک لووتکە شـاخی وەسـتـاوە) شـاخی (هەرە هەرە)وەیە، یان لە یەکێ لەو شانانەیە کە بەهۆی ملە و تیخەوە لەگەڵ شاخی (هەرە هەرە)دا، دەدەنەوە یەک.

شـایانی باسـەو لێ وردبوونەیە، کـە لەم یەشـتـەدا (زامـیـاد یەشت) ناوی ئەم شاخـە هەروەک وتمان (زەریزە زەو)ە و لە (بەندەهش، فـەسڵ ١٢، فەقـەرە -٢)دا ناوی ئەم شاخە بەناوی (زەرید)ەوەیە و لەگەڵ (کۆە = شاخ)ی مانۆشدا یەکێکن.


GAIRISH

ئاوازی ئەم وشەیە، (گەیرش، گەیرێش)ە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە ئەم جۆرە دەگرێتەوە (گەی + ڕێش) یان (گەیر + یش) لە ڕووی واتاسازییەوە، دەوڵەتشاهی، بە (دەگەرێم)ی لێکداوەتەوە. بەڵام ئێمە وەهای بۆ دەڕۆین کـە: یەکـەم، (گـەیرش) بەواتای (شـاخ)دێ و یان دووەم (گـەی) بەواتای (زانین) دێ و ئەگەر ئەمەش وەهابێ، دەبێ بەشەکەی دیکەی کە (ڕێش)ە، بەواتای (زامدار، زەخمی، ناتەواو) دێ و ئەم لێکدانەوەش لەگـەڵ ڕسـتـەکـەدا ناگونجێ و سێـیـەم، ئەگـەر (گـەر = گـەیر) بەواتای نـاوەڕاست (نـاوگـەڵ، ناوگـەر) بێ ئەو کـاتە، بەواتای ناوەڕاسـتـی ئەم ناوچانە دێ، تا ڕادەیەک ئەمە نەختێ نزیکە لەگەڵ ڕستەکەدا.

چوارەم یان ئەگـەر وشـەکـە بەواتای (گـەردش) لێکی بدەینەوە، کـە بەواتای (گـەرد و خول)دێ، دیسان هەر لەگەڵ بۆ چوونەکەدا کەم دەگونجێ!!

ئەو واتایەی کە لەگەڵ واتا گشتیەکەدا بلوێ، هەر بەواتای (شاخ)ە.



PA`RENTAREM

ئاوازی ئەم وشەیە (پاڕێنتەرەم)ە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە بەم جۆرە دەڕۆین: (پارێ + نتەرەم).

لە ڕووی واتاسازییەوە، دەبێ ئەوە بهێنینەوە یاد، کە بەشی (پارێ) یەکەمی ئەم وشەیە، بەواتای (پەڕ) هاتووە و ((پەڕیش) وشەیەکی ئاوەڵکارە و بەواتای (نزیک سنوور، نزیک مەرز)دێ.

بۆ وێنە دەوترێ (پەڕی باخەکە) واتە: (تا مەرز (سنوور، حدوود)ی باخەکە).

((پەڕی ئەو خانووە)، واتە، (تا هەو شەکە دەگات، دەوراندەوری خانووەکە). ئا لەم وشەیە، مەبەست، (دەوراندەور= ئاوەڵکار)ە، واتە: دەوراندەوری ئەم ناوچانە. لێرەشدا، مەبەست ئەو ناوچانەن کە ناویان هێنان، چونکە ئێمە هێشتا واین لەو باسانەدا، کە (ئەهرۆ مەزدە) بەزەڕدەشتی دەڵێ و پیشانی دەدا و ناوونیشانیان بۆ هەڵدا، ئەمانە ڕووالەتەکانی وڵاتی (ئاریا نواچ)ە و شاخەکانی (هەرە هەرە) و ئەو شاخ و چەم و دۆڵانەی، کە لە مەولا دێنە بەرەوە و (پور داود) لە خۆیەوە ناوەکانی سەپاندووە بەسەر (سیستان) و بەسەر چە وڵاتێکی دیکەی بێگانەوە، کە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە.



ERETHO`

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەریذۆ)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە بۆمان هەیە، بۆی بڕۆین (ئەرێ + ذۆ).

لە ڕووی واتاسازییەوە، (ئەرێ) بەواتای (دروست، ڕاست، گونجاو، پانتایی)دێ و بەشی دووەمیشی بەواتای (دوان)، (ئاخاوتن)، (گۆ)، (دوایی) دێ. بەهەر دوو بەشەکەوە بەواتای (جێگای حەسانەوە و دوان، کۆبوونەوە، پانتایی و پشوودان)دێ.

لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە، ئەم وشەیە بەواتای (زەهاو) هاتووە!! ئەم وشەیە، پەیوەندییەکی زۆری هەیە، بەوشەکەی دواییەوە، کە دێت و بۆیە دەبێ ئەم وشەیە (وەک فرەیزێک) واتا بەدەستەوە بدات، گوایا وەک بڵێیت: (بەم لایەیەدا، بەم دەوروبەرەدا، یان لەوێشەوە (ئاماژە)، لەم شانە و ملەدا، ئەو پەڕی ئەم پانتاییە، دێ.





MANUSHAHI

ئاوازی ئەم وشەیە (مەنو شەهی)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە بەم جۆرە دەگرێتەوە (مەن + ئوشە + هی).

لە ڕووی واتاسازییەوە بەم جۆرە بۆی دەڕۆین:

– (مەن) بەواتای (بیر، ویر، یاد)دێ.

– (ئوشە) بەواتای (هۆش، بیستن، گوێگرتن، لەسەرخۆ)دێ. بەڵام بەشی سێیەمی وەک ئامرازێکە (ڕاناوی لکاوی ئاماژە) لە دۆخی بەرکاری (کۆ)دا.

بەهەر حاڵ، وشەکە بەشێوەیەکی گشتیی بۆ ناو هاتووە و ئەویش (مەنۆشە). لە بارەی وشەیەوە (پور داود، ٣٢٤، پەراوێزی-٤- زامیاد یەشت) وتوویەتی کە (مەنوش) شاخێکی گەورەیە (لە بەندەهش، فەسڵی ١٢ فەقەرە-١٠) و ئا لەوێ (مەنووچەر) لە دایک بووە. (ئەوجا لە یەشت ح٢، ل ٥٠، ٥١) لەسەر (مەنووچەر) دەڕوا و پێمان دەگەیەنێ کە (مەنووچەر) لە خانەدانی (ئێرج)ە و ئەویش یەکێکە لە پاشایانی (پێشدادی)- مەنووچەر، لە ئاوێستادا بەناوی (مەنوش چیترە) هاتووە و تەنها جارێکیش.

(دەوڵەتشاهی، ل-٦٧) ئەم شاخە دەباتە (ناوچەی زەهاو)، سەر لووتکەی ئەو زنجیرە شاخە کە زەهاو بەسەرووی (گەیلان غەرب)ەوە دەبەستێ!! لەم بارەیەوە، بیروڕای زۆری هەیە و بەڵام من ناتوانم وەک کارێکی زانستیانە وەری بگرم!!

من خۆم بەش بەحاڵی خۆم ناتوانم لە خۆمەوە ناوی جوگرافیایی بەسەر جێگایەکدا بسەپێنم، ئەگەر بەچاوی خۆم ئەو جێگایە نەبینم، یان پشکێنەری زانا، یان پشکێنەرانی زانایان، لەسەر دیاریکردنی ئەو جێگایە (زانیاریانە) بڕیاریان (بە بەڵگەی ڕاست و ڕەوان) لەسەر ئەو بۆ- چوونانە، نەدابێ!!!

شایانی باسە، یەکێ (لە چلتەنەکانی دەمی شاە سەهاک) لە (دزاوەر) ناتۆری خۆی ناوە (مانۆش) و گۆرانی هۆنراوە، بەسەر (مانۆش)ی پێشدوادیدا هەڵدەدات. بەهەر حاڵ، وەک وەها دەوترێ گۆڕی (مەنوش) یان (مەنووچەر) ئا لەوێ دایە (یەکێ لە شاخەکانی دزاوەر) کە بەتیخەیەک درێژ و بەرز بەستراوەتەوە، بەشاخەکانی هەورامانی تەختەوە.

ئەگەر ئەمە تەواوی تەواو بێ، بێگومان و بەبەڵگەوە، (وڵاتی ئاریا نواچ) مان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە!

لە لایەکی دیکەوە، شاخی (لاشان) مەسناو لە پشتی پاوەوە هەیە و بەناوی (قەڵا دزێ)شەوە ناو دەبرێ و لەوە دەکات، کە ئەم قەڵای (مەسناو)ە، هەمان قەڵای (مانۆش) و گۆڕی (مەنووچەر)بێ و ئەگەر هاتوو زانیمان ئەم قەلایە بەرامبەری ئاتەشگای ئەوێیە!



### HA`MO`

ئاوازی ئەم وشەیە (هامۆ)یە. لە ڕووی بڕگەسازییەوە بەم جۆرەیە (ها +مۆ).

لە ڕووی واتاسازییەوە، بەم جۆرە بەرچاومان دەکەوێ (ها + مۆ)، گوایا بەشی یەکەم، وەک ئامرازی ئاماژەیە و لە کوردیی ئەمڕۆدا هەیە، وەک (ئا، ها)یە، یان (ئەوا)یە.

بەشی دووەمی (مۆ)یە، کە بەواتای (ئێمە) دێ.

یان بڕگەکان لە ڕووی واتاسازییەوە، بەم جۆرەش دەبێ: (هامۆ) کە بەواتای (هەموو)دێ. ئەمەش ئاماژەیە (بۆ شاخ و چەم و دۆڵ).

لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە، ئەم وشەیە بەشێوەی (کار) لە قەڵەم دراوە و بەواتای (دەگەڕێمەوە) لێکدراوەتەوە.



### HASCHIT

لە ڕووی ئاوازەوە (هەسچیت)ە لە ڕووی بڕگەسازییەوە بەم جۆرە دەگرێتەوە: (هەس + چیت).

لە ووی واتاسازییەوە بەشی یەکەمی وشەکە (هەس) بەواتای (هەنی) دێ و (چیت)یش، ئامرازێکە بۆ (ژمارە) و زانینی وناسینی بەکاردێ و بەواتای (چەندان) و (چەند) دێ.

وشەکە بەهەموویەوە لەگەڵ ئەوەی پێشەودا بەواتای (بەم وشەیە و وشەکەی پێشووتریەوە) ئەمانە هەموویان – (مەبەستی، کەژ و کێو و چەم و دۆڵە)– دێ.





### PA`IRISA`ITUI`

ئاوازی ئەم وشەیە (پایریسایتی)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە، بەم جۆرە بۆی بڕۆین: (پایری + سا + یتی) یان (پایری + سای + تی)، (پای + ریس + ئەیتی)، (پا + ئیری + سا + یتی).

لە ڕووی واتاسازییەوە، من بەم جۆرە بۆی دەڕۆم: هەر جۆری لەم دابەشکردنە واتایەکی تایبەتی خۆیان هەیانە و بەڵام ئەوەی لەگەڵ ناوەرۆکەدا، دەگونجێ هەروەک من بۆی دەچم، ئەم وشەیە (بەهەموو بەشەکانیەوە) بەواتای (فراوان، پان و پۆر) هاتووە.



### FRA`PAIYA`W

ئاوازی ئەم وشەیە (فرا پەیاو)ە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، وشەکە بەم جۆرە دێتە بەرچاو (فرا + پەی + ئاو).

لە ڕووی واتاسازییەوە، بەتەواویی وشەکە لە کوردیی ئەمڕۆدا (ئەگەر وەهابێ) بەکار دێ. واتە؛ بەشی یەکەمی وشەکە، کە (فرا) بەواتای (فرە = زۆر)دێ و بڕگەی دووەمی (پەی )ە، بەواتای (پێ = پا)دێ و بڕگەی سێیەمیش کە (ئاو= ئاڤ)ە بەهەمان واتای خۆی (ئاو= ئاڤ)دێ.

وشەکە، بەهەموو بڕگەکانیەوە، بەواتای – (پادار = پێدار)دێ، یان (زۆر دەڕوا بەرێوە) یان (ڕێگای دوور و درێژ) دەبڕێ – دێ. ئەوجا ئەم واتایە، بەدواییەوە بەستراوە.



### DANGHIUSH

ئاوازی ئەم وشەیە بەم جۆرە دێتە بەرگوێ: (دەنگهیوش).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە، بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا وشەکە دابەش بکەین: (دەنگ + هیو + ش) یان (دەنگهیو + ش).

لە ڕووی واتاوە (دەنگهیو) بەواتای (دێهات، زەوی و زار)دێ، بەشی دووەمیش بەشێوەی ڕاناوی لکاو بۆ مولکایەتی (پاشبەندێ بەمەبەستی هەیەتی) هاتووە و بەهەردووکیانەوە، بەواتای (دێهاتەکانی = زەویی و زارێ کە بۆ کێڵان دەرد دەخوا)دێ لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە، بەواتای (ڕەنگی ئاو) لێکیداوەتەوە (ل – ٥٤).

## A`

ئەم وشەیە (ئا) وەک ئامرازی ئاماژە دێ کە وەک بلێیت (بەرەو)، یان (رووبەرەو)دێ و واتە، وشەکە (ئاوەڵکار کارە).

شایانی باسە، ئەگەر ئەم وشەیە، کە بەڕووڵەتی پیتێ خۆی دەنوێنێ، ئەگەر وەک پاشبەندی وشە هات، لە زۆربەی کاتدا، نیشانەی مێیەتییە، هەروەک لەمەو پێشتر وتمان (ئەسپە = ASPA) بەواتای (ئەسپ)دێ و بەڵام ئەگەر وشەکەمان بەم جۆرە (ئەسپا = ASPA`) لێکرد، ئەو دەمە وشەکە بەواتای (مایین) دێ.

## UPAOSHNGHVA`SCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئوپەوشەنگ هڤاسچە)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە، بەم جۆرە بۆی بڕۆین:

+ (ئوپ + ئەو + شەنگ + هڤا + سچە).

لە ڕووی لێکدانەوەی بڕگەکانی وشەکەوە بەم جۆرە دەگرێتەوە، واتە؛ بڕگەی یەکەم کە (ئوپ)ە بەواتای سەرەوە دێ و بڕگەی دووەم (ئەو) بەواتای (ئاو = ئاڤ) دێ و بڕگەی سێیەم (شەنگ)، بەواتای (جوان، ڕازاوە، ڕێک وپێک،......هتد)دێ، بڕگەی چوارەم (هڤا = هوا) بەواتای (ئاو و هەوا)دێ و بڕگەی پێنچەم (سچە) بەکاری ئامرازی پەیوەست هاتووە.

واتای وشەکە بەگشتیی وەها بەرچاوی لێکدانەوە دەکەوێ کە (بڕگەی سێیەم) (شەنگ)، بەشان و باڵی (ئاو)دا هەڵدەدا کە لە بەرەو ژوورکەوە بەرەو خوار خۆی فڕێ دەدات و هەروەها بەشان و باڵی (ئاو و هەوای) ئەو دەوروبەرەدا، هەڵدەدات.

ئاوی سپیاو کە بەهاراندا، دەتەقێ و نزیکەی دوو مانگێ ئەو ئاوە زۆر فراوانەی لێ دێتە دەرەوە و ئەوجا، بەهاوینانا چۆڕەی لێ دەبڕێ.



# بەندی دووەم

## AHMAT

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەهمەت)ە. ئەم وشەیە، لە ڕووی ڕوواڵەتەوە، وەک ئامرازی ئاماژەیە و بۆ (جێگا)، کە بەواتای (ئەمانە) یان (ئە ئەمانە)دێ. لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە بەواتای (لەگەڵ ئەوەشدا وا دێم، هەرێم) لێکیداوەتەوە.

## HACHA

ئاوازی ئەم وشەیە (هەچە)یە. ئەم وشەیە، بەواتای (لەگەڵ، لەتەک، گوێڕایەڵ، گوێگر، شوێنکەوتوو، لەل، بەر فرمان،......هتد)دێ. بەڵام لێرەدا، بەواتای (پاش ئەمە)دێ. یان (بەدوای ئەمەدا)دێ.

## GARAYO`

ئاوازی ئەم وشەیە (گەرەیۆ)ە.

ئەم وشەیە لە شێوەی (کۆ)دایەو بۆیە پاشبەندی (کۆ)ی وەرگرتووە و ئەم ئامرازی (کۆ)یشە، بەتەواویی (لێرەدا) وەک ئامرازی (مێ = مێیەتی) وەهایە، چونکەی زۆربەی کات، لە ئاڤێستادا (کۆ) ئامرازی (کۆ)یەتی وەردەگرێ کە ئامرازی (مێیەتییە). بەهەر حاڵ، وشەکە بەواتای (شاخی) زۆر دێت، وەک (کۆمەڵە شاخ) دەکەوێتە بەرچاوی لێکدانەوە.

ئەم وشەیە و ئەو دوانەی پێشەوەی، بەواتای (ئا ئەم شاخانە کە لە بەرچاون، ئا ئەم کۆمەڵە شاخە هەن)دێ.



FRAOXSHYA`NIN

ئاوازی ئەم وشەیە، بەم جۆرە (فرە و خش یانن).

لە ڕووی بڕگەوە، ئەم بڕگانەی هەن: (فرە + ئوخش +یانن). لە ڕووی واتاوە، بەلای منەوە، بەم جۆرەیەو (فرە) بەواتای زۆر دێ و (ئۆخش) بەواتای چاک دێ و بڕگەی سێیەمیش وەک (ڕاناو) کار دەکات. ئەم جۆرە واتایەک بوو، جۆرێکی دیکەش ئەگەر (ئۆخش) مان بەدەنگی هاژەی ئاوەکە سەر ژمێر کرد، ئەو دەمە دەبێ بەم جۆرەبێ (دەنگی فرەی ئاوەکان)، (دەنگی هاژەی ئاوەکان)، (هاژە هاژی ئاوەکان).



USHITHAW

لە ڕووی ئاوازەوە، ئەم وشەیە، بەم جۆرە دەزرینگێتەوە (ئوشیزاو).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە بەم جۆرە بەرچاو دەکەوێ (ئوشیی + زاو). لە ڕووی واتاسازییەوە بەم جۆرە بەرچاو دەکەوێ (ئوشیی + زاو). بەڵام لە ڕووی واتاسازییەوە، بەم جۆرە بەرچاوی لێکدانەوە دەکەوێ: بڕگە (ئوشی) بەواتای (هۆش، یاد، بیر، زانین، هەست پێ کردن، پێزانین،......هتد) دێ و دووەم بڕگەیش (زاو) بەواتای (زایین)، (تەقین)، (زۆربوون)دێ. یان بەواتای (دەنگە دەنگکردن، هاژە هاژکردن، گرماندن، تافاندن)دێ.

هەر لەبەر ئەوەی، کە زۆربەی وشەکانی ناو یەشتەکان شێوە زمانەکەی دەمی ساسانی بەهۆی کۆکەرەوەکانی و ڕوونووسکەرەوەکانی، تێکەڵبووە، لەبەر ئەوەی وشەکان بەچەند شێوەیەک لێک دەدرێنەوە و ئەوجا، بەپێی ئەم بۆ چوونە، بۆمان هەیە، بەم جۆرەش لێکیان بدەینەوە.

(ئوشی) بەواتای (ئاو)دێ و (زاو)یش بەواتای (زهۆرە)دێ و بەهەردووکیانەوە، بەواتای (ئاوەکە زۆر دەبێ) یان یان (ئاو لێرەدا) زاوە، کە ئەمەش، زۆربەی کات، لە هەوراماندا و لە ناوچە شاخاویەکاندا، (زهۆرە = ئاو تەقین) ڕوو دەدات. بۆ وێنە (کانی سپیاو) کە لە (باینگان)دا، هەیە، تەنها لە سەرەتای بەهارەوە دەتەقێ و هاوینانیش بەتەواویی وشک دەبێ و ئەگەر هاتوو زانیمان، ئاوی (سپیاو) بەقەدەر (دە ئاشگێڕ) ئاوی لێ دێتە دەرەوە و ئەوەندە توند و تووش و بەهێز دێتە دەرەوە، کە ئاوەکەی بۆ



ماوەیەک شێوەی تۆزێکی سپی وەردەگرێ و کە دەکەوێتە زەوییەوە، ئەوجا دەبێتەوە بە(ئاو). ئاوی (بلێش) لە بەهاردا دەتەقێ و بۆ ماوە (٢٠) گەزێ بەتووشی باز دەدات و بەهاوینانا، ئەم ئاوە دەوروبەری چواریەکی دەمینێتەوە!!

تێ بینی:

شایانی باسە، کانی بەناوی (زهۆرە)وە، لە هەوراماندا زۆرن و هەندێکیان زوو وشک دەکەن و هەندێکی دیکەی تریشیان، بەشێوەیەکی سەرە مرە ئاویان هەیە و وێنەیەکیش لەوانە (زهۆرە)ی چەم و دۆڵی (ژەرەژێ)یە، کە کەوتووەتە نێوان دێی (زۆم) و (دەڵە مەرز = دەرە مەرز)ەوە، کە بەیەکێک لە شوێنەوارە دێرینەکانی ناوچەکانی هەورامان سەر ژمێر دەکرێ و ساڵی نەوەدەکان، شتی (گەنجینە) زۆر بەهاداریان ئالەوێدا دەرهێنابوو!



USHIDARENA´W

ئاوازی ئەم وشەیە (ئوشی دەرە ناو).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا دابەش دەکەین: (ئوشی + دەرە + ناو).

لە ڕووی واتاسازییەوە، هەروەک لێکمان دایەوە بەم جۆرە لێکی دەدەینەوە:

– (ئوشی) بەواتای (ئاوی شیو)دێ. (دەرە) بەواتای (چەم)، (کەندڕ)، (ئاو دڕ)، (دۆڵ)، (کەندەڵانی ئاو دروستی کردووە)دێ. (ناو) لە دوو ڕەگ پێکهاتووە و ئەوانیش (نێوان) و ئەوی دێکەیان (ئاو)ە و واتا (ئاو، لە ناو)دێ و بەهەموویەوە دەکاتە، چەمی کەندڕی ئاو!

حاڵی حازر ئەم ناوە هەروەک خۆی ماوەتەوە و ئەویش (دەر ناو)ە، کە بەدەوری دووسەد گەزێ (لە ئاوی «بلێ»وە لەو جێگایەی کە (سیروان) زنجیرە شاخە گەورەکەی هەورامان دەکاتە دوو بەشەوە و ئەوانیش (شاهۆ) و (هەورامان)ن.) دوورن.



EREZIFYASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئێرێز یفیەسچە)یە. لە لایەن (پور داودە)، وە پاشبەندی (سچە)ە بەکۆتایی وشەکەوە پەڕیوە (یەشت، ح٢، ل – ٣٢٥ – پەراوێز). لەم پەراوێزەدا (١) پور داود وەهای لێکداوەتەوە، کە ئەمە ناوی (شاخە) و بەسەر لووتکەیەوە، (کە یکاوس)

قوربانی بۆ ناهید کردووە ئەمەشی هەروەک خۆی دەڵێ لە (ئابان یەشت، فەسڵی ١٢، فەقەرە - ٤٥)ەوە وەریگرتووە.

لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە، وەها وتراوە، کە ئەم (ار زوری سچە)یە وا لە (حسن آباد - أسلام أباد غرب) (ل - ٥٦- کوههای ناشناختە اوستا).

بەلای منەوە ڕۆیشتن بەرە و شیکردنەوەی ئەم وشەیە بەم جۆرە:

١- لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە بڵێین (ئێریێ + زی + فیە + سچە)، یان؛

٢- (ئێری + زیفیە + سچە).

لە ڕووی واتاسازییەوە، دەڵێین: کە بڕگەی یەکەم (ئێری) بەواتای (ئاریی) هاتووە، هەروەها واتای (نەجیب زادە)ش بەدەستەوە دەدات. بڕگەی دووەم کە (زی)یە، بەواتای (زنجیرە) یان (زادە) هاتووە و بەشەکەی کۆتاییش ئامرازی پەیوەندە. وشەکە هەمووی بەواتای (ئاریزادە) بەرچاوی لێکدانەوە دەکەوێ. بەڵام ئەم وشەیە، لە دۆخی (ناو)دایەو ناوی شاخیشەو ئەو شاخەش بەلای منەوە شاخی (ئارێزە) و زنجیرە شاخ و ملەکانی ئارێزن، کە ئەم ناوە پاشماوەی ناوی هۆزەکانی (ئاریزانتە). یان بەواتای زنجیرە (ڕیزە) شاخەکانی ئارێز بەر واتا دەکەون!!

شایانی باسە، ئەم زنجیرە شاخە زۆر نزیکە لە شاری سنەوە و کەوتووەتە سەر ڕێگای سنە و مەریوان و ملەیەکی زۆر سەختیشە و ساردیشە بەجۆرێ زۆربەی ڕۆژەکانی زستان بەفر و یەخبەندان ڕێگا دەبەستێ!!

لە ڕوویەکی دیکەوە بۆمان هەیە بەم جۆرەش بڕگەکان لە وشەکە جوێ بکەینەوە:

(ئێری + زیی + فیەس + چە). کە (فیەس) وەک بڕگەی ناوەڕاست بەواتای (مەڕ و ماڵات)دێ وشەکە سەر پاکی دەبێ بەشاخی ئارێز و لەوەڕگەی بۆ مەر و ماڵات.

یەکێ لە شاخەکانی ناوچەی ئارێز.



FRAUREPO`

ئاوازی ئەم وشەیە، (فرە و ڕێپۆو)ە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە بۆی بڕۆین: (فرە + ورێ + پۆو)، یان (فرە + ئەورێ + پۆو).



لە ڕووی واتاسازییەوە، من خۆم بەش بەحاڵی خۆم و بۆ ئەوەی واتای دێرەکە، کە لێرەدا تەواو بێ و بگونجێ، ئەم بڕگانەی دواییمان بەم جۆرە دەچێ بەبیری لێکدانەوەماندا و ئەمیش:

- بڕگەی یەکەمی کە (فر)ە، بەواتای (دیارە)، (ڕۆشنە)، (خۆی جوێ کردوەتەوە)، (لە بەرچاوە)دێ.

- بڕگەی دووەمی (ئەورێ)یە کە بەواتای (هەور)ی ئەمڕۆی ناو کوردیی دێ. بڕگەی سێیەمی (پۆو)ە، بەواتای (پێوەیە)دێ.

ئەم لێکدانەوەی سەرەوە، ئەوە دەسەڵمێنێ، کە (ئارێز) یان زنجیرە (شاخەکانی ئارێز) هەمیشە لووتکەکانیان (زۆربەی کات) بە (هەور) داپۆشراوە یان (هەوراویی)ن.



XSHTVO`

ئاوازی ئەم وشەیە (خشتڤۆ)یە

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەیەک وشەی سەرە سەر ژمێر دەکرێ. بەڵام لە ڕووی واتاسازییەوە، وشەکە بەواتای (شەشەم)دێ.

ئەوەی کە دەبێ بوترێ ئەوەیە، کە ئەم تێکستە (زامیاد یەشت)کە حاڵی حازر دەمی باسمان لەسەریەتی (یەکەم) و (دووەمی) تیادا بوو، بەڵام (سێیەم) و (چوارەم) و (پێنجەم) تیادا نەبوو، ئەمەش لەوە دەکات، کە لە بنەڕەتدا، ئەو وشانە پەڕیون و پتر لەوەش، لەگەڵ هەر ژمارە تەرتیبییەک لەوانەیە لەگەڵ کۆمەڵی وشەدا یان چەند رستەیەکدا پەڕیون!!



EREZURO`

ئاوازی ئەم وشەیە (ئێرێزو رۆو)ە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە بەم جۆرەیە (ئێرێز + ئورۆو). بەڵام لە ڕووی واتاسازییەوە، من لام وەهایە، کە بڕگەی (ئێرێژ) بەواتای ناوی شاخی دێ و کە (ئارێز)ە و بڕگەی دووەم کە (ئورۆو)یە بەواتای (لووتکە)دێ و وشەکە هەمووی بەواتای (لووتکە)ی (ئارێز)دێ.



## HAPTATHO`

ئاوازەکەی (هەپتەثۆ)یە و وشەکە ژمارەیەکی ترتیبییە، کە بەواتای (حەوتەم)دێ. ئەم وشەیە، لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە، ئەم وشەیە بەواتای (هفت أسیاب) واتە؛ (حەوت ئاش) لێکدراوەتەوە (کوهھای ناشناختە، ل – ٥٨).



## BUMYO`

ئاوازی ئەم وشەیە (بوومیۆ = بوومیەو)ە

ئەم وشەیە، لە لایەن (پور داود – زامیاد یەشت، ل – ٣٢٥، پەراوێز) بەواتای شاخێ کە بەناوی (بوومیۆ)وەیە، لێکدراوەتەوە وەهاشی لێکیداوەتەوە، کە ئەم وشەیە، لە بنەڕەتدا ئاوەڵناوە و بەواتای (خاک، زەمین)دێ. هەروەها وەهای بۆ چووە، کە ئەم شاخی (بوومیۆ) شاخی (ئیریز و رۆو) – (ئەو پێی دەڵێ (ارزور) هەریەکێکن، هەروەک لە (بەندەهش)دا وەها هاتووە، ئەوجا وەهای بۆ چووە کە ئەم کەوتووەتە نزیک (رۆم)ەوە!!

دەوڵەتشاهی، وەهای بۆ چووە، کە ئەم شاخی (بوومیۆو)یە – کە ئەو بەناوی (بومیاو)ەوە ناوی دەبات – کەوتووەتە بەشی ڕۆژئاوای (شاە آباد غرب)ەوە. (ل –٥٩).

من، وەها بۆی دەچم، کە ئەم وشەیە پەیوەندیی بەشاخەوە نییە و ناوی شاخ نییە و (پور داود) و (دەوڵەتشاهیش) بەهەڵەی ئەوەدا چوون، کە لێرەدا زۆرتر باسی شاخەکانی تێدایە، بەڵکو لە ڕاستیدا، باسی زەویی و زاریی ناوچەی یان ئارێزە؛ کە بۆ کشتوکاڵ و دانەوێڵە بەسوودن! بەتایبەتی ئەگەر هاتوو زانیمان، زۆربەی زۆری ئەو ناوچە شاخاویانە، بەسەردان بانە زەویی چاک و بەپێز بەسەر شاخەکانەوە هەن، بەڵام لە ڕادەی ئاوەدانی بارانن! بۆ وێنە، وەک بانەکانی (پیازە دۆڵ) و بانەکانی عەودالآن و بانەکانی (کەماجەڕ) و بانەکانی (نوەیجاڕ)...هتد، یان (دەمەیەو)ە، کە لە بنەڕەتدا – (ئەم «دەمەیەو»ە وەک ناو، ناوی ناوچەیەکی چەم و دۆڵدار، کە بۆ بەرهەمی دانەوێڵەو جۆ «یەو» زۆر بەسوودن) – (زەمەیەو)ە، کە بەواتای زەمینی دێ کە بۆ هاوردنە بەرهەمی جۆ سوود بەخشە، چونکە لە ئاڤێستادا (یەو) بەواتای (جۆ)دێ و (زەم)یش بەواتای زەویی دێ. حاڵی حازر ناوچەیەک بەناوی (دەمەیەو)ەوە هەیەو لەگەڵ ملەی ژاڵانەو (کەماجەڕ)دا، پەیوەستییان هەیە (پەیوەزن).





## ASHTEMO`

ئاوازی ئەم وشەیە، (ئەشتێمۆ)یە.

لە ڕووی واتاسازییەوە پێشەکیی دەبێ بەسەر بڕگەدا دابەش بکەین و ئەوجا بەرەو لێکدانەوەی واتایان هەنگاو بنێین و بۆ ئەمەش دەبێ بڵێین، وشەکە بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا دابەش دەکەین. (ئەشتێ + مۆ). بڕگەی یەکەم (ئەشتی) بەواتای (هەشت) ژمارە، هاتووە و (مۆ)ش وەک بڕگەی دووەم بەواتای پلەی تەرتیبی دێ، کە حاڵی حازر بە(هەم) بەکاردێت و لە کوردیی ئەمڕۆدا دەوترێ (هەشتەم = ئەشتەم).

بەڵام دەوڵەتشاهی، زۆر دوور بۆی ڕۆیشتووە و گوایا، وشەکە دوو بەشەو هی یەکەمیان (اش)ە و بەواتای (دەڵیم)دێ و بەشی دووەمیشیان (یم)ە کە بەواتای (نو)دێت. بەلای منەوە، ئەم جۆرە لێکدانەوانە دوورن لە ڕووی زانستی زمانەوە، هەروەها لە بۆچوونی وەرگێڕانەوە! (ل – ٦٠).



## RAOTHETO`

ئاوازی ئەم وشەیە (رەوزیتۆ)یە. ئەم وشەیە لە لایەن پور داودەوە بەم جۆرە نووسراوە (RAODHITA)، واتە لەبریی (ذ) کە لە زمانی عارەبییدا هەیە و لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا نییە، (DH)ی نووسیوە. کە ئەمە ناتوانێ ئەو دەنگە، کە لە لاتینیدا (TH) بەدەستییەوە بدا.

لە لایەن پور داودەوە (زامیاد یەشت، ل- ٣٢٥ پەراوێز) بەواتای شاخێ، یان کەژوکێوێ هاتووە، کە بەگیا داپۆشراوە، کە باشترین جێگای گژوگیادارە، کە بۆ مەڕ و ماڵات دەست بدات!

دەوڵەتشاهی (کوهھای ناشناختە) وەهای بۆ دەچێ، کە ئەمە بەواتای جێگایێ دێ، یان زەوییێ دێ، کە (ئاوی تێدا زابێ) و ئەمیش بەلای ئەوەوە ناوچەی (زەهاو)ە.

من بەش بەحاڵی خۆم، بۆ چوونەکەی (پور داود) زۆر بەراست دەزانم و ئەگەرچی ئەویش لە بەرهەمەکە (زەند ئاڤێستای)، (دار میستەتەر)ەوە وەری گرتووە.

هەر لەو ڕووەوە، ئەم ناوچەیە، بەم ناوونیشانەو کە نزیک بێ لە دەوروبەری ئارێز و

ناوچەکانیەوە، دەبێ ناوچەی (کەماجەڕ)بێ، کە بەواتای (جاڕی کەما) دێ و ئەمیش بەواتای جێگایێ دێ، کە (خاک و بوومێ بێ) هەمیشە (کەماو لۆو گزرە)ی تێدا نەبڕێ!!

شایانی باسە ئەم (زاراو- انە)، پەیوەندیان بە (فەلاح)ەوە هەیە، یان پەیوەندییان بە(وەرزێر)ەوە هەیە.

لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستاندا؛ بەتایبەتی لە ناوچەکانی هەوراماندا، چەند ناوچە و چەم و دۆڵێ هەن، کە هەمیشەو وەک کردەوەی خوایی و سروشتی، کە (جاڕی) وەهایان هەیە، کە وەک (جاڕی پیازە دۆڵ)، کەوا لەبەردەم لوتکەی (زاوەڵی) شاخی شاهۆی پشتەوەی (پاوە)دا و (کەماجەڕ) کەوا لە چەم و دۆڵەکانی پشتەوە (کەیمنە) و نۆتشە و جاڕی (نوبجەڕ)یش و ئە ئەمانە بەریز؛ یەکێ پیازی تیادایە و هەمیشە سەوزە و ئەوی دیکەشیان (کەما) کە باشترین (گژوگیا و گزرە)یە، بۆ مەڕوماڵات و ئەوی دیکەشیان جاڕی (نۆکە) و بەبێ کێلان و ئاودان تۆ وەشاندن، هەمیشە (نۆکی) سەوز، بەبار، تیایدا ڕواوە.


NAOMO`

ئاوازی ئەم وشەیە (نەومۆ)یە. لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

(نەو + مۆ). بڕگەی یەکەم بەواتای (نۆ = ٩)دێ و بڕگەی دووەمیش بەواتای (هەم = یەم)ی تەرتیبی دێ و بەهەردووکیانەوە (نۆهەم = نۆیەم) دەگرێتەوە. ئەم وشەیە، لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە، بە (ناوی شاخ) لێکدراوەتەوە و گوایا، کەوتووەتە (لوڕستان)ەوە، بەڵام کە ئەوەی وتووە، نەیتوانیوە ڕاست و ڕاست جێگاو شوێنەکەی دیاریی بکات و دەستنیشانمان بۆ بکات.


MAZISHVA`U

ئاوازی ئەم وشەیە مەزیشڤانت (مەزیشوانت)ە. ئەم وشەیە لە لایەن (پور داود)ەوە بەهەڵە گوێزراوەتەوە، ئەگەر هاتوو زانیمان (و = ڤ) بە (ی) کردووە و لە کۆتاییشەوە پاشبەندی (-نت)ی خستووەتە پاشکۆی و ئەمەش دەبێ بەهۆی گۆڕینی ڕووالەتی واتای وشەکە و ڕووالەتیی وشەکە. خۆ، لە لایەن (دەوڵەتشاهی)یەوە، زۆرتری پێ



هاتووە و بەیەکیدا داشکاندووە (پور داود، زامیاد یەشت، ل - ٣٢٥- پەراوێز- ٥)، هەروەها (دەوڵەتشاهی، ل - ٦٠).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەم جۆرە دەگرێتەوە: (مەزی + شکاو). یان (مەزی + شڤ + ئاو).

بڕگەی (مەزی ) بەدوو واتادێ و ئەوانیش یەکەم (گەورە، مەزن) وەیان دووەم (مازوو = بنێشت). (شڤ) یان (شڤا)و، بەواتای (سرێش) یان (شۆ)دێ.

بەم پێیە، وشەکە بەواتای ناوی جێگایێ دێ، کە وەک (شاخ و ناوچەی) (قەزوان)دار کە بنێشتی لێ دەردەهێنن، یان ناوچەی (مازوو)کردن.

بەهەر حاڵ، جۆرە شاخ و ملە و ناوچەی دار قەزوانداری زۆر، کە بنێشتی لێ دروست دەکرێ، یان (مازوو)ی لێ بچنرێ، لە ناوچەکانی کوردستان (هەورامان)دا زۆرن و ناودارن و ناسراون.

بۆ وێنە، ناوچەی چاڵانی لای هاوار، ناوبانگی بە (کەژ و شاخی) بنێشتەوە ناوبانگی دەرکردووە. یان، ناوچە شاخاویەکانی دزاوەرو نۆتشە، ناوچەی قەزوانداری بنێشتەوە ناویان بەناوبانگە.

یان؛ ناوچەکانی سەر ڕووباری کەمەرە، کە لە (دوو - ڕۆ)وە لە نزیک (رەزاو) تێکەڵ بەسیروان دەبێ، ناوچەیەکی (بەدێهاتەکانیەوە) بەناوبانگی بنێشتە. ناوچەی (مازیبن) کە ناوی دێیەکیشە، بەدار مازووەوە ناوبانگی هەیە، ئەگەر چی لە هەمان کاتیشدا، دێی (مازیبن) و ناوچەکەی، هەر هەمان ناوی ئاڤێستاییە کە لە (زامیاد یەشت)دا هاتووە.

دێ –ی مازیبن


DASEMAU

ئاوازی ئەم وشەیە (دەسیماو)ە. لە ڕووی بڕگەسازییەوە بەم جۆرەیە:

(دەسەم + ئاو)، یان (دە + سەم + ئاو). لە ڕووی واتاسازییەوە، بڕگەی یەکەم، (دەسەم) بەواتای (دە =١٠)دێت. پاشبەندەکەش، پلەی تەرتیبی پیشان دەدات و بەواتای (دەهەم)یان (دەیەم)دەدات. (پور داود)یش، بەهەمان واتا، واتای لێکداوەتەوە. بەشێوەیەکی گشتیی بەواتای (دە ئاو = دە جۆگە = دە سەرئاو،...) یان دەهەم (سەرئاو) دێ.



ANTARE

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەنتەرە)یە، یان (ئەنتـەرێ)یە. لە ڕووی بڕگەسازییـەوە، بەم جۆرە دەگـرێتـەوە (یەک بڕگەی واتادارە = یان ئامـرازێکی ئاوەڵکاریی ناسـاکـارە) و لە ڕووی واتاشاوە، بەواتای (لەخوارەوە)، (لە ژێرەوە)، (لە ناوەوە)دێ. یان (دێنە ناوەوە).



DANGHUSH

ئاوازی وشەکە بەم جۆرەیە (دەنگە هوش)

ئەم وشـــەیە؛ لە لایەن (پور داود، زامـیـــاد یەشت، ل -٣٢٥ پەراوێز - ٦) بەهەڵە گوێزراوەتەوە، بەشێـوەیەکی دیکە، هەندێ پیـتی لە کـۆتایی وشـەکەوە، پەڕاندووە. ئەم وشـــەیە، لە لایەن (پـور داود)ەوە بەواتـای (ناو دێهـــات) لێکدراوەتەوە و لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە، بەواتای (دەنگی ئاو) لێکدراوەتەوە.

بەهەر حاڵ، ئەم وشەیە و ئەوەی پێشی هەردووکیـان پێکەوە بەواتای (لە ناو دێهات - وڵات - دا)دێ.

ئەمـە، لەوە دەکـات؛ کـە (ئاوێـهـەنگ)ی ئەمـڕۆ ئاڵ و گـۆڕێکی هەمـان ناو بێ!! واتە ناوەکە (دەنگە هوش = دەنگهـۆش) وەرگەڕابێ و بووبێ بە (هـۆش دەنگ) و ئەوجا بەرەو (ئاوێهەنگ) هەنگاوی نابێ!! ئەگەر هاتوو زانیـمان لە ناوەکانی دیکەوە، وەک جێگا و شوێن نزیکە و لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕووی ئاوازەوە، وەک وشەکە خۆی دەزرینگێتەوە.



AIVANDASO

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەیڤەن دەسۆ)یە.

لە ڕووی بڕگــەی واتادارەوە بەم جــۆرە دێ (ئەیڤــەن + دەســۆ) کـە هەریەکێ لەوانە وشەیەکی سەرەیەو، یەکەمیان بەواتای (یەک)دێ و دووەمیان یەواتای (دە = دەسە)دێ. وشەکان بەهەردووکیانەوە (یانزەهەم) دەکات.





EREZISHO´

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەرێزیشۆ)یە.

لە ڕووی واتاسازییـەوە، وشەیەکی سەرەیەو پاشبەندی (کۆ) و بەهەردووکیانەوە ناوی ئارێز (شاخی ئارێز) و وەچەکانی دەگرێتەوە. (پور داود، زامیـاد یەشت، ل - ٣٢٥) ئەم وشەیە بەشاخ دەزانێ ونازانێ جێگا و شوێنی لە کوێ دایەو وەهاش واتای لێکداوەتەوە، کە بەواتای (ڕاستە و ڕاست) بەرز بووەتەوە، هاتووە. لام وایە، ئەم ناوە یەکێکە لە ناوی ئەو دیهاتانە، کە لەمە و بەرتر، بەشێوەی گشـتیی هاتنە بەرەوە. چونکە ئارێز، هەروەک ڕێزە شاخێکی گەورەیە و لە هەمان کاتیشدا چەندان لقی لێ دەبێتەوە و لە نێوانیاندا چەم و دۆڵ هەن و بەدەیان پارچە زەویی بەپیت و دێهـاتی ئاوەدانیـــان تیـادا بووە، هەروەک ئەمڕۆش هەروەهایە.



DVADASA

ئاوازی ئەم وشەیە (دڤـە - دەسە)یە، کە بەواتای (دوانزە = دوانزدە) هاتووە. لە لایەن (دەوڵەتشاهی)یەوە چە لە ڕووی ئاوازەوە، چ لە ڕووی واتاوە، بەلایدا نەچووە!



VAITI - GAYSO

ئاوازی ئەم وشـەیە (ڤـەیتی - گـەیسۆ)یە. ئاوازی ئەم وشـەیە لە لایەن (پور داود)ەوە ناتەواوە .زامـیـاد یەشت، ل- ٣٢٥، پەراوێز)، هەر وەهاش، لە لایەن دەوڵەتشـاهییـەوە (ل - ٧٠).

لە ڕووی واتاوە، پور داود بەشـاخی لێکداوەتەوە و بەڵام خـســـتوویەتیـە، ژووررووی ناوچەی (هیــرات)ەوە. بەڵام لە لایەن دەوڵەتشـاهـیـیـەو، بەرووباری (گـامـاسـیـاب) لێکیداوەتەوە.

لە ڕووی بڕگـەسـازییـەوە، بەم جـۆرە بۆی دەڕۆین: (ڤـەیتی + گـەیسـۆ). لە ڕووی واتاسـازییـەوە، بەم جـۆرە لێکیـان دەدەینەوە و واتە بڕگـەی (ڤـەیتی) بەواتای (گژەبا، ڕەشەبا، باگژەی زۆر)دێ. بەڵام بەشی دووەمی کە (گەیسۆ)یە، بەواتای (پێچ پێچ، گرژ،

لوول، گێسوو)دێ. ئەم دوو شتە بۆ ناوی شاخێک نەختێک سەیرە و بۆیە ئەگەر لێکدانەوەکە وەهابێ، دەبێ شاخێکی پێچاوپێچدار بێ و دەربەندەکانی باگربن، یان دەربەندەکانی هەمیشە (باو باگژە) بیانگرێ.

لام وەهایە، کە (دەربەند باسەرە) یەکێکە لەو دەربەندانەن کە هەمیشە رەشە - با تیایدا سەرەیەتی! لەم جۆرە دەربەندانە، وەک (ملەندوو)ی لای نۆتشە، کەلی گولێجێ، ملەی سەردانی لای بەڵخە، ملەی سەریاس لای دووریسان، ملە پالنگانەی سەر رێگای (پاوە) جوانرۆ،...هتد.



## بەندی سێیەم



ADARANASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئا دەرە نەسچە)یە. ئاوازی ئەم وشەیە، لە لایەن (پور داود)ەوە بەهەڵە گوێزراوەتەوە و لە رووی واتاشەوە، بەواتای ناوی شاخی لێکیداوەتەوە، کە جێگا و شوێنی دیاریی نەکردووە! شایانی باسە، سەر پاکی بۆ چوونەکانی (پور داود) پەنا براوە، بەو واتاو لێکدانەوەی رۆژئاوایەکان و ئەگەر هاتوو ئەوان لە بارەی ناوێکەوە، بۆچوونیان نەبوو، ئەمیش - هەروەک لەم (زامیاد یەشت)ەدا دەردەکەوێ - بۆچوونی تایبەتی خۆی نییە!! دەوڵەتشاهیش، هەروەک هەمیشە لەم بەرهەمەیدا کە لایەنگرە، بەلای بیرو بۆچوونی خۆیدا و لاربوونەوەی بۆ ناوچەکانی لورستان، بەبێ بەڵگەی زمانناسیی و جوگرافیایی هەر بەردەوامە و شایانی بیر نەچوونیشە، کە ئەم وشەیە لە لایەن ئەوەوە، وەک (کار) بەرچاو خراوە!!

ئێمە بۆمان هەیە، کە بەم جۆرە هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەم وشەیەدا بکەین:

(١)- لە رووی برگەسازییەوە بەم جۆرە بەر کێشانە و پێوانەی زمانناسی دەکەوێ و واتە؛ (ئا + دەرە + نەس + چە).

(٢)- لە رووی واتاسازییەوە، بەم جۆرەیە:

(ئا) وەک ئامرازی (ئاماژە)، (پیشاندان)، (دەست خستنەسەر)، (دەست بۆ درێژکردن) دێتە بەرچاوی لێکدانەوە. (دەرە) بەواتای (کەندری ئاو، کەندەڵان، چەم، دۆڵ)دێ.

(نەس) بەواتای (نسێ، نسرم، شێدار)دێ.

(چە) پاشبەندی پەیوەستە بەناوەوە دەلکێ.

(٣)- وشەکە بەهەموو پارچەکانیەوە، بەواتای (چەم و دۆڵی نسێ شێدار)دێ. ئەمرۆ لە زمانی کوردییدا، وشەی بەم جۆرەمان هەن و بۆ وێنە، وەک (دەربەندی ئارێز)،

(دەربەندی دزڵی) و (دەربەندی (کەلی)خان) و (کەلی خان) و دەربەندی...هتد.

ئەوەی کە پێویستە لێرەدا بێتەوە یاد، (دەربەند باسەڕە)یە، کە یەکێکە لەو دەربەندە ناوبانگانەن، کە ناوبانگی بە (ڕەشەبا)وە- هەمیشەیی- هەیە.



Bayanascha

ئاوازی ئەم وشەیە (بەیەنەسچە)یە. (لە لایەن پور داود)ە و واتای لێکنەدراوەتەوە، چونکە لە لایەن ڕۆژئاواییەکانیشەوە جێگای دەستنیشان نەکراوە!! دەوڵەتشاهی، وەها بۆ ئەم وشەیە چووە، کە یەکێکە لە لووتکەکانی شاخی (سفیدکوە)ی لای کرماشان (ل – ٧٢). لە ڕووی بڕگەسازییەوە، ئەم وشەیە، بەم جۆرەیە (بەیەنە + سچە). بەشی یەکەمی ئەم وشەیە، بەواتای (بەی = بەهێ)دێ و ئەم زاراوە، یان زاراوێ بەم جۆرە لە ناوچەکانی هەوراماندا، بۆ باخێ کە تایبەتی بێ بە بەهێوە، هەیە و ئەویش (کۆرەبەی) پێ وتراوە و حاڵی حازریش (کۆڵەبەی) بەکار دەهێنرێت. ئەم ناوەی بەردەمی نووکە قەڵەمان دەچێ بەلای ئەوەدا، چونکە ئەمە یەکێکە لەو دۆڵانەی کە ئەهرۆ مەزدە، بۆ زەڕدەشت دەستنیشانی دەکات! بەشی دووەمی وشەکەش، بریتییە لە ئامرازی پەیوەست. شایانی باسە، ناوچەی بەم جۆرەی سەرەوە، کە تایبەتی بێ باخی (بەهێ)وە و هەمان ناوی پێوە مابێ لە کوردستاندا، لە باخەکانی زۆربەی ناوچەکانی هەوراماندا هەن و بەتایبەتی وەک ئەمەی ئێرە، کە کەوتوەتە چەم و دۆڵی (شمشێر – بەرەو خانەگاو بەردەمی ئاتەشگاوە، کە بەناوی (دەرە بەیان)ەوەیەو (بەیان)یش لە شێوەی هەورامیدا بە (کۆ)ی (بەهێ) هاتووە.

ئەم بۆچوونە، لە دوو لایەنەوە بۆ تەواوی بۆچوونەکە دێ و یەکێکیان (دەرە) کە لە پێشەوە دیاریکراو دووەمیش بوونی (بەی = بەهی) و کۆیەکەی (بەیان) کە بەتەواویی لەگەڵ ناوەکەدا دەچەسپێ!! هەروەها لەگەڵ واتای گشتییدا دەگونجێ! ئەم وشەیەی ئێرە، تەواوکەری وشەکەی پێشوویە، وەک بڵێیت (ئەو چەم و دۆڵی باخی بەهێیانە). شایانی باسە، درەختی (بەی) بەئارەزووی زۆنگاوە!! (دەرە بەیان)یش بەهەمان ناوەوەیە.



ishkata`cha

ئاوازی ئەم وشەیە (ئیشکەتا + چە)یە. ئەم وشەیە، لە لایەن (پور داود)ەوە، بەناوی (شاخ) لێکدراوەتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە دوو وشەکەی دیکە کە بەدوایی ئەم وشەدا



دێ، بۆ مەبەستی ناوونیشانهەڵدان بەسەر وشەکەدا، بەکاری هێناوە (زامیاد یەشت، ل – ٣٢٦).

بارثۆلۆمی ڕۆژهەڵهاتناس، بەناوی (شاخ) وشەکەی لێکداوەتەوە و پتر لەوەش بەسەنگی خاری لەقەڵەم داوە و بەڵام پور داود وەهای بۆ دەچێ کە ئەم شاخە (گیای هۆم)ی لێ دەڕوێ و بەزۆریش!! (پەنای بۆ فەرهەنگی ئاڤێستای بارثۆلۆمی بردووە). پاشان، پور داود ئەم شاخە دەکات بەشاخی (ئەپارسن) کە گەورەترین شاخی سەگستانە لە خۆزستان. لەبەر ئەوەی کەمن بەش بەحاڵی خۆم بۆ چوونەکانی پور داود، لەم ڕووەوە بەدڵ نەبوو نەمویست بۆ چوونەکەی (لەبەر بێ سوودی و هەڵەشەیی) بخەمە ئێرەوە و پشکێنەریش ئەگەر ویستی دەربارەیانەوە ئاگادار بێ، بۆی هەیە بۆ لاپەڕە (٣٢٦ – پەراوێز – ٣)بگەڕێتەوە.

لە ڕووی واتاسازییەوە، وشەکە هەروەک لە سەرەوە دەرکەوتووە، دوو بەشی سەرەکییەو بەشی یەکەمیشی کە (ئیشکەتا)یە، بەواتای وردە ئەشکەوتی باڵندە دێ و وەهاش دەردەکەوێ کە ئەم وشەیە نیشانەی مێیەتی وەرگرتبێ یان پێوەی بێ و بەشی دووەمیشی ئامرازی پەیوەستە.

بەپێی ئەو لێکدانەوەی سەرەوە، وەهای دەردەکەوێ، کە شاخەکە جۆرێکە، کە وردە ئەشکەوتی باڵندە زۆری تێدایە و زۆربەی باڵدارە گەورە گۆشتخۆرەکانیش ئا لەوێدا لانەیان بەستووە.



UPA`IRISAINA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئوپایری + سەینە) و هەروەکیش دیارە و لە بەرچاو پێکهاتووە لە دوو وشەی سەرەکیی و واتادار و بەشی یەکەمیش، ئاوەڵکارە و بەواتای (سەرەوە) هاتووە و بەشی دووەمیشی (سەینە)یە و کە بەواتای (سیمرغ) یان (کرکس) (داڵە کەرخۆرە)دێ.

ئەم وشەیە، هەر وەک بۆمان دەرکەوت، دوو وشەی سەرەکیی واتادار، ناوونیشانی شاخەکەی پێشوومان بۆ دیاریدەکەن؛ گوایا شاخێکی بەرز و ئەشکەوتدار و خاوەن باڵدارێکی گۆشتخۆری زۆرە.

هەروەها ئەم وشە لێکدراوە، واتایەکی دیکە بەدەستەوە دەدات و ئەویش ئەوەیە کە

بەشی دووەمی وشەکە (سەینە)یە، بەواتای ناوی ناوچەی (سەهنە)ی ئەو لای (کرماشان)ەوە دێ و ئەو کاتە، ناونیشانەکە بۆ کەژوکێوەکانی (سەهنە)یە.



KANSO`

ئاوازی ئەم وشەیە (کەنسۆ)یە. ئەم وشەیە، لە لایەن (پور داود)ەوە لەبیرچووە، یان پەڕیوە. لە ڕووی واتاسازییەوە، بۆمان هەیە وشەکە بەم جۆرە لێک بدەینەوە و بەوەی لەپێشی پێشەوە بەسەر بڕگەی واتادارادا دابەش بکەین و ئەویش (کەن + سۆ)ن و بەشی یەکەم؛ (کەن)ە و بەواتای کەند، کاریز، کەندڕ دێ و هەروەهاش بەواتای کانی و سەرئاو (سەراو)دێ و بەشی دووەمیشی کە (سەو)ە وبەواتای (بەکاردێ)، (بەسوود)ە و بەهەر دوو بەشەکەوە، بەواتای (کەندڕی ئاو، کەندە ئاو، چەمەوسراو)دێ لەم جۆرە ناوانە و ناوچانە، لە ناوچەم و دۆڵەکانی کوردستان و بەتایبەتی لە ناوچەکانی هەوراماندا زۆرن و بەناوبانگیشن و بۆ وێنە، وەک: (کە نوولە) کە کەوتووەتە سێ ڕیانی کرمشان هەمەدان کامیاران و (کەندەڵە) کە کەوتووەتە بناری شاهۆ پشتەوەی پاوە، لە چەمی (هۆڵی)دا وهەروەها چەم ودۆڵی ڕوانسەر و چەمی ئاویدەر، دەرە ناو، دەرە مەڕ، دیواندەرە، دەرەکێ، دەرەوشک، دەرە مەڕ، دەرە بەیان، کاریز...هتد.

شایانی باسە، شوێنەواری ئەم ناوە، بەبێ ئاڵ وگۆڕ لە ناوچەکانی هەوراماندا، هەر ماوە و ئەویش (هانەساو) کە بەوشە و بەواتا و بەڕواڵەت و ئاوازەوە هەمان وشەی سەرەوەیە کە لە (زامیاد یەشت)ەوە وەرگیراوە. (هانەساو)یش کەوتوەتە ناوچەی دزڵی - یەوە و لە داوێنی (تیخەی ژاڵانە)دایە، چونکە (هانە) بەواتای (کانی = کاریز)دێ (ساو)یش شێوەیەکی نوێی (سۆ)یە.



TAFETHAR

ئەمە بەشی دووەمی وشەکەی پێشەوەیە، کە بەشێوەی ناساکار خۆی پیشاندا. لە ڕووی ئاوازەوە (تەفێذرە) دەگەڕێتەوە. لە ڕووی بڕگەسازیییەوە، بۆمان هەیە، بڵێین کە وشەکە دووبەشی واتادارن و ئەوانیش (تەفێ + ذرە)ن. بەشی یەکەم، بەواتای (تۆف)دێ و بەشی دووەمیش (ذرە)یە، کە بەواتای (بۆران)دێ و بەهەردووکیانەوە، بەواتاو (تۆف و بۆران)دێ.



لە لایەن پور داود-ەوە، لێکدانەوەی ئەم وشەیە پشت گوێ خراوە، یان نەدراوەتەوە. هەروەها جێگاکەشی و ناوەکەشی نین!

بەم جۆرەش لێکدانەوەیەکی دیکەی هەیە و ئەویش ئەوەیە، کە بڕگەی (تەفێ) بەواتای (تاف)دێ - (واتە؛ ئاوێ لە تاڤگەوە دەکەوێتە خوارەوە) - (زرە)ش بەواتای (چەم، دەرە، ڕووبار)دێ و بەم جۆرە بەهەردووکیانەوە (تاڤگە) بەدەستەوە دەدات. ئا لەم تاڤگانە، لە ناوچەکانی هەورامان و چەم و دۆڵەکانیاندا، تا بڵێیت هەن و زۆرن و ناوداریشن و ناوبانگیشیان هەیە. بۆ وێنە، وەک (تاڤگەی زەڵم) و (ڤەزەنێ دەگا شێخان) و (ڤەزەنێ بەڵخە) و (تافی بڵ) و (تافی سیپیاو)، ئەمانە هەموویان دەرژێنە چەمەوە و (زەڵم و زرێبار) زۆر نزیکە لە وشەکەوە.



WAFRA

ئاوازی ئەم وشەیە (وەفرە)یەو ئەم وشەیە، وەک خۆی بەواتاو بەڕواڵەت و بەئاوازەوە ماوەتەوە و بەواتای (بەفر، وەفرە، ڤەرف، وەرڤ، ڤەرو، وەرو)دێ.

هەر وەک لەمەو پێشتر وتمان، (پور داود) لەم سێ وشەیەی پێشەوە، خۆی لاداوە و بەوەی کە نیو دێڕێک بۆ واتایان لە جێگایاندا، دایڕشتووە و ئەوانیش (کە داپۆشراوە بە بەفرو بەڵام کەمێکی بەئاو دەبێ!!! - ل- ٣٢٧)، مەبەستی لەوەیە کە کەمی دەتوێتەوە.

بەلای منەوە، پور داود خۆیشی بەوە دەزانێ، کە نەیتوانیوە بگاتە ئەنجامی لێکدانەوەی بەتەواویی و بۆیە بەو فرەیزانە دڵی خۆی خۆشکردووە.

ئەم جۆرە ڕوواڵەتە (بەفراویی و سەخت و ڕچیان و توانەوەی کەمی بەفرەکە و تۆف و ئا ئەمانە هەموویان، جۆرە ڕوواڵەتێکی ئەو ناوچانەیە.



DAV

ئاوازی ئەم وشەیە (دڤە)یە، کە بەواتای (دوو - وەک ژمارە)دێ و لە لایەکی دیکەشەوە بەواتای (دووە)دێ و ئەمیش جۆرە تێکەڵبوونێکی (باو بەفر و تۆزی بەفر) باو بۆرانە، کە جگە لەوەی ڕێبوار لەم کاتەدا، سەرماو سڵۆە دەیرچێنێ، بەرچاوی و (بەر دەمیش) باش نابینێ!! بەهەر حاڵ زۆرتر لێرەدا، بەواتای (دوو)دێ.

HAMANKENA

ئاوازی ئەم وشەیە (هەمەنکەنە)یە یان (هەمەنکونە)یە. لە لایەن (پور داود)ەوە ئەم وشەیە بەبێ (واتا و لێکدانەوە) ماوەتەوە (ل – ٣٢٧ – پەراوێز).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، ئەم وشەیە، بەم جۆرە بەرچاو دەکەوێ:

– (هەمەن + کەنە)، کە بەشی یەکەمی (هەمە)یە، بەواتای (پێکەوە، ڕێک و پێکی، سازراوی)دێ و بەشی دووەمیشی بەواتای (کەندن، دروستکردن، کردن)دێ. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، (هەمەدان) دەگرێتەوە، کە (حەوت هۆزە یەکگرتووە گەورەکانی ماد) سەر لە نوێ دروستیان کردووە.

ئەمەی ئێرە، جۆرە بیرێکمان بۆ هاتووە و ئەویش ئەوەیە، کە دوور نییە (پور داود) لێکدانەوەی ئەم وشەیەی زۆر چاک زانیبێ و بەڵام، هەر لەبەر ئەوەی، کە لێکدانەوەکەی بەم شێوەیە، کە بەشێک لە مێژووی جوگرافیایی (ماد) ڕۆشن دەکاتەوە و ئەمەش، بەپێیی خواستی ئەو نییە، هەروەک لە بۆچوونەکانی دیکەیدا دەردەکەوێ، کە هەمیشە هەوڵی ئەوەیەتی کە ناوی شاخ و کێو و چەم و ڕووبارەکانی ناو زامیاد یەشت و ناویەشتەکانی دیکە، بەرەو دۆژهەلاتی ئێران بەرێتەوە، هەروەک ناو بەناو لەمەو پێشتر دەستنیشانمان کردن.

لێرەدا، دەبێ ئەوە بخرێتەوە یاد، کە هەندێ لە شاخەکانی هەمەدان، هەر بەناوی هەمەدان (هەمەنکەن)ەوە بوون و لەوانشە، ناوی (هەمەدان) بەناوی ئەو شاخانەوە بێ یان پێچەوانەوە، ئەوە بەتەواوی دیاریی ناکرێ!!

PAURVATA

ئاوازی ئەم وشەیە (پەور ڤەتە)یە. لێکدانەوەی ئەم وشەیە، لە لایەن (پور داود)ەوە نەکراوە و لە لایەن دەوڵەتشاهیشەوە، بەواتای (پشوودان) لێکدراوەتەوە (ل – ١٠٠).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەم جۆرە بۆی دەڕۆین (پەور + ڤەتە). بڕگەی یەکەم (پەور) بەواتای (پەڕ، مەرز، زۆر، فرە، سنوور)دێ. بەشی دووەمیش کە (ڤەتە)یە بەواتای (نوێژ، پارانەوە، وێرد)دێ، یان بەواتای (ڕیز = زنجیر) = (زنجیرە شاخ)دێ. بەهەر حاڵ، ئەم وشەیەی ئەو دوو وشەیەی پێشەوە بەواتای (دوو زنجیرە شاخی هەمەدان) دێن.



ASHTA

ئاوازی دەنگی ئەم وشەیە(ئەشتە)یە و لەڕووی واتاشەوە بەواتای (هەشت=ئەشت)دێ.

VASHANO`

ئاوازی دەنگی ئەم وشەیە (ڤەشەنۆ)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەم جۆرە بۆی دەڕۆین (ڤەشە + نۆ) یان (ڤەشەن + وە). بەشی یەکەمی وشەکە (ڤەشە)کە وەک (ناو) بەرچاو دەکەوێ چونکە بەهۆی (–ۆ)ی کۆوە، کۆکراوەتەوە و لەوەش دەکات کە (ڕیزە شاخ)بن. لە لایەن پور داود –ەوە بەشاخ لە قەڵەم دراوە، بەڵام بەرامبەری نیشانەی (نەزانیی و یان نەناسراوی = ؟) بۆ دانراوە.

بۆشمان هەیە، کە بڕگەی وشەکە بەم جۆرە بگرێتەوە (ڤە + شەنۆ)، کە یەکەم بڕگە بەواتای (بە = ڤە)دێ و دووەمیشیان کە (شەنۆ)یە، بەواتای (پۆپە لووتکە، تیخە) شاخ دێ. لە هەمان کاتدا بەواتای (پیرۆز = مقدس)یش دێ. هەروەک لە لێکدانەوەی وشەکانی پێشەوە، بۆمان دەرکەوت؛ کە تێکڕا بەواتای (لووتکە، لووتکەکان، شان، شانەکان)دێ.

واتای تێکڕایی ئەم وشەیەی، ئەوەی پێشووتری، بەواتای (هەشت شانە، هەشت لووتکە، هەشت پۆپە، هەشت تیخە)دێ.

PAURVATA

ئاوازی ئەم وشەیە (پەورڤەتە) هەروەک لەمەو پێشتر دەمی باسمان خستە سەری و لێکمان دایەوە، بەواتای یەکەم بەولاوە، یان بەواتای (زنجیرە، ڕیزە)دێ. یان بەواتای (بەرەو ئەولاتر)دێ.

ASHTA

هەروەک لەمەو پێشتر وتمان ئەم وشەیە (ئەشتە)یە و بەواتای (هەشت) هاتووە ئەم وشەیە و لەتەک ئەوەی سەرەوەی بەواتای (هەشت زنجیرە، ریزە) هاتووە.



AURVANTO`

ئاوازی ئەم وشەیە (ئور ڤەنتۆ)یە. پور داود، لە بارەی ئەم وشەیەوە، دەڵێ: "چەند جارێک ناوی ئەم وشەیە (ئەم وشەیە) لە ئاڤێستادا هاتووە و ئەمەش بەواتای (توند، تیژ، تووش، دلێر، پاڵەوان) هاتووە. ل ـ ٣٢٧، پەراوێز -٤)." هەروەها، وەهامان بەدەستەوە دەدات، کە ئەم وشەیە، لە (میهریەشت)دا وەک ناوی شاخێ هاتووە و ئەم وشەیە لە لێکدانەوەی ئاڤێستادا (زەند) و چەند بەرهەمێکی تری پاڵەویی بەشێوەی (ئەروەند) نووسراوە و بەمەش (ئەڵوەند)[٥] دەڵێین و ئەمەش ناوی شاخێکە و ناوی رووباریشە لە هەمەدان.

بەهەر حاڵ، (ئور ڤەنتۆ) ناوی (پۆپە = لووتکە)ی یەکێ لە شاخەکانی هەمەدان، لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە رووبارێکە، کە لە شاخەکانی داڵە هۆ هەڵدە قوڵێ و بەرەو رۆژئاوا، ئەو چەم و دۆڵانە دەبڕێ و بەرەو زەهاو و قەسری شیرین و لەوێ بەولاوە لە عیراقدا دەرژێتە ڕووباری (دیالە)وە و دەبێ بەهاوشانی رووباری سیروان.

رووباری ئەڵوەند ئەم چەمانە دێنەوە سەری (کانیرەش، قەڵای شاهێن، تەنگاو و سەراو گەرم).



FRA`ENKAVAO`

ئاوازی ئەم وشەیە (فرانیکەڤەو = فرانیکەوەو = فرانیکەڤۆ)یە.

لە رووی برگەسازییەوە، بەم جۆرە بۆ وشەکە دەڕۆین (فراین + کەڤۆو).

لە رووی واتاسازییەوە، بەشی یەکەمی برگەی وشەکە (فراین)ە و بەواتای (زۆر، فرە)دێ. بەشی دووەمیشی کە (کەڤۆو)یە بەواتای (کەورگ، ئەشکەوت، لووتکە، پۆپە، ملە)دێ.

شایانی باسە، لە بنەڕەتدا وشەی (قاف)، لە وشەی ناساکاری (کۆی قاف)دا (کۆو)بووە و ئەمیش بەواتای (لووتکەی بەرز، شاخی بەرز، ملەی بەرز)دێ و ئەوساش، هەر ئەوەندە شارەزای جوگرافیاییان هەبووە، کە (کۆی قاف) بەرزترین شاخە و پۆپەیە لە دنیادا!!



بەهەر حاڵ، بەم وشە ناساکارەی سەرەوە و چەند وشەیەکی دیکەی پێشەوە، بەواتای (هەشت لووتکەی شاخە بەرزەکانی ئەڵوەند) یان (هەشت لووتکەی بەرزی ریزە شاخەکانی ئەروەند = ئەڵوەند)دێ.



CHATHWA`RO`

ئاوازی ئەم وشەیە (چەثوارۆ)یە. لە ڕووی واتاشەوە، بەواتای (چوار) هاتووە.



WITHWANA

ئاوازی ئەم وشەیە (ویذوەنە)یە.

لە ڕووی برگەوە، بەم جۆرەیە (ویذ + وەنە).

لە ڕووی واتاوە، (ویذ) بەواتای (دیتن، لە بەرچاو)دێ بەشەکەی دووەمیشی کە (وەنە)یە بەواتای (وەن = قەزوان) داری بنێشت هاتووە. واتە: ناوچە شاخێکە کەفەرە بەدارستانی مازوو بنێشتەوە (دارستانی دار قەزوان).

ئەم جۆرە کێوانە و بەم ناوونیشان و ڕووواڵەتەوە، پێویستیان بەدەستنیشانکردن نییە، چونکە هەر لە هەمەدانەوە بیگرە و بکەوەرە چەم و دۆڵەکانی دەوروبەری ئەڵوەند کە دەرژێنە رووباری ئەڵوەند، تاوەکو زەهاو وقەسری شیرین، هەموو و ئەمبەر و ئەوبەری (کەژ)ی بنێشتن و دارستانی دار قەزوانن!

ئەم جۆرە شاخ و کەژانە، کە دارستانی قەزوانداریان هەیە، بەناوی کەژی بنێشتەوە بانگ دەکرین، یان (بەکەژی دار قەزوان) ناو دەبرێن.

لووتە شاخەکان و ناوچەکانی (شاهۆ)، ناوبانگیان بەدارستانی چڕی قەزوانە دار هێناوە و زوربەی ژیانی لادێیەکانی ئەو ناوچانە، ژیانیان لەسەر (بنێشت)کردن و چنینەوەیە، ئەم ناوچەیەش کەوتووەتە ناوچە شاخاویەکانی دەورو بەری دێهاتی مەنسوور ئاقاییەوە ١٥ کیلۆ مەترییەک ڕۆژهەلاتی پاوە.

# بەندی چوارەم

KAUFO`

ئاوازی ئەم وشەیە (کەوفۆ)یە. لە ڕووی واتاشاوە، نەختێ لەمەو بەرتر واتایان ڕۆشنکردنەوە، کە بەواتای (کەورگ)دێ.

AE`ZAXASSCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەیێ زەخەسچە = ئەییزەخسچە)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، دابەش بەسەر ئەم بڕگانەدا دەکرێ (ئەیێ + زەخە + سچە).

لە ڕووی واتاسازییەوە، بڕگەی یەکەم کە (ئەیێ)یە وەک (ئامرازی ئاماژە) لێرەدا، کەوتووەتە کارەوە، بەشی دووەم کە (زەخە)یە، بەواتای (ئەشکەوت، زاخڕ، جێگای کۆبوونەوەی (کۆماخڕ)، جێگای پەنادانی مەڕ ومالاّت و وڵاخ، لە زستاندا، لە ناو ئەشکەوتاندا)دێ.

ئا لێرە بەملاوە، تاوەکو (دە) وشە، بەم وشەیەوە، پور داود وەهای لە قەڵەم داون، کە هەریەکێ لەمانە ناوی شاخ و کێون بەڵام ئەو نازانێ لە کوێوەن و ناتوانێ جێگایان دەستیشان بکات.

شایانی باسە، زاخە وەک (کۆماخڕ) لە دۆڵی لێژی ناو باوەشی دوو کێوی بەرو دواییدا دروست دەبێ!

یان (زاخە) وەک (کەورگ) بۆ پەنادانی مەڕ و مالاّت وڵاخ، ئەو ئەشکەوتانەن، کە پان و پۆڕن و ژوورەوەیان فراوانە و ئەم جۆرانەش لە زۆربەی ناوچە شاخاویەکاندا بەزۆری هەن، ئەم جۆرە ئەشکەوتانە بۆ سەرما داکەوتنی زستانان زۆر سوود بەخشن، بەتایبەتی بۆ ڕەوەندەکان و کۆچەرە (جافە)کان.

کە وابوو، لێرەدا دەبێ ئەوە بهێنینە بەرچاو، کە ئەم وشەیە، جۆرە ناوونیشانێکی



ڕووالّەتی هەندێ ناوچەی شاخاویە و لەوەش دەکات کە ئەم ڕووالّەت هەڵدانە لە هەمەدانەوە دەست پێ دەکات.

MAE`NAXASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە، (مەیێنەخەسچە)یە.

لە ڕووی واتاوە، پور داود، وەهامان پێ دەڵێ، کە نازانێ و ناتوانێ (وشەکە) لێکی بداتەوە و جێگای دیاریی بکا! ئەمەش وشەی دووەمە، کە ناچێتە ژێر چاوی لێکدانەوەی. بەڵام ئێمە بەم جۆرە (مەیێنە + خەس + چە) بەسەر بڕگەدا، دابەشمان کرد و وائێستەش بۆ لێکدانەوەی بڕگەکان هەنگاو دەنێین و ئەویش بەم جۆرە: (مەیێنە) بەواتای (مایین)دێ و لە بنەڕەتدا وشەیەکی بازاڕی (مادینا)ی ئاوێستاییە، کە بۆ (مایین) بەکاردێ. شایەنی باسە، لە ئاڤێستادا، وشەیەکی دیکەمان هەیە، ئەویش (ئەسپە)یە، کە بۆ (نێر)ی (چارەوا) بەکاردێ و (ئەسپا)ش وەک (مێ) بۆ بەدەستەوەدانی واتای (مایین)دێ. کە وا بوو (ماینا) و (ئەسپا) بەواتای (مایین) دێن. بڕگەی دووەم، کە (خەس)ە، بەواتای (خەستەکردن، پەساندن، سستکردن)دێ. ئەگەر ئەمە وەهابێ دەبێ ناوونیشان هەڵدانی ڕووالّەتی (ملەیەکی = ڕێگایەکی) سەخت بێ و (مایین)پسێن بێ.

لەم ڕووەوە، لە کوردەواریدا، ناونیشانی بەم جۆرە بۆ ڕێگاوبان ملە بڕین – ئەگەر زۆر سەخت بێ، بە (کەرتڕێن) ناو دەبرێ!! یەکێ لەو (کەرتڕێن) انە، ملەی (ئەسەد ئاوا)یە، کە باگری هەمیشەیشە!

WA`XETHRIKAE`CHA

ئاوازی ئەم وشەیە، بەم جۆرەیە (واخێذ ریکەیەچە) یان (واخێذ ریکەیچە) یان (ڤاخێذریکەیچە).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەم جۆرە دەبێ (وا + خێذ + ریکەیە + چە).

ئەگەر بڕگەکان بەم جۆرە بێ، واتایان بەم جۆرە دەبێ: (ڤا) بەواتای (با، هەوا)دێ. (خێذ = خێز) بەواتای هەڵکردن دێ، یان (هەڵکراوە) و هەمیشە هەیە و بەردەوامە. (ریکەیە) کە بەشی سێیەمە لە وشەکەدا، بەواتای (گوزەر)دێ و وشەکە هەمووی بەواتای

(گوزەزگای با)دێ. ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە، وەهابێ، دەبێ ئەمەش هەر ناوونیشانی ناوچەیەکە کە لەوانی دیکەوە زۆر نزیکە.

ئەم وشەیە، لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە بەواتای ملەی (زیخ و چەو) لێکدراوەتەوە!!

بەهەر حاڵ، ئەم چەند وشەیەی پێشەوە، سەرپاکیان ناوونیشانی شاخ و ناوچەکانی هەمەدانە، کە ملەی (کەرترێن) وان لە ڕێگادا، ملەی بەرز و درێژ و زۆر سارد وا لە ڕێگەدا،... هتد!



## ASAYAECHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەسەیەیچە)یە، یان (ئەسەیێچە)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، ئەم وشەیە دوو بڕگەیە و یەکەمیان وشەیەکی سەرەبەو ئەوی دیکەشیان، ئامرازی پەیوەستە، کە وەک پاشبەند بەکار هێنراوە.

بەهەر حاڵ، لە ڕووی واتاوە وشە سەرەکیەکە بریتییە لە (ئەسیەی) کە بەواتای (ئاسیاو = ئاش، ئاساو) هاتووە. لە ئاڤێستادا (گاتەکاندا، ڤەندیدات) بەم شێوەیە (ئەثویا) هاتووە. ئەگەر ئەم بۆ چوونە تەواو بێ، دوورنییە کە شاری (ئەسەد ئاوا)ی ئەمڕۆی ناوچەی هەمەدان – (کەوتووەتە سەر ڕێگای هەمەدان کرمشان)– نەبێ و ئەگەر وەهاش بووبێ دەبێ ناوەکە (ئاساوا) بووبێ!! ئەگەر وەهابێ، لەوە دەکات، کە حاڵی حازر بەرەو ڕۆژئاوای هەمەدان و ناوچەکانی کەوتووینەتەرێ و تابزانین چی دیکە دێتە بەرەوە!!



## TUTHASKAICHA

ئاوازی ئەم وشەیە (توذەسکەیچە)، (توزە سکەیچە)یە. یان (توزەس کەیچە)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە، بەم جۆرە بۆی بڕۆین: (توزەس + کەی + چە).

بڕگەی یەکەم کە (توزەس) یان (توزە)یە، بەواتای ناوی (توس)دێ، کە یەکێکە لە پاڵەوانە ئەفسانەکانی ئێران کە لە شاهنامەدا ناوی هاتووە. (فەرهەنگی فرەوشی، ل– ٥٥٩) ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، ناوی شاخێکە، کە لە تەوقە سەریەو دەریاچەی (سۆبەر) هەیە.

بڕگەی دووەمی وشکە (کەی)یەو بەواتای (گەورە، بوزورگ، رابەر، کوێخا، سەرۆک،



سەرکردە،...هتد) هاتووە. زنجیرە شایانی کەیان[٦]، کە لە ئاڤێستا ناویان هاتووە سەرپاکیان ناتۆری (کەیانیان)ی پێوەیە. سەرکردەکەیان لە (کەیکوباد)ی کوردەوە دەست پێ دەکات، (مێژووی مەردوخ).

بڕگەی کۆتایی (چە)یەو بەواتای (جێگەگری، ئامرازی پەیوەست) هاتووە.

سەرپاکی وشەکە، ناوێکە کە بەناوی (توزەسکەی) یان (کەتیوس)ەوە چاوونامی هەیە.



## WISHAVAICHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ڤیشە ڤەیچە) یان (ویشەوەیچە)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، ئەم وشەیە بەم جۆرە دێتە بەرچاو (ڤیشە + ڤەی + چە)، یان (وێشەوەی + چە).

لە ڕووی واتاسازییەوە ئەم بڕگانە واتای (وێشە = بێشە) یان (ڤێشە) بەدەستەوە ئەدەن و (وێشە)ش بەواتای (دارستانی چڕوپڕ و مێرگ)دێ و ئەمەش، زۆرتر بەلای چەمی ئاودارا دەچەسپێ. دەوڵەتشاهی وەهای بۆ چووە، کە ئەمە ناوی چەم و دۆڵێکی چڕوپڕە، کە کەوتووەتە سەرەتای پەیدابوونی یەکێ لە سەرچاوەکانی (ئەڵوەند) لە ناوچەی (ئەسەد ئاوا) و بەناوە (ئوشینا)وە ناوی دەهێنێ.



## DRAOSHISHWA`USCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (درەوشیش ئاوسچە)یە. لە ڕووی بڕگەسازییەوە بۆمان هەیە بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا دابەشی بکەین (درەو + شیش + ئاو + سچە).

لە ڕووی واتاوە، بۆمان هەیە بڵێین کە:

– بڕگەی یەکەم کە (درەو) بەواتای (دەرە، چەم ، دۆڵ) دێ و
– بڕگەی دووەم (شیش) بەواتای (شەش)دێ و
– بڕگەی سێیەم (ئاو) بەواتای (ئاو) دێ و
– بڕگەی چوارەمیش (سچە)یە وەک ئامرازی پەیوەست بەکاردێ.

وشەکە بەهەمـوو بڕگەکانییەوە (چەمی شەش ئاو) = (چەمی شەشئاو) دەگرێتەوە.

ئەوجا، ئەم جێگایە کەوتووەتە کوێوە و؟ چ جێگایەکەوە؟ بەپێی پەیوەندیی بەناوەکانی پێشووترە، کە باسیان لێ کرا، بەلای کەمیەوە دەبێ کەوتبێتە نێوان (ئەسەد ئاوا) و شاری (سەهنە)وە.

شایانی باسە، ناوچەی بەناوی (دەرەشیش)ەوە لە کوردستاندا، زۆرتر لەیەکێ هەن و بۆ وێنە، جگە لەمەی سەرەوە، لە دێ (دەرەشیش) ڕێگای (خەرپانی، عەنەب) پێش گەیشتنە عەنەب (پیادەڕێ) دەبێ لە چەمی (دەرەشیش) بپەڕێتەوە و ئەوجا بگەیتە (عەنەب). لە ناوچەی پاوەدا، شاخ و ناوچەی دەرەنیشەمان هەیە کە بەرامبەری قەڵای مەسناوە و نزیک بەناوچەی (کەندەڵە)یە.



SA`IRIVA`USCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (سایریڤاوسچە)، (سایریواوسچە).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، دەبێ بەم جۆرە بێ: (سای + ریڤاو + سچە)، یان (سای + ریواو + سچە) یان (سای + ریواوس + سچە)، یان (سایر + ریواو + سچە)، (سایر + ریواوس + چە).

بەهەرحاڵ، بۆمان هەیە، بەچەند شێوەیەکی دیکە بۆی بڕۆین و بەجۆرێکی دیکە بەسەر بڕگەدا دابەشی بکەین.

لە ڕووی واتاسازییەوە، دەشێ بەم جۆرە بۆی بڕۆین: بڕگەی (سار) بەواتای باڵندەی (گۆشتخۆر) دێ و لە ناوچەکانی هەوراماندا (سیسەرگە کەچەڵەی) پێ دەوترێ. بڕگەی دووەم کە (ڕێڤاو = ڕێواس = ڕێواوس) بەواتای (ڕێواس، ریواو) هاتووە. بڕگەی سێیەمیش، ئامرازی پەیوەستە.

شایانی باسە بڕگەی (سای) بەواتای (خەرج و باج)یش دێ، بەڵام ئەو خەرج و باجەی کە شای (سەرکەوتوو) لە شای (بەزیوی) دەسێنێ! هەروەها بەواتای جۆرە نەخۆشییەک دێ، کە جۆرێکی (فێ)یە و پتر لەوەش بەواتای (سێبەر) دێ و ئەم وشەیەش زۆر واتاییەو گوایا بەواتای (خەیروبەیرداره بۆ دەست و پێوەندەکەی)دێ.

بەهەرحاڵ، لەم ناوەی سەرەوە مەبەست (ڕووباری سیروان)ە و کە یەکێ لەو وەچە (لقە) ئاوە گەورانەی کە سیروان گەورەتر و فراوانتر دەکات، ڕووباری ناوچەی (گاوەڕۆ)یەو کە لە ناوچەکانی (سونکوڕ = سونقوڕ)، (ئەسەد ئاوا) هەڵدە قوڵی و دێ سەرپاکی چەم و



دۆڵی هەورامانی (گاوەڕۆ) ئاو دەدات و زیادەکەشی لەگەڵ ڕووباری (قشلاق)ی ناوچەی سنە یەکدەگرنەوە ئەویش لە جێگایەکدا پێی دەوترێ (بزلانە). هەر ئەم دواوانە بەرە و خوار بۆ ناوچەم و دۆڵەکانی پاڵنگان و ئا لەوێدا لەگەڵ چەمی (تەنگیبەر) یەکدەگرنەوە.

شایانی باسە، ئاوی چەمی (تەنگیبەر) لە شاخەکانی (تەختی زەنگی و ناوچەی گەشکی) هەڵدە قوڵێ.

ئا لەم جۆرە ڕووبارانە کە دێنەوە سەر سیروان یەکجار زۆرن و هەریەکێ لەوانە لەگەڵ سیروان و لەگەڵ یەکێکی دیکە چەندان (دواوان) درروست دەکەن و ناوی ئەو دواوانەش، بەناوی ئەو جێگایەوە دەنرێ، کە یەکیان گرتووە. بۆ وێنە: ئاوی چەمی(زرێبار) کە چەمی شامیان دەبڕێ و دێ لەگەڵ سیرواندا لە (دواوانی دوورۆ)دا یەکدەگرنەوە.

ئەوەی کە دەبێ لێرەدا بەسەریدا نەڕۆین ئەوەیە، کە سیروان و ئەڵوەند بەتەواوی و بەکەفەسەریی وڵاتی (ئاریانڤاچ) ئاو دەدەن، ئەگەر هاتوو زانیمان ڕووباری ئەڵوەند (ئەروەند) لە نزیک شاخەکانی ڕۆژئاوای خواروی هەمەدانەوە سەرەتای هەڵقوڵاندنی دەستی پێ کردووە و لە خوارووی قەسەی شیرین لە نزیک (خانەقین)ەوە دەرژێتە دیالەوە و بەم جۆرە مەرزی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی (ئاریانڤاچ)ی گرتووە و دیاریی کردووە و ڕووباری سیروانیش، سەرەتای لە ڕۆژئاوای ئێران، لە زرێبارەوە هەڵدە قوڵێ و لەگەڵ ئاوەکانی دیکە کە لە ژوورو ڕۆژهەڵاتەوە دێن (گاوەڕۆ) ئاوی ناوچەکانی وڵاتی ئاریانڤاچ ئاو دەدەن و ئەمیش وەک سیروان بەرەو ڕۆژئاوا دیسان ڕوو دەنێتەوە و دیسان لە نزیک خانەقین تێکەڵ بەڕووباری دیالە دەبێتەوە.

ئەم ڕووالەتانەی کە ئەم دوو ڕووبارە لقەکانیان هەیانە (لە سەروە لە جێگایەکی زۆر نزیکەوە هەڵدە قوڵێن و لە ڕۆژئاواوە دەبنەوە بەیەک و مەرزی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان دیاریکردووە، تەنیا لەگەڵ کاروکردەوە و ڕووالەتی ئەم دوو ڕووبارەدا دەگونجێ و دەچەسپێ!!

ئەم ناوونیشانەی وڵاتی ئاریانڤاچ و ئەم ناوونیشانانەی چەم و دۆڵ و لووتکە و ملە و شانە و تیخە شاخەکان و ڕووبارە بچکۆلەکانی نێوان دوو ڕووباری گەورەی وەک (ئەڵوەند) و (سیراون)، وڵاتی (ئاردەلانینەکان) دەگرێتەوە!!

NANGHUSHMA`USCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (نەنگهوشماوسچە)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەم جۆرە بۆی دەڕۆین: (نەنگ + هوشم + ئاوە + سچە) یان (نەنگ + هوشم + ئاوس + چە)، (نەنگ + ئوش + ماو + سچە)، (نەنگ + ئوشما + وس + چە).

لە ڕووی واتاسازییەوە، وا هەوڵ دەدەین، کە شێوەیەک لەو دابەشکردنانە دەخەینە ژێر بیری لێکدانەوە و بەم جۆرە (نەنگ) کە بەواتای (شەرم، ناوبانگ، حەیا، ئاوازە)دێ. (ئوشما) یان (یوشما) بەمەبەستی ڕاناوی کەسییە لە دۆخی (جارومجرور)دا. بڕگەی (وس)یش پاشبەندێکی ڕاناوییە، کە دەگەڕێتەوە، بۆ ڕاناوە سەرەکییەکە. شایانی باسە ڕاناوە سەرەکییەکە و پاشبەندەکەش لە بارودۆخی (کۆ)دان. بڕگەی (چە)یش، ئامرازی پەیوەستە.

لێرەدا، دەبێ دان بەوەدا بنێم، کە ئەم شێوە بەشکردنی بڕگانە نامگەیەننە ئەنجامی ناسینی ئەم ناوە و چییەو لە کوێ -یە!!! (جارێ لێرەدا، داوای لێ بوردن دەکەم).

لەگەڵ ئەوەشدا، بۆمان هەیە، ئەم جۆرەش بەپێی بڕگەکان لێک بدەینەوە و واتە:

بڕگەی (نەنگ) بەواتای (مەند، لەسەرخۆ، بەشەرم،...)دێ بڕگەی (هۆشم) بەواتای (هێرش) ئاو دێ، کە لە کوردیی ئەمڕۆدا (هوژم = گوژم = گوڕ)دێ. بڕگەی (ئاو)یش هەر بەواتای (ئاو)دێ. بڕگەی کۆتاییش هەروەک وتم، ئامرازی پەیوەستە.

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، وشەکە بەواتای (زۆنگاو)دێ، یان بەواتای (نەیجەلان و بێشەلان)دێ. لە دەمی نووسینی کتێبی پالەوییدا (کە حالی حازر ئەوکتێبەی هەیە) باسی دوو ڕووبار کراوە، کە هەر یەکەیان لە شاخێکی هەر بەرزەوە، سەرچاوەیان هەڵدە قوڵێ و یەکی بەرەو ڕۆژئاوا یەکێ بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆن. ئەوەی بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات پێی دەوترێ (ئەرنگ) و ئەوی دیکەیان بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات پێی دەوترێ (وە = ڤە) کە لە ئاڤێستادا بەناوی (ڤەنگهو)وە ناوی هاتووە.

کە وابوو ئەم (وەنگهو = ڤەنگهو)ە لەگەڵ (نەنگهو) هەریەکێکە و ئاڵ و گۆڕ لە نووسینەوەدا ڕووی داوە، چونکە جێگا هەمان جێگایە و (بێگومان ناوەکان ناوی ناوچەیین).



ئەوجا، دەبێ ئەم دوو ڕووبارە کامانەبن، کە پێکەوە لە شاخەکانی هەرە بەرزەوە سەرچاوەیان هەڵدەقوڵێ و یەکێ بەرەو ڕۆژهەڵات و ئەوی دیکەیان بەرەو ڕۆژئاواو سەرپاکی ناوچە و دێهاتی ئاریانڤاچ ئاو دەدەن و نزیکەی هەژدە ڕووبارێکی دیکە دەڕژێنە ناویانەوە و لە دواییشدا هەردووکیان یەکدەگرنەوە و دەرژێنە دەریاوە؟

ئەو دوو ڕووبارە ئەڵوەندە کە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی (ئاریانڤاچ)ی ئاوەدان کردووەتەوە ئەوجا لە مەرزی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاریانڤاچەوە بەرەو ڕۆژئاوا ڕوو دەنێت و لەولای خانەقین -ەوە دەرژێتە دیالەوە. ڕووبارەکەی دیکەش گاوەڕۆیە، کە لە شاخەکانی لای ئەسەد ئاواوە سەرچاوەیان هەڵدەقوڵێ و بەرەو ڕۆژئاوا و دەگاتە ناوچەی سنە و لەوێ تێکەڵ بەئاوی قشلاق دەبێ و پێکەوە بەرەو خوار بە زۆم لەگەڵ سیرواندا یەکدەگرنەوە و تاوەکو لای خانەقین لەگەڵ ئەڵوەندا دەرژێنە دیالەوە.

KAKAHYWSHCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (کە کەهیڤش چە)یە.

لە ڕووی واتاوە، ئەم وشەیە و (٩) وشەی دیکەی پێشەوە، لە لایەن پور داود -ەوە لێکنە دراونەتەوە هەروەها، جێگاشیان ڕۆشن نەکراوەتەوە، هەروەک بەرێز پور داود بەدەمی خۆی ئەوەی وتووە، کە ناتوانێ ڕۆشنیان بکاتەوە (زامیاد یەشت، ل - ٣٢٧). هەروەها ئەم وشەیە و نۆ وشەکەی پێشووش، لە لایەن ئاڤێستاشناسانەوە نەجێگایان هەیە و نەواتایان لێک دراوەتەوە!!

ئێمە، بۆ لێکدانەوەی ئەم وشەیە، بەم جۆرە دەڕۆین:

١- بڕگەکانی ئەم وشەیە، بەم جۆرە دەگرێتەوە (کە + کەهیڤش + چە).

٢- لە ڕووی واتاوە، بڕگەکان، بەم جۆرە، بۆیان دەڕۆین:

+ (کە) بەواتای، لە بریی (کەی) هاتووە کە بەواتای (سەرۆک، شاه، ڕابەر، پێشەنگ، پاڵەوان، خواله، کوێخا،..هتد)دێ.

+ (کەهیڤش) لە بریی کەیکاوس هاتووە ئەم ناوەش، لەگاتەکان و ڕەگ ڤیدادا بەم جۆرە هاتووە (کەڤی هوسەنە) باپیری کەیخوسرەوە کە یەکێکە لە شاهە ناسراوەکان کە لە خانەوادەی (کەیانی)یە. لەسەر کڵاوی ئەمدا، ئەفراسیاوی تووڕانی کوژراو سەرپاکی

ئێران کەوتەوە ژێر دەست کەیخەسرەوە وە بەیەکگرتوویی. شایانی باسە، هەروەک لە (ئابان یەشت)دا هاتووە کەیخەسرەوە چووەتە سەر شاخێ یان بەرامبەری دەریاچەیێ (چیچست) قوربانی بۆ ناهید کردووە، تاوەکو بەسەر (دژمنانیاندا (تورانیەکان) سەربکەون (یەشت، ح – ۲/ ل – ۲۰٦).

ئەوەی کە دەبێ لەیاد نەچێ ئەوەیە، کە (ناهید) و جێگای هەرە سەرەکیی بۆ وێردکردنی (کەنگاوەر)ە و پەرستگای کەنگاوەر – (وەک پاشماوە) – کە بۆ ئێمە مابێتەوە سەرسوڕهێنەرە بەجۆری کە تا چە ئەندازەیێ ئەو پەرستگایە لە لایەن گوێرایەڵیانەوە لە دڵدا جێگای گرتبێ و پیرۆز بووبێ! لێرەدا ئەوەی کە دەوترێ (کەیخەسرەو) ئەگەر خەیری، یان قوربانی بۆ (ناهید) کردبێ، دەبێ لە کوێدا بووبێ! بێگومان (چیچست)

+ وا لە (ورمێ) و (کەنگاوەر)یش وا لە ناوچەی (کرماشان) سەر ڕێگای کرماشان و هەمەدان!!

ئەوەی کە لێرەدا نابێ بەسەریدا بڕۆین، ئەوەیە کە (چیچست) وەک دەریاچە، ئالێرەدا، ناوی نەهاتووە، بەڵکو پور داود خۆی دایناوە، لە یەشتەکاندا، بەو جۆرە نییە!

بەهەرحاڵ وشەکەی ژێر دەمی باسمان، ئا لێرەدا، بەواتای (شاخی کەیهوسەن)دێ.

+ بۆ پتر ڕۆشنکردنەوەی ئەم خاڵە بەو جۆرەی سەرەوەیە، جگە لە وشەی (چیچست) کە لە لایەن پور داودەوە خراوەتە ئەوێ و واتە، هەر تەنیا (نووسراوە؛ لە جێگایەک یان شاخێک کە بەرامبەری دەریاچەیەکە، بەبێ ناوهێنانی ئەو دەریاچەیە).



ANTARAKANGHACHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەنتەرێ کەنگهەچە)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەم جۆرە بۆی دەڕۆین: (ئەنتەرێ + گەنگهە + چە).

لە ڕووی واتاسازییەوە بەم جۆرە دەگرێتەوە:

– (ئەنتەرێ)، ئاوەڵکاری جێگایە بەواتای (لەوێ، لەناو)دێ.

– (کەنگهە)، بەواتای قەڵای (کەنگ)دێ، یان (کەنگاوەر)ی ئەمڕۆ.

– (چە)، پاشبەندە بەشێوەی ئامرازی پەیوەند بەکارهاتووە.

بە هەموویانەوە واتای (ناو قەڵای کەنگ، لە قەڵای کەنگ)دێ.



ئەوەی لەم بارەیەوە هەیە، کە (قەڵای کەنگ = کەنگدژ)، (سیاوەش) کوڕی (کەیکاوس) دروستی کردووە. لە (بەندەهشن)، (فەسڵی «۲۹» پارەی «۱۰» وەها هاتووە، کە (کەنگدژ) کەوتووەتە لای (مەرزی ڕۆژهەڵاتی (ئاریا نواچ)ەوە و چەندان (فرسەخ = فرسەنگ) – (فرسەنگێ نزیکەی شەش کیلۆمەتریکە)– لە دەریای (فراخکەرت)ەوە دوورە، (فەرهەنگی معین، ل– ۷٦٤).

بۆ دیارکردنی جێگاکەی، وەها دەچێتە بیرمانەوە، کە دەبێ قەڵایێ بێ و چونکە هەندێ ناوەکانی لەمەوبەرتر لە ناوچەی هەمەدان و بەرەو کرماشان هاتبن و (کەنوولە)ش و (کەنگاوەر)یش هەروان لەسەر هەمان ڕێ و ڕۆژهەڵاتی ناوچەکانی کرماشان. بەشێوەیەکی ڕۆشنتر (کەنگدژ) لای من قەڵای (کەنگاوەر)ە.

ئەوەی، کە پور داود لە بارەی ئەم وشەیە نووسیویەتی، وەهامان پێ دەڵێ: (کە ئەمە ناوی شاخێکە لەناو (گنگ)دا.) لەوانەیە مەبەستی ناوچەی (کنگ)بێ!!! (ل – ۳۲۷– پەراوێز).

فرەیزە فارسیەکەی پور داود ئەوەیە، کەوتم و ئەمەیش وەرگێڕانێکی لاوازە و دەبوایێ بیوتایێ ئەمە ناوی شاخێکە لە نزیک (کنگ دژ)ەوە. چونکە (کنگ دژ) لە ئاڤێستادا ناوی قەڵایە، نەک ناوچە!! هەروەک لە شاهنامەدا، وەها هاتووە.

پور داود (هەر لە یەشت/ح۲، ل – ۳۲۷ پەراوێز –۷) وەهای بۆ چووە، کە شاخی (سیچی داو) یان (سیچی داڤ)، یەکێکە لە ڕیزە شاخەکانی (ئەنتەرێ کەنگهە).

## بەندی پێنجەم



SICHIDAWASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (سیچی دەڤەسچە)، (سیچی دەوەسچە)یە.

پور داود، وەهای لە قەڵەم داوە، کە ئەم (سیچی دەڤە) ناوی شاخێکە و لەگەڵ شاخی (ئەنتەری کەنگە) هەریەکێکن و ئەمیش و ئەویش و (کەنگ دژ) یش لە جێگایەکدان (ل – ٣٢٧ پەراوێز).

دەوڵەتشاهی، هاتووەتە سەر ئەوەی کە ئەم (سیچی دەڤە) لە بنەڕەتدا (سەچک)ە و کەوتووەتە ناوچەی حاجی ئاوای ڕۆژهەڵاتی کرماشان – (ل – ١٢٣)– ەوە!!

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەم جۆرە بۆی دەڕۆین:

+ (سی + چی + دەڤە + سچە).

لە ڕووی واتاوە بڕگەی یەکەم کە (سی)یە و بەواتای (سێ)دێ. بڕگەی دووەم کە (چی)یە و ئەمەش ئامرازێکە بۆ پرس بەکاردێت و بەواتای (کام)دێت و بڕگەی سێیەم، کە (دەڤە)یە بەواتای (دیۆ)دێ و ئەوەی کۆتاییش پاشبەندی (پەیوەست)ە. وشەکە سەرپاکی بەواتای (کام لەو سێ دێوانە)دێ. ئەمە لە ڕووی واتاوە بوو، بەڵام خۆی ناوە، چونکە وەک (ناوێ) هاتووە و بەکارهاتووە. بێگومانیش ئەمە ناوی شاخە، ئەوجا، جێگای لە کام ناوچەیە؟

لەم ڕووەوە، هەروەک وتمان، پور داو جێگای دیاریی نەکردووە و دەڵەتشاهیش جێگا ئەم شاخە، یان ئەم سی شاخە دەباتە لای کەنگاوەر وەهاشی لە قەڵەم دەدا، کە بەم ناوە تا حاڵی حازر هەر هەن، گوایا وەک (سێ چیا) کەوان لە نێوان کەنگاوەر و کرماشاندا (ل – ١٢٤) و ئەگەر ئەم ناوەش بەم جۆرە هەبن، ئەوە زۆر جوانی بۆ چووە و لەگەڵ ئەوەشدا، من بەش بەحاڵی خۆم دەبێ سۆراخی ئەم وشەیە لەو ناوچانەدا بکەم!

لەگەڵ ئەوەشدا، بۆمان هەیە، کە شاخەکانی (پەڕاو) و (کەنوولە) و (کەنگاوەر) بەو سێ شاخە یان بزانین، چونکە بەناوبانگن لە ڕووی دینییەوە و نزیکن لەیەکترییەوە.





AHURANASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەهورەنەسچە)یە.[٧]

لە ڕووی واتاوە، پور داود وەها لێکیداوەتەوە، کە واتای لێکدانەوەی ئەم ناوە (شاخی خوا)، دەگرێتەوە. (ل – ٣٢٨، پەراوێز – ٢) هەروەها، جێگای لە نزیک دەریاچەی (هامون)ەوە دیاریی دەکات. ئەوەی کە دەبێ بوترێ، پور داود لە خۆیەوە ناوی (هاموونی)ی هێناوەتە ناو ناوانەوە و چونکە بەهیچ جۆرێ ناوی (هاموون) لە ئاڤێستادا نەهاتووە و ئەوەی کە بەدەستەوە هەیە (دەریاچەی کیانسییە) یە وپور داود ئەم ناوەی سەپاندووە بەسەر (هاموون)دا و لە سەرەوەی ئەم چەسپاندنەش، شتی زۆری دیکەی بەسەرەوە دروستکردووە، کە دوورن لە ڕاستییەوە (هاموون، ٢٨٩ – ٣٠٠١).

دەوڵەتشاهی، دەستنیشانی شاخی (هۆڵانە) دەکات و دەڵێت، کە لە ڕۆژئاوای کرماشان درێژ دەبێتەوە تاوەکو دەگاتە شاخی (داڵەهۆ) (دەوڵەتشاهی، ل – ١٢٤).

بەبیروڕای من ئەگەر ناوێکی وەها هەبێ بەناوی (هۆڵانە)ەوە، کە ئەمیش دەبێ لە (هۆرانەوە) وەرگیرابێ، ڕێی ڕاستیی زۆری تێ دەچێ!! لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتشاهی لەگەڵ واتەکەیدا نییە و دەگەڕێ بەدوای جێگەی دیکەدا، کە وەک (ئاهۆران) و (هۆرێن) و هی دیکە!!

بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم بەجۆرە، بۆ لێکدانەوەی واتاو جێگای جوگرافیایی ئەم وشەیە دەڕۆم:

(ئەهورانە) لە چەند جێگایە کەوەک قەدەکەی لە ئاڤێستادا (ئەهورە = AHURA)یە. بەواتای (خوا، یەزدان) هاتووە. ئەوجا، ئەو شاخە، یان ئەو ناوچەیە کامەیە، کە بەو ناوەوە بێ و ئەو جێگایەش کەوتووەتە کوێ و کە لە ناو مەرزی ئاریانڤاچدا دەرنەچێ؟ ئەگەر هاتوو (هەروەک لەمەو پێش دیاریمان کرد) زانیمان، نیشتمانی ئاریانڤاچ لە زەویی و ناوچەی نێوان ئەڵوەند و سیروان بەولاوە، ناچێتە دەرەوە، ئەمەش، بەو پێیە لەمەو پێشتر بۆی چووین و دیاریمان کرد.

هەر لەم ڕووەشەوە، دەبێ ئاگاداری ئەوەبین، کە ئەم وشە بەم جۆرە بەلای زۆرییەوە وەک ئاوازە بنەڕەتیەکەی، بەکار ناهێنرێ، یان گۆ ناکرێ و بەشێوەیەکی ڕۆشنتر ئەمڕۆ ئەو ناوە، لە زۆربەی جێگایانی کوردەواریدا بەئاوازی (هۆرە) یان (هۆو) بەکاردەهێنرێت. پتر

لەوەش، وشەی (هۆو) لە زۆربەی هاوارەکانی ئیسلامدا، بەکاردەهێنرێت، وەک (وشەی پاڕانەوە، دوعاکردن، بەپیریەوە هاتن) ئەویش بەشێوەی (یاهو).

لە لایەکی دیکەوە، ئێمە (لە ناوچەی کوردستاندا – بەتایبەتی ناوچەی هەورامان –) شاخمان بەو ناوەوە هەیە. بۆ وێنە، بەشێ لە شاخەی هەورامان (زنجیرە شاخەکانی هەورامان) کە لە ڕەوانسەرەوە، بەرەو ڕۆژئاوا (تاوەکو دەگەنە لای دەرە هەجیج و لەوڕادا، سیروان دەبیڕێ) درێژ بووەتەوە پێی دەوترێ (شاهۆ). بێگومان ئەمە لە ڕووی واتاوە، بەواتای – (شاه + ئەهو) = (خوای گەورە) – هاتووە. هەروەها شاخێکی دیکەی گەورەی ناوچەی زەهاو، بەناوی (داڵە هۆ) وەیە و کە لە بنەڕەتدا، (دەرەی ئەهو)یە کە بەواتای چەم (ناوچەی) خوا دێت.

لە لای سێیەمەوە، زنجیرە شاخەکانی هەورامان، تا بڵێیت زۆرن و هەریەکەیان بەناوی ناوچەیەکی تایبەتی ئەو ناوچەوەیە و بەڵام، شاخی هەورامان وەک ڕواڵەت، واتای گشتیی، بەشەکەی دیکەی دەگرێتەوە، کە لە (دەرەهەجیجە)وە سیروان کردوویەتی بەدوو بەشەوە و ئا لەوێوە بەرەو ڕۆژئاوا تاوەکو دەگاتە لای ملەکەوەی لای پێنجوێن، لەبەر ئەوەی کە (هەورامان) لە بنەڕەتدا قەدەکەی بنچینەیە بۆ ئەم وشانە (هورمزد + ان) = (هورمز + مان) و کە ئەنجامەکەی وشە ناساکاریەکەی (هەورامانی) لێ هاتووە.

بەم بۆ چوونەی سەرەوە، هەر سێ لەم ناوانە، چە لە ڕووی واتاوە، چە لە ڕووی لێکدانەوەی واتای قەدەکانیانەوە، ئەو وشەیەمان، زۆر نەبێ کەمێ بۆ ڕۆشن دەکەنەوە زۆر زۆر ڕەواتر لەوەی کە هیچ بەڵگەیەکت پێ نەبێ و بەزۆر بەهەڵە و نابەڵگە بسەلمێنی!!



RAIMANGASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە، بەم جۆرەیە (ڕەیمەنگەسچە)یە. ئەم وشەیە، لە ڕووی واتاوە، لە لایەن پور داود – ەوە وەها هاتووە (لەوانەیە، بەواتای سەروەت هاتبێ، ل ٣٢٨– پەراوێز، ٣)، بەڵام بۆ دیارکردنی جێگای جوگرافیایی هیچی نەوتووە!!

لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە (ل ١٢٤)، بەشێوەی کوردیی تەواو هاتووە و گوایا بەشی سەرەکی وشەکە (ڕەیمەن) بەواتای (بیروڕامان) هاتووە و پتر لەوەش، ئەم وشەیە، بەناوی شاخ، یان ڕووبار نازانێ و بەڵکم بەفریزەی ئاوەڵکاریی دەزانێ!!

ئێمە، بۆ ئەم وشەیە، بەم جۆرە دەڕۆین:



– یەکەم، پاشبەندی (چە) و (سچە) تەنیا پاشکۆی ناو دەکەوێ ئەمەش بۆ دڵنیایی ئەوانەی کە حەزیان لە پاشەرۆژێکی پشکێنەرانەیە.

– دووەم، وشەکە، لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەم جۆرە بۆی دەڕۆین و ئەویش، (ڕەیمەنگە + سچە) یان (ڕەیمەنگ + سچە)، یان (ڕێ + مەنگە + سچە)، یان (رەی + مانگە + سچە) یان (رەی + مەنگە + سچە).

لە ڕووی واتاوە، بەم جۆرە بۆی دەڕۆین:

بڕگەی (رەی) بەواتای (پرشنگ، ڕۆشنایی)دی لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە بەواتای (گەردەنەی شاخ، تیخەی شاخ، ملەی شاخ)دێ.

بڕگەی(مەنگ)یش، بەواتای تۆوی (هەرەبەنگ = حەشیش)دێ.

ئەگەر بەپێی ئەم لێکدانەوە، بۆ واتایە گشتییەکە بڕۆین دەکاتە (ملەی بەنگ) یان (بەنگجاڕ)، کە لە هەوراماندا پێی دەوترێ (هەرەبەنگجاڕ).

ئەوجا ماوەتەوە، سەر دیاریکردنی جێگا جوگرافیاییەکەی، ئەویش ئەوەیە کە ئەم ناوە دیاریی بکرێ و ئەگەر هاتو زانیمان، دەبێ دیاریکردنی ئەم جێگایە دەبێ ئەوە بگرێتەوە، (کە باشترین و زۆرترین گیای هەرەبەنگ (هۆم) لەو جێگایەدا، لە ماباقی جێگایانی دیکەدا زۆرتر بێ!



ASHA - STEMBANASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەشە – ستێمبە + نە + سچە).

لە ڕووی واتاوە، پور داود ئەم وشەیە بە (دروستکەری دینیی ڕاستی) وەرگێڕاوە، یان لێکیداوەتەوە، (زامیاد یەشت، ل – ٣٢٨ – پەراوێز – ٤) . دەوڵەتشاهیش، هەمان وشە بە (ئەرۆم بۆ جێگا بەناڕەحەتی) لێکیداوەتەوە.

ئێمەیش بەم جۆرە بۆی دەڕۆین:

١– لە ڕووی بڕگەسازییەوە، وشەکە، لە بنەڕەتەوە پێکهاتووە لە ئاوەڵناوێک و قەدی ناوێک و پاشبەندێ کە دەبێتە پاشکۆی ناو، واتە (ئەش + ستێمبەنە + سچە).

٢– لە ڕووی واتاوە، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

– (ئەش) وەک بڕگەی یەکەم، یان وشەی یەکەم بەواتای (ڕاست و ڕێک) دێ و بڕگەی

دووەم یان وشەی دووەم (ستێم) بەواتای پەرستگا دێ و (بەنە)ش وەک پاشبەندێکی پێشووی بەواتای (بەند = دەستە)دێ و پاشبەندی کۆتاییش، هەروەک وتم بەندە بەناوەوە، بەشێوەی ئامرازی پەیوەست هاتووە.

بەتێکڕایی وشەکە بەواتای ئاتەشگا دێ، یان بەواتای (پەرستگا)دێ. ناوچەیەکیش کە لە کوردستاندا (لە هەوراماندا) کە ئاتەشگای تیادا بێ لە ناوچەی (خانەگاو پاوە)یە و لە ناوچەی بیارەش (شانە و ملەی ئاتەشگا - لە بازیی ئاتەشگا- ناوبانگدارە) بەولاوە، بەر گوێ نەکەوتووە، بەڵام لە ڕووی دیاریکردنی جێگای جوگرافیاییەوە، لەو دوو جێگایە بەولاوە، ناتوانم جێگای دیکە دەستنیشان بکەم (من مەبەستم ناوچەکانی نێوان هەردوو زێ! ئەڵوەند و سیروان)ن!!

بەهەرحاڵ، ڕاستی پەرستن، یەکێکە لە ڕێڕەوە بەناوبانگەکانی دینی زەردەشت و وشەی (ئاگر)یش لە ڕووی واتای واتایی و تەنیەوە، وەک ڕاستیەک سەیرکراوە و وەک ڕاستیەکیش بەپیرۆز زانراوە. ئاترە وانان، چاودێریکەرو پاسەوانی ئاگر بوون و بەچینێ لە چینە بەرزەکانی دینی زەردەشتی تەماشاکراون.



URUNYO` - VA´ITHIMITHKAYCHA

ئاوازی ئەم وشە ناساکارە بەم جۆرە دەگرێتەوە: (ئورونیۆ - ڤایزیمیذکەیچە).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، وشەکە بەم جۆرە دەگرێتەوە (ئورون + یۆ - ڤای + زیم + میز + کەی + چە)، یان (ئورونی + ئەو - ڤای + زیم + میژ + کەی + چە)، یان (ئور + وینۆ + ڤای + زیم + میذ + کەی + چە).

لە ڕووی واتاوە، بڕگەی یەکەم کە (ئور) بەواتای گەڕیدە (گەڕۆک)، یان بەواتای (کار، کردەوە، هەڵس و کەوت)دێ. بڕگەی سێیەم کە (ڤای)ە، بەواتای (هەوا، با، وای)دێ. (زیم)یش بەواتای (زستان، ساردیی، سەرما، ڕچاندن، ڕچیاو، ڕچیاگ،...)دێ بڕگەی (میذ) بەواتای وڵات، یان بەواتای (مۆژدە، چاکی، پاداش)دێ. بڕگەی (کەی) بەواتای شاهـ، یان کەیانی، یان وڵاتی (کەیانیان)دێ.

ئەم وشەیە بەوەی پێشەوە بەستراوە و بەڵام ئەوە هەیە، کە ئەم ناوونیشانە زۆرانە (کە بریتین لە ڕووالەتی باش و چاک) سەرپاکیان وڵاتی دینیی ڕاستیان دروست کردووە، یان مەڵبەندی دینیی ڕاستیان دروستکردووە.



بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، ئەگەر چی ئەم ناوە ناساکارەی ئێرە، بەشێوەی (قەد)ی واتاداری زۆر هاتووە (نیکی، وڵات، مۆژدە و پاداش، زستان، وڵاتی کەیانیان) بەڵام بەناوی جێگایەک هاتووە، کە ناوەکەی پێشتر تەواو دەکات (وەک مەرکەزی پەرستش)، لەم جێگا دینیانە، کە لە نێوان هەردوو ڕووباردا شوێنەواریان مابێ؛ ئەمانەن (کەنگاوەر، دیناوەر، ئاتەشگای خانە گاوپاوە، ئاتەشگای بازیی لە ناوچەی بیارە). بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ (دیناوەر)دام، چونکە وشەکە بەواتای (سەرچاوەی دین) هاتووە، ئەگەرچی ئێستە خەریکە ناوەکەی کوێر دەبێتەوە.

شایانی باسە ئەم وشەیە نە لەلایەن پور داودەوە، نە لەلایەن ڕۆژئاواییانە وە لێک نەدراوەتەوە، خۆ دەوڵەتشاهیش مەگەر هەر خۆی لە بۆچوونەکەی تێ بگات (١٢٨ - ١٢٩).



ASNUAUSCHA

ئاوازی وشەکە (ئەسنوەوسچە) یان (ئەسنوئەوسچە)یە.

ناوی ئەم وشەیە، لە لایەن پور داود (زامیاد یەشت، پەراوێز - ٦) بەئاوازی (ئەسنەوەنت) هاتووە و ئەمەش دوورە لە ئاوازی وشەکەوە، کە لە ناوەڕۆکی (زامیاد یەشت)دا کە بەئەلف وبێی پالەویی تۆمار کراوە، (تەماشای زامیاد یەشت، ل - ٤٥٨).

لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە، بە (سەنگ ئاباد = حەسەن ئاباد) لێکداوەتەوە (ل - ١٢٩).

ئەوەی کە دەبێ بووترێ ئەوەیە، کە پور داود (ئەسنەوەنت)ی لێکداوەتەوە، کە کەوتووەتە نزیک تەورێزی ئەمڕۆوە، واتە؛ تێکەڵاویی کردووە لە نێوان (ئەسنووسچە) و (ئەسنەوەنت)دا. ئەمیش ئەم زانیاریانەی لە ( جاگسون -zaroaster the prophet of ancient Iran, Jackson) ەوە وەری گرتووە. (پەراوێز - ٦، ل - ٣٢٨).

من بەش بەحاڵی خۆم، ناتوانم، ئەو بۆچوونانەیان، بەباوەڕەوە وەربگرم و دەمەوێ بەم جۆرە بۆی بڕۆم:

- لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بەم جۆرە بەرچاوی بیر دەکەوێ: (ئەسنو + ئەو + سچە).
- لە ڕووی واتاسازییەوە بەم جۆرە دەگرێتەوە: (ئەسن) بەواتای (ئاسن)دێ و (ئەو)یش بەواتای (ئاو)دێ، بەڵام ئەم دووانە پەیوەندیان بەیەکترییەوە نییە.

شایانی باسە، وشەی (ئاسنەوەرد = ئاسنەڤەرد = ناسنەون) لە کوردستانا، وەک ناوی (ملەی، شاخ، گەردەنە) هەن و بۆ وێنەیەکێ (ملەیەکی گەورە و درێژ و بەرز) لە ناوچەی بیارەدا، لە سەرەوە بەرەو ڕۆژئاوا تاوەکو داوێنی پانتایی دەشت و ڕێک بەرامبەری ئاتەشگا و ملەی ئاتەشگایە کە ئەمیش و ئەویش بەرامبەری یەکترین و شان بەشانی یەکتریی درێژ بوونەتەوە، هەروەک دووانەیەک (ئەگەر وشەکە لێرەدا بگونجێ) وەها دەردەکەون بۆ چاوی تەماشاکەر و پشکێنەر.

ئەوەی کە دەبێ بوترێ، ئەوەیە، کە ئاوەدانی (ئاتەشگای ملە و گەردەنەی ئاتەشگا) کە لە دەمی خۆیدا، ئاتەشگاکەی تیابووە دەوروبەری چوارده کیلو مەترێ شوێنە ما (کەلارە کۆن)ی درێژ بوونەوەی هەر دیارە و ئەمەش (ئەم شوێنەوارە) لە چەمی (ئاڵیاواوە) درێژ بووەتەوە بەدرێژایی شان وگەردەنە ئاتەشگا، تاوەکو دەگاتە (بانیشار = پاینی شار)ی لای خورماڵ وشەی (ئاسنەوەرد)، لە ناوچەی هەورامان، بەواتای زەویەک دێ کە بۆ کێڵان و چاندنی (جۆ = یەو) سوود بەخش بێ، ئەگەر هاتوو زانیمان (زەوی ئاسنەوەرد) دەبییەو ئاوی نییە و بەهۆی بارانەوە ئاو دەخواتەوە. ئەوجا، ئەو (ئاسنەوەرد)ەی ناوچەی بیارە، هەروەک وتمان گەردنەیەکە، بەڵام سەرەکەی تیخەنییە، بەڵکو پانتاییەو هەموو ساڵێ، تاوەکو ئێستەش دەکێڵرێ، بە (جۆ) یان بە (نۆک) دەکرێ.

دەشبێ ئەوە بوترێ، کە ئەم (ئاسنەوەرد)ی ناوچەی بیارە، شاخێکی بەناوبانگ وەها نییە کە بەم جۆرە لە کتێبی زامیاد یەشتدا، ناوی هەبێ، ئەگەر بەبۆنەی ئاتەشگاو (شاری زەردەهاری)ملە و گەردەنەی ئاتەشگاوە نەبێ!!

هەر لە بارەی ئەم وشەیەوە، من لە دەوروبەری ساڵانی نەوەدو چواردا لە تەورێزەوە بۆ تاران دەچووم بەپاڵی شاخی ئەسنەوەند (شان بەشان)، بۆ تاران چووم و سەریشم لەوە سوڕ دەمێنێ کە پور داود، خۆی ئێرانییە و فارسیشە و ناشارەزای جوگرافیای ئێرانیشە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو زانیمان، ئەو خۆی خریک کردووە، بەلێکدانەوەی بەرهەمەکانی ئاڤێستا و بێگومان ئەم بەرهەمانە و لێکدانەوەیان، پێویستی یان بەپسپۆڕیی لە زانستیی زمان و جوگرافیاو مێژوودا هەیە. پتر لەوەش پەنا دەباتە سەر پشکێنەری ئەمەریکایی جاکسون، کە وتوویەتی لەوانەیە ئەم شاخە، شاخی (سەهەند بێ)!!! (زامیاد یەشت، ٣٢٨، پەراوێز، ٦).

بەهەرحاڵ، وشەی (ئاسنەوەرد)ی ناوچەی بیارە، نزیکەی چوارده کیلۆمەترێ



لەگەورەترین و بەناوبانگترین قەڵای مادییەوە نزیکەو ئەویش قەڵای (خارمادە)، کە کەوتووەتە پاینی شارەوە (شاری زەردە هاری ملە و گەردوونەی ئاتەشگا) واتە (بانی شار) یان (خورماڵ)ی ئەمڕۆیە.



USHAOMASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئوشەو مەسچە). پور داود، بۆ ئەم وشە نیشانەی نەزانینی لەبەر دەمدا داناوە(؟) و دەوڵەتشاهیش بەواتای (ئاوی گەرم) و یا (چیمەنزار) لێکداوەتەوە. جێگای دوو ئاوە گەرمەکەی، هەروەک خۆی وتوویەتی، کەوتوونەتە (گەردەنەی هەسەنئاوا)وە، کەوان لە ناوچەی کرماشاندا (دەوڵەتشاهی، ل – ١٣١).

من بەم جۆرە بۆ ئەم وشەیە دەڕۆم:

١– وشەکە پێکهاتووە، لە (ئوش + هەوم)، یان (ئوش + ئەوم).

٢– لە ڕووی واتاسازییەوە، ئەگەر برگە دابەشکردنەکە تەواوبێ، دەبێ برگەی یەکەم کە (ئوش)ە، بەواتای (هۆش، بیستن)دێ و برگەی دووەمیش (ئەوم) وشەی (هۆم) دەگرێتەوە و(هۆم)یش ئەو گیایەیە، کە لە لای زەردەشتیەکان زۆر پیرۆزە و لە کات و دەمی دینیدا، بەکار دەهێنرێ. شاخەکانی ناوچەکانی هەورامان هۆمی زۆریان لێیەو هەر لە خۆیەوە سەوز دەبێتەوە و دەبێتەوە.

حاڵی حازر، ناوی (هۆم) لە ناوچەکانی هەوراماندا و لای خەڵکەکەی (هەرەبەنگ)ە وناوی هۆم، لەوێدا، لە یاد نەماوە. ئەوجا، دێتە سەر ئەوەی، کە ئایا هەرەبەنگ لە چە جێگایەک دەڕوێ؟ بۆ ئەم وەرامە، وەرامی ئەم پرسیارە ئەوەیە، کە ناوچە شاخاویەکانی نێوان هەردوو ڕووبار سەرپاکیان هەرەبەنگیان لێ دەڕوێ و ئەو جێگایەش کە زۆرتری لێ دەڕوێ و ناوبانگی هەیە شاخەکانی هەورامان و پشتەوەی نۆتشە (نۆتشە پاڵی پێوەداوە)ن.



USHTA - XARANGAUSHCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئوشتە – خەرەنگەوسچە) یان (ئوشتە – خەرەنگاوسچە)یە.

پور داود، جێگای ئەم ناوەی بەنازانم (؟) دیاریی کردووە، بەڵام لە ڕووی واتاوە

به(ئارەزوویەکی زۆر) لێکیداوەتەوە، پتر لەوەش ، لە ڕووی ئاوازەوە بەم جۆرە بۆی چووە (ئوشتە خشاوەنە) و ئەمەش لەگەڵ ڕێنووسی وشە بنەڕەتیەکەدا، ناگونجێ و بەشێوەیەکی دیکە، ئاوازی تەواوی وشەکە بەو جۆرەی سەرەوەیە.

لە برگەسازییەوە بەم جۆرە بۆی دەڕۆین (ئوشە + خەرەن + گاو + سچە).

لە ڕووی واتاسازییەوە بەم جۆرە دەگرێتەوە، برگەی (ئوشتە) بەواتای (ئارەزوو، ئاکام، ئاوات، ئامانج، حەز)دێ. برگەی دووەم لەوە دەکات کە بەواتای (خارن = خواردن) بێت و برگەی سێیەمیش (گاو)ە، بەواتای (چوارپێ، وڵاخ)دێ و برگەی چوارەمیش پاشبەندی پەیوەستە وەک ئامراز. ئەگەر واتاکان بەو جۆرەی سەرەوە تەواو لێکدرابنەوە، بەواتای (لەوەرگە، پاوەن، لۆجار، کەماجار،...)دێ.

بەڵام جێگاکەی، بەپێی ئاوازی ئەو ئاوەزەی سەرەوە.



SYA`MAKASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (سیامەکەسچە).

لە ڕووی برگە سازییەوە، بۆمان هەیە بەم جۆرە بۆی بڕۆین (سیامەک + سچە).

لە ڕووی واتاسازییەوە، بەشی (سیامەک)ە و بەواتای (موو ڕەش)دێ. واتا (سیا) کە لە (سیاو)ەوە هاتووە و بەواتای (ڕەش) هاتووە و (مەک)یش لە (موو) وەهاتووە و بەواتای (موو)دێ. پاشبەندی (سچە)ش، هەروەک چەندان جار هاتووەتە ڕێگامان و وتوومانە، کە پاشبەندێکە، کاری ئامرازی پەیوەستە.

لە مێژووی ئێراندا، بەتایبەتی لە بارەی پێشڕەوایانەوە، کە (سیامەک) کوڕی (مەشیا)یەو ئەمیش کوڕی (کەیومەرث)ە. ئەوەی کە لەم ڕووەوە دەبێ بوترێ، ئەوەیە، کە ئەم جۆرە ڕازانەی کە لە بارەی دروستبوونی (ئادەم) وە تا ئەوێ، بەچەند جۆرێ دێ و جیاوازیش هالە نێوانیاندا و ئەگەر خوێنەر لەم ڕووەوە زۆرتری بوێ، بۆی هەیە، بگەڕێتەوە بۆ مێژووی تەبەریی (تاريخ الطبری)، شاهنامەی فردەوسی و پتر لەوەش لە یەشتەکاندا. لە ڕووی دیاریکردنی جێگای جوگرافیاییەوە؛ ئەم ناوە لە ناوچەی هەورامانـدا، بووە بە(کەمەرە سیاو) کە بەواتای (شاخی ڕەش)دێ و ئەمیش کەوتووەتە ناوچەی کۆساڵان و بەرامبەری عەوداڵان، یان بەشێوەیەکی دیکە، ئەم (کەمەرە سیاو)ە، کەوتوەتە بەرامبەری (کەمەرە سوور)ەوە لە هەورامانی تەختدا. شایانی باسە ئەم کەشە بەرزانە، لە بەرزیدا هەر



زۆر بەرزن و لەگەڵ ئاسماندا کەوتوونەتە شەڕەوە و لە هەورامانـدا، بەم جێگا بەرزانە (مای هەزارانی) دەوترێ، کە بەواتای (هەزار هەزاران گەز)دێ. یەکێ لە شاخە بەرزەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە، شاخی (کە لەچەرمە)یە و کە بەواتای (کە لە سفید)دێ و هەمیشە لە بەفردا سپی دەکاتەوە و درەوشانەوەی ڕیزەی بەفرەکە، لە دوورەوە چاو دەبات!! (بۆ زۆرتر زانین لە بارەی بەرزایی و ناسینی ناوی ئەم شاخانەوە، تەماشای، هەڵبەستەکانی کەیهان لهۆی بکە، کە لێرەدا لە جێگایەکی دیکە و بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەستە تۆمار کراون!)



VAFRAYA`USCHA

ئاوازی ئەم وشەیە، بەم جۆرەیە: (ڤەفرەیاوسچە).

لە ڕووی برگەسازییەوە، بەم جۆرە دەگرێتەوە (ڤەفرە + یاو + سچە).

لە ڕووی واتاسازییەوە بەم جۆرە بۆی دەڕۆین (ڤەفرە) بەواتای (بەفر = وەفر = وەرف)دێ و برگەی دووەمیش کە (یاو)ە(وەک) (ی)ی تەنسیب وەهایەو لەگەڵ ئەوەی پێشوودا بەواتای (بەفراویی)دێ و بەشی (برگە) کۆتاییش وەک ئامرازی پەیوەستە و بەم پێیە ئەم ناوە بەشێوەی (بەفراویی) هاتووە و ئەمڕۆیش، لای هەورامیەکان ئەم ناوە بە (کەلەچەرمە) ناودەبرێ کە بەواتای شاخێ دێ کە هەمیشە بەفراویی بێ، یان هەمیشە (سەر پۆشی) بەفراویی بەسەرەوە بێ.



VOURUSHASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ڤۆو روشە سچە)یە.

لە ڕووی برگەسازییەوە، بۆمان هەیە بەم جۆرە بۆی بڕۆین (ڤۆو + روشە + سچە)، یان (ڤۆ + وروش + سچە)، یان (ڤۆروش + سچە).

ئەم دابەش کردنەی سێیەمە بەم جۆرە دەگرێتەوە؛ (برگەی «ڤۆروش» کە وشەیەکی سەرەیە بەواتای درێژ پێدان (درێژ بووەوە) دێ و کەژ (شاخێکی وەها)و لە دەوروبەری ئەو ناوانەی پێشوو یان، لە ریزی ئەواندا، مەگەر هەر (ژاڵانە)بێ، کە ئەمڕۆ لە کە ماڵاوە، بەرەو ڕۆژئاوا درێژبووەتەوە، تا دەگاتە سەر سەرچاوەی (زەڵم) کە بەسەر شارەزووردا دەڕوانێ.

لێکدانەوەی بەم جۆرەش؛ (ڤۆو) بەواتای (چاک)دێ و (ڕۆش)یش بەواتای (هەڵس و کەوت، ڕەوشت، خوو پێوە گرتوو)دێ. ئەگەر ئەم ناوە، بۆ (شاخ)بێ یان بۆ ناوچە، (ئاو و هەوا خۆش،ئاو وهەوا سازگار) دەگرێتەوە.

یان بەم جۆرەش لێک دەدرێتەوە: وشەی (ڤۆ) بەواتای (با، هەوا، وا) دێ و وشەی (وروش)یش، بەواتای (گژژە، هێرش)دێ. وشەکە بەهەمووییەوە، بە واتای (باگر، ڕەشەباگر، دەربەندی با، کەلی باگر، ملەی هەواگر، شانەی ڕەشە باگر)دێ.



# بەندی شەشەم



YAHMYA

ئاوازی ئەم وشەیە (یەمیە)، یان (یەهمیە)یە.

لە ڕووی واتاوە (پور داود ئەم وشەیە بەستووە بەوشەی دواییەوە و بەهەردووکیانەوە بەواتای (شاخی کەتیرە دار) لێکی داوەتەوە، چونکە ناوەکە بەئاوازی (جەتەرە) هاتووە، ل - ٣٢٩ پەراوێزی یەکەم، زامیاد یەشت).

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر ئەم وشەیەی ئێرەی بەناو لێکداوەتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا، ناو نییە!!!

دەوڵەتشاهیش بە(هاتم)ی لێکیداوەتەوە (ل - ١٣٤).

بەڵام، من بەش بەحاڵی خۆم ئەم وشەیە، نەبەناوی دەزانم و نە بە(کار = فرمان) و بەڵکم بەراناوی کەسیی، کە بۆ (ئەو) دەگەڕێتەوە (کەژەکە = شاخەکە)... وەک بڵێیت، ئەو شاخە (کە کەتیرەدارە)، بەشێوەیەکی ڕۆشنتر دەڵێ: (کە کەژی بنێشتە)و ئەمەش زۆر ڕوونت لێ دەبێتەوە، ئەگەر هاتوو زانیت، کە (کەژ و شاخەکانی هەورامان یەک و دووان نین و بەشێوەیەکی گشتیی ناوچەکە شاخاویە و لەو شاخە زۆرانەش، کەژی نییە کە(قەزواندار) نەبێ و کەوا بوو زۆربەی شاخەکانی (کەتیرەدارن) و بۆیە لێرەدا ئەم ڕاناوە، کە زۆر نزیکە لە (کە)وە و(ئەمەیش) دەگەڕێتەوە بۆ ناوی کەژەکەی پێشەوەی. لە هەوراماندا، بە(شاخە بنێشت)، شاخی (بنێشت) ناوترێ!! بەڵکو (کەژی بنێشت)ی پێ دەوترێ و ئەم ناوەش بۆ ئەو جێگایانەن، کە زۆرتر لە جێگایانی دیکە (بنیشت دارن) کە وەک شاخە بنێشتەکانی پشتی نۆنشە و کەیمنە و هانە گەرمەڵە و ویان شاخەکانی ناوچەی چاڵان، کە کەوتوونەتە ناوچەی هاوارە وە و پێویستیشە ئەوە ڕۆشن بکەینەوە کە ئەمانە لەیەک جوێ نەبوونەتەوە، بەڵکو قەدی درەختەکەیان شاخی (هەورامان)ە و هەریەکە لەوانەش، لقە ناوی ناوچەییان پێوەیە.



CHATRASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (چەتەرەسچە)یە.

هەروەک نەختێ لەمەوبەرتر وتمان (چەتەرە) ناوە، بەڵام ناوی (شاخ، کەژ، کێو) نییە، بەڵکو ئەم ناوی کەتیرەیە بووە بەئاوەڵناوێ بۆ (کەژە درێژ و بووەکە)ی پێشەوە. ئەمڕۆ لە هەوراماندا (کەژ بنێشت) هەیە و کەژی (کەتیرە)ش هەیە و جیاوازییش هەیە، لە نێوان (کەتیرە) و (سرێش) و (هەنگووژاو) و ئەم ناوانە، لەوەدا یەکتریی دەگرنەوە، کە یەکەم شاخەکانی هەورامان ئەم بەرهەمە کێویانەیان هەیە و دووەمیش ئەم جۆرە ناوانە لە (کردەوە)ی کەتیرەدا یەکدەگرنەوە.

بێگومان پور داود ئەم ناوەی بەشاخ سەر ژمێرکردووە و دەوڵەتشاهیش بەناوی دەزانێ و دەبیاتە ناوچەی کرماشان- دەوڵەتئاوا (ل – ١٣٥).



ATHUTAVA`USCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەثوتە ڤاو سچە)یە.

لە رووی برگەسازییەوە، بەم جۆرەی بۆی دەرۆین: (ئەثو + تەڤاو + سچە).

لە رووی واتاسازییەوە، پور داود وەهای بۆ چووە، کە بەواتای (شاخێکە دەڕوانێ بەسەر ئاودا)دێ و بەڵام لە کوێیە، پێی دیاریی نەکراوە. بەڵام دەوڵەتشاهی، بەناوچەی (تەجر)ی دەزانێ کە کەوتووەتە ١٢کم رۆژئاوای ژووررووی ئیسلام ئەبادەوە.

بەلای منەوە، ئەم وشەیە دوو بەشی سەرەکییە و ئەوانیش (ئەثو) کە بەتەواوی لە جێگای (ئەوجا)ی پەیوەستەو بەشی دووەمیشی (تەڤاو)ە کە بەواتای تاڤگەی ئاو هاتووە. بەهەموویەوە دەگاتە ئەوەی کە واتای (ئەوجا تاڤگەی ئاوە).



SPETAVARENA`USCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (سپێتە ڤەرێناوسچە)یە.

لە رووی واتایەوە، چە پور داود و چە دەوڵەتشاهی هەریەکە یان شتیان وتووە و جوانیشیان لێکداوەتەوە، بەڵام جێگای جوگرافیایی لە لایەن پور داودەوە دیارینەکراوە و



بەڵام دەوڵەتشاهیی هەروەک خۆی دەڵێ، ئەو شاخە کە (کوە سفید)ی گرتەوە، کەوتووەتە لای رۆژهەڵاتی (سراب کرمانشا)نەوە. ناوی شاخێ بەناوی (سفید کوە = کوە سفید = کەشە چەرمە = کەلە چەرمە = کەمەرە چەرمە)وە لە زۆر جێگای ناوچەکانی هەوراماندا بەتایبەتی و لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بەشێوەی گشتیی بەرچاو بەرگوێ کەوتوون نەخشەی جوگرافیاییش دەستی بۆ ڕاکێشاون و بۆ وێنە وەک:

لە ناوچەی (سەقز) کەژێ هەیە بەناوی (سفید کوە) و لە هەورامانی تەختدا، شاخێ هەیە بەناو (کەمەرە چەرمە) و لە ناوچەی هاوار نزیک بە(گریانە) لەوبەری سیروانەوە، (کەشی چەرمە)هەن.

ئەوەی یەکەمیان دوورە لە ناوەکانی دیکەوە کە لەمەوبەرتر، ناویان هێنرا و بەڵام ئەمانەی دوایی (ئەوەی کرماشان و هەورامان و ناوچەی گریانە) لەمانەوە نزیکترە، ئەوجا دیاریکردنی یەکێکیان، نەختێ نادروستی دەنوێنێ.

ئا لەم ڕووەوە، شاعیری کوردی گەورەی بەناوبانگ (گۆران)، دەم و چاوە سپیەکانی شاخە بەرزەکانی هەورامان (بەوێنەی سەر پۆشی بەفراوینی سپی) لە چامەی (گەشتی هەورامان)دا بەم جۆرە دایڕشتوون:

کۆمەڵە شاخێک، سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی، گرتووەتە باوەش
سەر پۆشی لووتکەی، بەرزی زۆر سپی
بەدارستان رەش، ناو دۆڵی کپی



SPENTO`DA`TASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (سپێنتۆ داتەسچە)یە.

لە رووی واتاوە، پور داود وەهای بۆ چووە، کە ناوی شاخە و بەواتای (مقدس = پیرۆز) هاتووە هەروەهاش ناوێکە و ئەمرۆیش ئەو ناوە بووە بە(ئەسفەندیار)، (ل – ٣٢٩ – پەراوێز، ٤).

بەڵام پور لەتشاهی وەهای بۆ دەچێ، کە ئەمە ناو نییە و بەڵکو فرەێزێکە بەواتای (تەواوی ئەمە کەوترا) دێت (ل – ١٣٩).

بەڵام من بەم جۆرە بۆی دەڕۆم:

– لە ڕووی بڕگەسازییەوە بەم جۆرە بۆی دەڕۆم (سپێن + تۆ + داتە + سچە)، یان (سپێنتۆ + داتە + سچە). بڕگەی یەکەم (بەشی یەکەم)، (سپێنتۆ) بەواتای ئاوێ (تافێ) دێ، کە بە(تووش) دەردێتە دەرەوە، یان فڕێ دەدرێ، کە ئاوەکە (تۆزێکی) سپی سپیە و پاش ماوەیەک ئەوجا دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی پێشووی ئاویی. بڕگەی دووەمی وشەکە کە (داتە) بەواتای (داهێنراو)، (کەم وێنە)، هاتووە و پاشبەندەکەی دوایی بەشێوەی ئامرازی پەیوەست هاتووە.

بەهەرحاڵ وشەکە، بەواتای (سپی ئاو = ئاوی سپی) هاتووە.

شایانی باسە، لە ناوچەی باینگان، زۆر بەرەو خوار، شاخێ و ناوچەیەک و دۆڵێک هەیە بەناوی (سپیاو)وەیە و ئەم ناوە، لەوەوە هاتووە، کە لە قەدی ئەو شاخە بەرزەوە، دەوروبەری دەگەزێ بەرز بە بەهاران ئاوێ دەردەپەڕێ ئەوەندە بەتووش دێتە دەرەوە، دەوروبەری دە، تا پانزەگەزێ باز دەبات و ئەوجا دەکەوێتە خوارەوە و بەرەو ئاویی دەگەڕێتەوە. ئەم ئاوە تەنها بە بەهاراندا هەیە و بەهاویناندا چۆڕەی لێ دەبڕێ و ئەم ئاوە زۆرە، کە بە بەهاراندا، لەوێدا دێتە دەرەوە نزیکەی سێ چوار ئاشگێر ئاوی لێ دێتە دەرەوە، بەناوی (سپیاو) ناوبانگی جوگرافیایی هەیە.

وێنەی (بلبەر) کە تاڤگەیە کە بە بەهاراندا دەتەقێ و هەروەک سپیاو ئاودارە و بەهاویناندا، زۆر کەم دەکات.



KADRVA - ASPASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (کەدرڤە – ئەسپە سچە).

لە لایەن پور داودەوە ئەم وشەیە بەواتای (ئەسپی کەهر) – (کەهر، بەواتای ڕەنگی سوور مەیلەو ڕەش) لێکیداوەتەوە (ل – ٣٢٩، پەراوێز – ٥) پتر لەوەش (کۆندر، کەدرڤە) بەیەکێکیان دەزانێ، لە کاتێکدا هەردووکیان لە یەشتەکاندا هاتوون، ئەگەر هاتوو زانیمان (کۆندر) بەواتای (کەندڕ) هاتووە و (کەدرڤە)ش بەواتای (چارە کەهر) هاتووە.

دەوڵەتشاهی ئەم وشەیە بەشێوەی شاخی (کەهەرە = kahara) لێکیداوەتەوە و کەوتووەتە لای ژووروروی ڕۆژئاوای ڕووباری (سەیمەرە) وە (ل – ١٤٠).



ئێمەیش بەم جۆرە بۆی دەڕۆین و دەڵێین کە بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا، دابەش دەکەین:

– (کەد + ڕەڤ + ئەسپە + سچە). (کەد) وەک بڕگەی یەکەم بەواتای (کەوە)دێ و کەوەش (شین ڕەنگە) و بڕگەی دووەمیش کە (ڕەڤ)ە، بەواتای (چارە، نێوچاران) دێ و (ئەسپە)ش کە بڕگەی سێیەمە، بەواتای (ئەسپ)دێ و پارچەکەی کۆتاییش ئامرازی پەیوەستە. بەشێوەیەکی گشتی وشەکە بەواتای (ئەسپی چارەکەوە) یان ماینی کەوە دێ.

لە ڕووی دیاریکردنی جێگای جوگرافیاییەوە (مای = شاخ – ی – کاوە سوور) لە ناوچەی هەورامان بەرامبەری شاخی (کەمەرە سیاو)ە.



KAO`IRISASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (کۆیربسەسچە)یە، یان (کەویربسەسچە)یە.

ئەم وشەیە، لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە، کە زنجیرە شاخی ڕۆژئاوای ئێران و ڕۆژهەڵاتی عێراق کە لە خوارەوە بەرەو ژوور ڕاکێشراوە (کەبیر = کبیر) کۆی پێ وتراوە و ئەمەش وشەیەکی عارەبییەو لە بنەڕەتدا (کەویر) بووە و کە ئەمیش بەواتای (گەلە و گۆسفەند)دێ. (ل – ١٤١).

((پور داودیش، دەڵێ، کە زۆربەی ڕۆژهەڵاتناس، وەهای بۆ چوون کە وشەی، یان ناوی (کویراس = KO`I`RA`S) – (لە ڕاستیدا، ئەم ئاوازە ناتەواوە، هەروەک لە سەرەوە دەیبینی) – شاخێکە کە کەوتووەتە ولاتی ئاریانڤاچەوە و ئەوجا لە کوێیە (؟) – ل – ٣٢٩، پەراوێز، ٦))

ئەوجا، دەگەڕێتەوە و دەڵێ (مارکوات، وتوویەتی کە ئەم شاخە وا لە خوارزم!!).

ئەوەی کە لێرەدا، دەمانەوێ خوێنەری بەرێز لە بارەی مێژووی ژیانی ڕۆشنبیری مارکواتەوە بزانێ، تەنها ئەمە دەڵێین، کە مارکوات، ئێرانی مەگەر لەسەر نەخشەوە دیبێ و لە دوورەوە لەسەر مێز بڕیاری پسپۆڕی لە بارەی ئێرانەوە دەدات!!

لەم ڕووەوە و بۆ لێکدانەوەی وشەکە، ئێمە پێشەکیی بەسەر بڕگەدا، دابەشی دەکەین و ئەوجا، بەرەو لێکدانەوەی واتای و جێگای، دەڕۆین.

لە ڕووی بڕگەوە، بۆمان هەیە بەم جۆرە بۆی بڕۆین (کوێری + سەسچە)، یان (کوێریسە + سچە)، یان (کە ئۆی + ریسەسچە)، یان (کە + ئۆی + ریسە + سچە)، یان (کۆیی + ریسە + سچە)، یان (کۆیی + ریزە + سچە)، یان (کۆوی + ڕێزەس + چە)...

لە ڕووی لێکدانەوەی واتایەوە، (کۆ) بەواتای (کۆماخڕ) یان (شاخێ) کە درەختی پێوە نەرویێ و سەرپاکی قەبارەی (کەمەربی = بەرداویی) بێ و (ڕێزەس) بەواتای (ڕووخاندن)دێ و کە شاخە کەمەراویەکە، هەمیشە بەردی لێ دەبێتەوە بەرەو خوار دەکەونە خوارەوە و (تل)دەبنەوە. لە (فەسڵی – ١٢، فەقەرە – ٢) بەندهشدا، هاتووە کە ئەم شاخە وا لەوڵاتی (ئاریانڤاچ)دا.

کەژێ بەم ناوونیشانەوە، شاخی (ورا)یە، کە کەوتوەتە جێگایەکەوە، کە لەو جێگایەدا سیروان شاخی هەورامان دەکات بەدوو لەتەوە و یەکێکیان بەناوی هەورامان (ڕۆژئاوای) دەمێنێتەوە و ئەو لەتەکەی دیکە بەناوی (شاهۆ)وە کە بەرەو ڕۆژهەڵاتە، ناو هەڵدەگرێ.

شایانی باسە، ئەم بڕینەی سیروان بۆ شاخی هەورامان، دەربەندێکە ڕێگای نێوان پاوە و هەورامانی تەختە و ئەوەش کە دەبێ ڕێ گوزەر، لەم گوزەرگایەدا ئاگادار بێ ئەوەیە، لە کاتی بەفر باریندا یەک بەدوای یەک تاشە بەرد و تلە بەرد خل دەبنەوە (تل دەبنەوە) بەرەو خوارو، (دێ)ی (ورا)یش لەم چەم و دۆڵەدایە.



TAERASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە، (تێرەسچە) یان (تەیەرەسچە)یە.

ئەم وشەیە، لە لایەن لێکدانەوەی پور داود و هەروەها ڕۆژئاوییەکانەوە بەرچاو نەکەوت و بەشێوەیەکی دیکە لەوانەیە، پەرپیێ!!

لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە، وەهای بۆ چووە کە ئەم ناوە (تەنگەتیر)ە و کەوتووەتە ناوچەی (گاماسیاب)ەوە و لە لای خوارووییەوە (ل – ١٤٣).

لە ڕووی واتاییەوە، ڕەواتر وەهایە، کە بگەڕێینەوە، سەر بڕگەسازیی و لەم بارەیەشەوە وشەکە بریتییە لەم بڕگانە (تێرە + سچە). کە بڕگەی یەکەم بەواتای (تیرە) یان (تیر) یان (زنجیرە تیخە شاخ)دێت، ئەم ناوونیشانە بەلای ئەوەدا، دەچێ، کە ئەم شاخە جۆرە شانەیەکە کە شێوەی تیژی وەرگرتووە، یان شانەیەکی تیژە، کە وەک (بڕ بڕ)ەیەو ئەمڕۆ پێیی دەوترێ (بڕبڕە شاخ)، یان (تیخەی شاخ) و لە ڕووی دیاریکردنی جێگایەوە، دەبێ بەلای کەمیەوە نزیکی شاخەکەی بەرتریەوە بێ و ئەوەی پێشوویش کەوتووەتە (وڵاتی ئاریانڤاچ)ەوە و سەرپاکی ئەم ناوانەش کە لێرەدا هاتوون هەروان لە هەمان وڵاتدا، کە هەمیشە زەرەدەشت بەپیرۆز باسیان دەکات، ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی ترەوە، ئەم جۆرە



تیرە شاخە، لە هەرجێگایەکی دیکەدا هەن، ئەگەر شاخاویی بێ!

بەپێی ئەو بەڵگانە کە لەمەوبەرتر هاتوون و وڵاتی ئاریانڤاچیان دیاری کرد، کە لە نێوان هەردوو ڕووباردا (ڕووباری ئەڵوەند و ڕووباری سیروان)یە و دەمێنێتەوە (ئەم تیرە شاخە) کە لە کوێیەوەی هەروەک لە سەرەوتمان، دەتوانین بەدەیان تیخەی وەها دەستنیشان بکەین.



BARO`- SRAYANO`

ئاوازی ئەم وشەیە (بەرۆسرەیەنۆ)یە.

پور داود (٣٢٩ – پەراوێز، ٧) بۆ لێکدانەوەی ئەم وشەیە، وەها بۆی دەچێ کە واتای (خاوەنی نیکۆیی)دێ و بەم لێکدانەوەیەش دەستنیشانی بۆچوونەکانی (گێڵدنەر) و (دارمیستەتەر) دەکات!!! (پور داود، ئەگەر بۆچوونەکانی هی خۆی بن یان پەنابردن بێ بۆ ڕۆژهەڵاتناس، ئە ئەمانە، لە ڕووی بەراوردکرن و بەراوردکاریەوە، کارێکی ڕەوایە و زانستیانەیە، بەڵام نەبوونی ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە، بەجێ هێشتنی باس (خاڵ)ی بەردەمی بیر و بازدان بۆ شتێکی دیکە، بەتەواوی بیر ماندووکەر و بێ سوودە و پتر لەوەش جۆرە کەمکردنەوەیە بۆ دەوری خاڵە سەرەکیەکە.).

ئێمە بەم جۆرە بۆی دەڕۆین: (بەرۆ + سرە + یەنۆ)، یان (بەرۆ + سرە + یەن + ۆ).

لە ڕووی لێکدانەوەی واتای بڕگەی (بەرۆ) بەواتای (لای سەرەوە، تیخەی سەرەوە، بڕۆ، ئەبڕۆ)دێت. بڕگەی دووەم (سرەیە) بەواتای (ریز، زنجیرە)دێ. بڕگەی (نۆ)ش بەواتای (نۆ = ٩)دێ. بەهەمووییانەوە بڕگەکان دەکەنە وشەکەو ئەویش بەواتای (نۆ زنجیرەی ریزبوو، تیخەی یەک ریز)دێ.

ئەم وشەیە، خۆی لە خۆیدا، ئاوەڵناوێکە و ناوونیشانی زنجیرە شاخەکانی پێشەوەیە لەم ڕووەشەوە ناوێک بەشێوەی (سەریاس) کە ملەیەکی ئاوادارە و بەڵام تا بڵێیت لەگەڵ سەرما و ڕەشەبا و بەفردا دۆستە و لە پێشی پێشەوەی جێگایەکانی دیکەی ئەو ناوچانەدا، سەرما و بەفر و ڕەشەبا ڕووی تێ دەکات و ئەم جێگایەش سەرەتای دەستپێکردنی ئەو شان ملەیە کە لە (سەریاس)ەوە – نزیک بەشمشێر، دەست پێ دەکات و بەرەو سیروان ڕادەکێشرێ و لە جێگایەکدا کە پێیی دەوترێ (گارە)، ئاتەشگای بەسەرەوەیە و ئەم ئاتەشگایەش بەسەر (مایدەشت) و (شارەزوور)دا دەڕوانێت.



BARANASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (بەرەنەسچە)یە.

لە ڕووی واتاوە، پور داود (ل – ٢٣٠، پەراوێز،١) ئەم وشەیە، بەواتای (باڵدار، پەلەوەر) لێکیداوەتەوە. بەڵام جێگای جوگرافیایی دیاریی نەکردووە. لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە بەواتای (بەرەو پێشەوە) لێکیداوەتەوە و ئەوجا لە سەری دەڕوا و دەڵێ (سەرەنۆ) یان (سەرین) لە ناوچەی |(هەرسین)ە و لەپاشا دێت و دەڵێت، لەوانەیە جێگای (وەیس) بێ وەیان (وەرلە)بێ، (ل – ١٤٦).

ئێمە بەم جۆرە، بۆ لێکدانەوەی ئەم وشەیە دەڕۆین:

– (بەرە + نەس + چە). بڕگەی یەکەم، کە (بەرە)یە، بەواتای (دەرگا، بەرە، دەربەند)دێ. بڕگەی (نەس) بەواتای (دێو، لاشەی مردوو، ترسناک)دێ. لە لایەکی دیکەوە، بۆمان هەیە کە بڕگەی (نەز) بەواتای (لانە) لێکی بدەینەوە.

لە هەردوو حاڵەتدا، ناوەکە، کە ڕوواڵەتی ناوونیشانی پێوەیە، بەواتای (تەنگیبەرێک (دەربەندێک)ی تەسک و ترسناک) بەرچاو دەکەوێ. ئەم ناوونیشانە بۆ (دەربەندی تەنگیبەر)، کە شوێنەواری هەڵکەندراوی نووسراوی زۆر کۆنی تیایە، یان (دەرەناو) کە بەتەواو تاڤگەی (بڵ) دەرژێتە ناویەوە ئەم دەربەندەش کەوتووەتە نزیک دەرەهەجیج و سەر ڕێگای هەورامانی تەخت و حاڵی حازری (دێ)ی (دەرەناو) کەوتوەتە ئەوێ وە. پتر لەمەش، بەدەیان دەربەندی قووڵ و ترسناک، لە ناوچەکانی هەوراماندا هەن.

لە وشەی (وەرلە)دا – (دێیەکە لەسەر ڕێگای کامیاران و دەربەندی کرماشان) – هەروەک دەوڵەتشاهی بۆی چووە، ناگونجانی زمانناسیانە ڕێ نادات، کە لەگەڵ وشە ئاڤێستاییەکە یەک بگرنەوە، چونکە دەنگی (ل) بەرەو (ر) ڕێی تێ دەچێ، بەڵام بەرەو (ن) زۆر دوورە!!



FRA`PAYA`USCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (فراپەیاوسچە)یە.

ئەم وشەیە، لە لایەن (پور داود و لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە) دەنگی لێکدانەوەی نییە!



هەروەها، جێگای جوگرافیایشی دیاریی نەکراوە. دەوڵەتشاهیش بە (فرەپیاو = پیاوی زۆر) لێکی داوەتەوە (ل – ١٥١).

ئێمەیش بەم جۆرە بۆی دەڕۆین و ئەویش وا بەسەر بڕگەدا دابەش دەکەین: (فرە + ئاپە + یە + ئاوس + چە)، یان (فرا + پەی + ئاو + سچە).

لە ڕووی واتاوە، بڕگەی یەکەم کە (فرا)یە، بەواتای (دیاریی، زانراو، لەبەرچاو...)دێ و بڕگەی دووەم (ئاپەی) بەواتای پەیتا (زۆر، فراوان)دێ. بڕگەی سێیەم (ئاو) بەواتای (ئاو)دێت و پاشبەندی (سچە)ش، وەک ئامرازی پەیوەست هاتووە.

ئەگەر ئەم بۆچوونە و لێکدانەوە تەواو بێ، ئەوە بێگومان واتای (سەراو) بەدەستەوە دەدات. ئەوجا، جێگای کامە یە– (ئەگەر بەپێی ریز، یان نزیکتر لەوەی پێشەوە، دەبێ ناوچە (ڕەوانسەر) بگرێتەوە کە سەرەتای (شاهۆکۆ = کەژی شاهۆ)یە بەناوی (سەراوی) ڕەوانسەریش، بەناوبانگترین سەراوی، ئەو ناوچەنەیە (ناوچەکانی کرماشان).

شایانی باسە، وشەی (ڕوانسەر) پێکهاتووە لە (roud = ڕووبار) و (سەر)یش کورتکراوەی ( ئاو = چەمە = سەرچاوە)یە...



GAIRISH

ئاوازی ئەم وشەیە (گەیریش)ە.

لە ڕووی لێکدانەوەوە، پور داود، لەوە دەکات، کە لێی پەریبێ، یان بەسەریدا تێپەریبێ! لە لایەن دەوڵەتشاهییەوە، بەواتای (گەڕان، گەردان، گەردەش) لێکدراوەتەوە (ل – ١٥٣).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، دەتوانرێ بەدووبڕگە دابەش بکرێ و ئەوانیش (گەیری + ش)ن بڕگەی یەکەم (گەیریی) بەواتای (گارە، شاخ، کەژ، کەش، کێو)دێ و پاشبەندی (ش) بۆ ئەوان، یان ڕاناوی لکاوی (ئەوان)دێ و گوایا، بەهەردووکیانەوە، بەواتای (گارانەش)، (کێوانەش = شاخانەش) – (جۆرە ئاماژەیەکی بۆ دەکرێ)–دێ. جگە لەوەش، وشەی (گەیریی) خۆی لە خۆیدا، ئا لێرەدا، بەشێوەی (مێینە) هاتووە، چونکە لە بنەڕەتدا (گەیرە = گەرە)یە و وەرگرتنی ئامرازی (پاشەبەندی مێیەتی) لێرەدا بەهۆی (کۆ) کردنەوەیەتی و ئەم جۆرەش کۆیانەش (ئەوجا نێر بێ یان مێ) دەبێ پاشبەندی (مێیەتی) وەربگرێ.

شایانی باسە، لەناوچەی پاوەدا، ئەو شاخەی کە ئاتەشگای بەسەرەوەیە، ڕوو بەخانەگاو پاوەی بەناوی (گارە)وەیە. هەروەها، بەدەوری دە کێلۆمەترێ، ئەشکەوت و قەڵای گەورە هەیە و حاڵی حازر، (جێگای سیاحیەو) پێی دەوترێ (قوری قەڵا.)، هەروەها (مەیگۆڕێ) کە لە بنەڕەتدا، (مای گارە)یە کە ئەمیش هەروا لە هەمان شان و ملەی بەرامبەر بەشمشێر و هەمان شان و ملەی (ئاتەشگاو) (سەریاس)-ە.

شایانی باسە، ناوێکی وەک (قوری قەڵا) زۆر سەرنج ڕاکێشەرە بەوەی، کە لە ڕووالەتدا، لە ناوێکی دێرین ناکات و بەڵام لە ڕووی واتاوە، تێکەڵاوییەک پیشان دەدات، بەوەی کە بۆمان هەیە بڵێین (قۆری) بەواتای (گۆڕ)دێ و بەواتای (گەبر = گەور)یش دێ وشەی (قەڵا)یش دەگەڕێتەوە بۆ (گەر)، یان (گەورە)، یان (گەرا) کە بەواتای (گۆڕگای) زۆر دێ و بەهەردووکیانەوە، بەواتای (گارە گەبر) (گارە گەور) یان (گوڕگای گەبران)دێ.

ئەم (قۆری قەڵا)یە، کەوتووەتە (٣٥)کیلۆمەترییەک ڕۆژهەڵاتی (پاوە)وە و- لەمیش بەولاوە (٥)کیلۆمەتری خوارووی ڕۆژهەڵاتی، ئەشکەوتی (کاوات)یش هەیە و لە ئاوی ئەم ئەشکەوتە، (ئاو) بۆ شاری (جوانرۆ) براوەتەوە. دەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێ، کەیشتی پشتەوەی ئەم دوو ئەشکەوتە ئاویان لەبنی لووتکەی (زاوەڵی) و (گاقەران = گاوگاران)- کە (٣٤٠٠م) لە تەختی دەریاوە بەرزترە، ئاوەکانیان دێنە ناویانەوە.



UDRYASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئودریەسچە)یە.

لە ڕووی لێکدانەوەی واتایەوە، پور داود، وەهای بۆ چووە، کە ئەمە بەواتای (شاخی نێوان ئاو)دێ (ل -٣٣٠، پەراوێز،٣). پتر لەوەش، دەڵێ کە بەواتای (سەگی ئاویی)ش دێ. هەمان لاپەرە و پەراوێز.

لە لایەن دەوڵەتشاهیە، ئەم وشەیە بەواتای (ئاودڕ =کەندەڵانی ئاو) لێکدراوەتەوە، هەروەهاش وەهای بۆ چووە، کە ئەم ناوە، ناوی شاخی (ئاویدەر)ی شاری (سنە)یە (ل - ١٥).

منیش، لەم لێکدانەوە و لەم دیاریکردنی جێگای جوگرافیایە، لووتە لانیم و پتر لەمەش، دەشبێ ئەوە بوترێ، کە لەم جۆرە شاخانە، لەم جۆرە کەندڕانە لە ناوچەکانی



هەورامان و سەرپاکی ناوچەکانی ئەردەڵاندا و کوردستانی گەورەدا زۆرن و هەن و هەریەکە جۆرە ناوێکی ناوچەیی تایبەتی پێوەیە.

بەبۆنەی ئەوەوە، کە ئەم ناوونیشانە، پەیوەندیی بەو ناوەوە هەیە، کە لەگەڵیایەتی یان دووا بەدوایدا دێت بۆیە دەبێ ئەوە ڕەچاو بکرێ و بەم بۆنەیەوە بەم جۆرە بۆی دەڕۆین:

لەمەی پێشەوە، ئەمەی ئێرە پەیوەندیی بەوەی بەرەوە و بەوەی دوایشیەوە هەیە و ناوێکی وەهای ڕۆشن و پاک و پیرۆز دەبێ هەر بۆ دەوروپشتی (گارەکان) بگەڕێنەوە و بڵێین مەبەستەکە لە (شاهۆ) بەولاوە هەنگاوی نەناوە ئەگەر هاتوو زانیمان کە وشەی (شاهۆ) خۆی لە خۆیدا واتای پیرۆزمەندی بەدەستەوە دەدات و (گارەکانیش) لە ناو باخەڵی گەرووی ئەوەوە دروسبوون و دەبێ بووترێ کۆمەڵێ ناوی پیرۆز ئالێرەدا کۆبوونەتەوە، کە وەک (شاهو) و (گاو گارە)، گارەی مەسناو (مەزناو) و گارانی (ساناو) و (قوری قەڵا). کە ورگی (کاوات)، کە لەلایەن دیانەتی زەڕەدەشتییەوە پیرۆز بوون و بەپیرۆزیی تەماشا کراون.



RAYVA`USCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (دەیڤاوسچە)یە.

لە ڕووی لێکدانەوەی واتا و دیاریکردنی جێگای جوگرافیاییەوە، (پور داود، ل - ٣٣٠، پەراوێز - ٤). وشەی (ڕێڤەنت)ی لە بربی (ڕەیڤاوس) هێناوە و لێکیداوەتەوە و گوایا بەواتای (خاوەن شکۆ) هاتووە و پتر لەوەش بەناوی (ڕێوەند = ریڤەنت) ناوی دەبات و دەشیبا بۆ (خراسان) و ئا لەوێدا و بەسەریەوە ئاتەشگەدەی (أذر برزین) دادەنێ!! دیارە ئەم ناوەی پور داود و ئەمەی ئێرە، لە ڕووی ئاوازە و واتاوە جیاوازییان هەیە. ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە، دیاریکردنی جێگای ئاتەشگەدەی (أذر برزین) هێشتا تا ئەمڕۆش نازانرێ لە کوێوەیەو پتر لەوەش دیاریکردنی لە ڕۆژهەڵاتی ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەڵگەیەی یان بۆ ئەوەی کە ئەگەر ئاتەشگەدەی (أذر گشپ) لە ئازەربایەنجان بێ، کە ڕۆژئاوای ئێرانە، دەبێ ئەویش لە ڕۆژهەڵات بێ!

لەمە بەولاوە، بەڵگەی نەمێژوویی نەدینیی نەجوگرافیایی بەدەستەوە نییە.

دەوڵەتشاهیش ئەم وشەیە بەفرەیزی - (ڕێی ئێوەیە)- ل - ١٥١، لێکیداوەتەوە. بەڵام، ئێمە بەم جۆرە بۆی دەڕۆین:

– له ڕووی بڕگــەســازییــەوە، بەم جــۆرە بۆی دەڕۆین (رەی + ڤــاوس + چە) وەک دابەشکردن بەسـەر بڕگـەدا و له ڕووی واتایشــەوە، بڕگــەی (رەی) بەواتای (پاک) و (ڕۆشن)دێ و بڕگــەی (ڤــاو) یان (ڤــاوس) بەواتای (چاک و ســوودبەخش)دێ و بەهەردووکیــانەوە، دەبێ بەوشـە سـەرەکیـە و ئەوە دەسەلمێنێ کـە ئەم (شـاخـە) شـاخی ڕۆشنایی چاکـە و لێرەشـدا، مـەبەسـتی دینییـیـە!! له لایەکی دیکەوە، واتای هەمـیـشـە بەفراویی بەدەستەوە دەدات. بۆ دیاریکردنی ئەم ناوە (شاخە) له ڕووی جوگرافیاییەوە، بێگومان، دەبێ جێگایەکی (دینی)بێ و ئەم جێگا دینییەش له وڵاتی (ئاریانڤاچ)دایە و وڵاتی (ئاریانڤاچ)یش هەروەک لەپیشکنین ناوەکاندا بۆمان دەرکەوت، له نێوان هەردوو ڕووباردایە، – ( ئەڵوەند و سیروان)– بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێ لەو ئاتەشگایانە کە تا ئەمڕۆیش ناو و جێگایان بەناوبانگە؛ جێگای ئەو ناوەیەی سەرەوەیە.



YA- E`SHANMCHA

ئاوازی ئەم وشەیە، بەم جۆرەیە (یە – ئێشەنمەچە).

پور داود له لێکدانەوەی ئەم وشەیە و هەندێ وشەی دیکە (ناوی نەهێناون) و ئێمەیش دەڵێین تاوەکـو دەگـاتە بەندی (حـەوتەم) وەک بەسـەر چوونێکی پەلەدا، بەناڕێکی و نادروسـتی، بەدێرێک تەواوی دەکـات و ئەگـەرچی خـۆی بەدەمی خـۆی دەڵێ (لەوانەیە ناتەواو بێ)!

دەوڵەتشـاهی وەها بۆی دەچێ، کـە ئەم وشـەیە ناونییـەو و بەفـرەیزێکی دەزانێ و کـە ئەویش: (بەلای شاندا)یە.

ئەگەر له ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆ ئەم وشەیە بڕۆین، بەم جۆرە دەگرێتەوە (یە + ئێشەنم + چە)، یان (یە + ئێش +ئەنمە + چە)، یان (یە + ئێشە + نمە + چە).

له ڕووی واتاوە، بڕگـەی یەکــەم (وشــەی یەکــەم) بەواتای (لەوانەیە، نزیکە، دوورنیــە)دێ. (ئێـشــەنم) ئامــرازێکی ڕاناوی ئامــاژەیە، کـە بەواتای (ئەمــانە)، (ئەوانە)دێ، کە ئاماژەیە بۆ ناوی (شاخ)ی دیکە، کە بەدوای ئەمەدا دێن!





PARA`U

ئاوازی ئەم وشەیە، (پەڕاو)ە.

لام وایە، ئەم وشـەیە، بەئاواز و بەواتاوە و بەڕووالەتەوە، ئەمـڕۆ مـاوەتەوە و ئەویش (پەڕاو)ی پشتی (تاقەوسان)ی لای کرماشان –ە و ئەمڕۆیش (بێستوون) بەسەر پاکی ئەو شاخە دەوترێ، کە (پەڕاوی) تیادایە، یان (کەمەری پەڕاوی) لێیە.

ئەمە بۆ چوونێکی دیکەیە، کـە (پەڕاو) بەواتای (پێشـتـر) دێتە بەرەوە، یان بەواتای (زۆرتر له یەکێ)دێ، ئەمیش هەر له کوردیی ئەمڕۆدا، بەکاردێ و گوایا دەوترێ:

(پێتـر لەو)، (پەڕی ئەو)، (مـەرزی ئەو)، (ئەولای ئەو)، (لەو بەلاوە)، (فـیـشـتـەر لەو).

من، بەش بەحاڵی خۆم بۆ ئەم واتایەی دوایی، زۆرتر بیـرم لەگـەڵـیا دۆسـتـەو چونکە، وشەکە ئامرازی پەیوەستی ناو( کە دەیبەستێ بەوەی دواییەوە) وەرنەگرتووە، یان پێوەی نییە!



MASHYA`KA

ئاوازی ئەم وشەیە (مەشیاکە)یە و له ڕووی واتاشەوە، بەواتای (خەڵکی زۆر هاتووە) چونکە قەدەکە (مەشیە) کە بەواتای (مەرد)دێ و ئەوجا، بۆ کۆکردنەوەی بووە بە(مەشیا = `mashya) و کە بەواتای (پیاو = مەرد)ی زۆر، (خەڵکی زۆر)دێ و ئەم پاشبەندەی (–کە)شە، لام وایە ئاڤێستایی ڕەسەن نییە و بەڵکو پاشبەندێکی (پالەوەی)یە.

بەهەرحاڵ، ئەم ناوە، بەکـەژێ، یان بەجـێگایێ دەوترێ، کە بۆ یەکـەمـجـار ئادەمـیـزادی تیادا پەیدا بووە و، تیادا زۆر بووە و پەرەی سەندووە.

له(بەندەهشن)دا، له بارەی (مـەیشـە) و (مـەشـیا)وە بەم جۆرە هاتووە: کـەیو مـەرت، یەکـەم کەسـە، کە ئاهورە مـەزدە دروسـتی کردووە. کـەیو مـەرت بۆ مـاوەی سی سـاڵ خۆی بەتەنیا بوو کە بەکۆساردا دنیای بەسەر دەبردو، له نزیک بوونەوەی مردندا، (لەو)؛ تۆوی بەشەریی دەرچووە دەرەوە بەهۆی تیشکی خۆرەوە پاک کرایەوە و لەناو خاکدا پارێزگاری کراو پاش چل ساڵێ لەو (تۆوە) گیایەک بەشێوەی دوو لاقێ (لاسکێ) ڕێواسێ دەرچوو ئەم دوو لاسکە پێکەوە، یان بەیەکدا پێچیان خواردبوو، له یەکەم ڕۆژی جەژنی میهرەگان

(نەورۆز)دا لە زەویدا لەو گیـایە دوو ئینسـان دەرچوون و ئەم دووانە یەکـێکیـان نێـر ئەویدیکەیان مێ و هەردوویان لەیەکتریان دەکرد.پاشان ئەم دووانە، ژن و مێردیان کرد و لە هەر سکێ (دوانە) یەک دەبوون و ئەم دوانەش، یەکێ کوڕ و یەکێ کەنیشک.

بەهەرحـاڵ، بۆ ئەوەی زۆر لەسـەری نەڕۆین، ئەو خـەڵکەی کە لەو جێگایەدا، سـەریان دەرهێناو کۆمەڵگایان دروست کرد، بەو جێگایە (مەشیاکە)ش دەوترێ!! ئا لێرەدا، دەبێ ئەوە بووترێ، کە ئایا ئەو جێگایە، هەروەک شێـوە ئاوازە دێرینەکەی هەرماوەتەوە، یان بووە (بە (ئادەمئاوا)، یان (ئادەمستان)، یان (ئادەمان)، یان....هتد). یان هەرناوێکی دیکە، تەنهـا ئەوە هەیە، کـە ئەو جـێگایە لە وڵاتی (ئاریانڤـاچ)دایە و (وڵاتی ئاریانڤاچ)یش هەروەک بۆمان دەردەکەوێ، ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە ناوی (شاخەکان و ئاوەکانی) لەناو زامیادیەشتدا هەن و ئەو وڵاتەش، هەورامان دەگرێتەوە بەکورتی و لەبەر ئەم بەڵگانە:

+ قـەدی وشـەی (ئاریانڤـاچ) بریتـیـە لە (ڤاچ = ڤـەچ = واچ = وەچ) و لەسـەر ئەو قەدەوە، ئەو وشەیە دروستکراوە.

+ ئەو وڵاتە، واتە (ئاریانڤاچ) دوو ڕووباری ئاوی دەدات و هەردووکـیـان، لە شـاخ و کێوەکانی ئەو وڵاتەوە، هەڵدەقوڵێن و ئەوانیش (ڕووباری سیروان و پەڵ و باڵەکانی کە دەرژێنە ناویەوە و ڕووباری ئەڵوەندە و دۆڵ چەم و جۆگەکانی کە دەرژێنە ناویەوە).

+ پاش ڕاونانی زەڕەدەشـتـیـان ( لە سـەردەمی سـەرەتای داگیـرکـردنی ئێـران لە لایەن ئیـسلامـەوە) بەرەو هیندسـتـان (ڕۆژئاوای هیندسـتـان هەڕایان کـردو)، بۆ حـەجکردن ئەو زەڕەدەشتـیـانە ڕوویان کردە ڕووەو هەورامـان و ئەمـەش بوو بەهۆی ئەوەوە، کـە هەندێ لەو خێزانە دینیانەی (پارسان = زەڕەدەشتیان)، هاتنە هەورامانەوە و حاڵی حازریش نەوەی ئەو ئەو دینیانە لە هەوراماندا ماون و (نەوەی هیندیان) یان پێ دەوترێ و لەوانەش، بۆ وێنە (هۆزی شێخ غەیات) کەناوبانگیان، بەهۆزی هیندیانەوە دەرکردووە و ناوبانگیشیان بە (حـەکـیم و زانا)ییـەوە ژێرییـەوە تا ئەمـڕۆش هەر هەیە. لەوانەی ئەوێ (پارسـانی هیندسـتان) وەک پیاوی ناودار (شالیارە سیاوە)یەو کە وەها دەردەکەوێ، کە پاسەوانی گۆرستانی (پیر شالیاری زەڕەدەشتی). بووە.

+ مانەوەی پاشماوەی جەژنی زەڕەدەشـتیـان (لەگەڵ کەمێ ئاڵ و گۆڕدا) ماوەتەوە و ئا لەوێدا (هەورامـان) بینەر و تەمـاشـاکـەر زۆر باش ئەوەی دێتـەوە بەرچاوی کـە چۆن



چینەکانی زەڕەدەشتیان بەپێی دەوری چین چە دەورێکی دینیان لەو چەژنەدا هەبووە.

+ ناوی هەورامـان، پێکهـاتووە، لە (ئەهورە + مـان) ئەم دوانەش بەواتای، وڵاتی زەڕەدەشتیان (خوا پەرستان، خواناسان)دێ.



AIWITAYTHCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (ئەیوی تەیذچە)یە.

لە ڕووی لێکدانەوەوە، پور داود پشت گـوێی خسـتـووە، یان لێی لاداوە، ئەوجـا هۆی چیـە، ئەوە نایزانم و لەوانـەشە، لە لایەن ڕۆژئاواییـەکانیـشـەوە پشت گوێ خرابێ و بۆیە ئەویش وا!

(دەوڵەتشاهی)ش، وەهای بۆ چووە، کە بەواتای (ئێستا وەرەپێشەوە)ی لێکداوەتەوە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە ئێمە بەم جۆرە بۆی دەڕۆین:

(ئەیوی + تەیذ + چە). گـوایا (ئەیوی) بەواتای (ئەو) دێ و (تەیذ)یش بەواتای (دیکە، تر، تەر) هاتووە و کە بەهەردووکیانەوە دەکاتە (ئەوی تر، ئەویدیکە، ئادیتەر).

ئەوجا، لەگەڵ ئامرازی پەیوەستی (چە)دا (ئامرازی ئاماژە + ڕاناوی تر+ ش) دەکاتە (ئەویدیکەش، ئادیتەریچ، ئەوی تریش).



SPASHITIE`THCHA

ئاوازی ئەم وشەیە، (سپەشی تی ئێزچە) یان (سپەشیتی ئێذچە)یە.

لە لایەن پور داودەوە، ئەم وشـەیە لێرەدا لێکنەدراوەتەوە!!! بەڵام لە جێگایەکی دیکەی گـاتەکـانەوە بە(پاسـەوان و ئێـشکچی) لێکی داوەتەوە. هەروەها دەوڵـەتشـاهیش (ل – ١٥٥) لە لایەکـەوە وای بۆ دەچێ و لە لایەکی دیکەوە، بەواتای (لەپشـتەوە دێت) لێکی داوەتەوە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، بۆمان هەیە بەم جۆرە بۆی بڕۆین: (سپە + شی + تی + ئێذ + چە)، بڕگـەی (سـپـە) بەواتای (پاسـەوان) یان (چاودێر)، (تەمـاشـا)دێ، بڕگـەی (ش) بەواتای ئەوانەش (ش = ڕاناوێ بۆ کـەسی سێیەم، تاک و کۆ)، بڕگـەی (تی) بەواتای (تۆ)دێ و.

بەهەرحاڵ، با لە کورتیدا ببڕێتەوە، بەواتای (تەماشای، ئەوانەش)دێ. بۆیە شتی وەها دەوترێ، کاتێ، کە لەوانە (شاخ، کێو، مای، شیو، دۆڵ، چەم، ڕووبار) وەک بڵێیت (بەقەبارە بچووکن و بەژمارە زۆرن و پیرۆزیشن) تا پشت گوێ نەخرێن!!



GAIRINA`NM

ئاوازی ئەم وشەیە (گەیری نانم)ە.

لە ڕووی واتاناسیەوە، بۆمان هەیە، پێشەکیی بەسەر برگەدا دابەش بکەین و ئەوجا، واتای برگەکان برگە برگە لێک بدەینەوە. ئەوجا، لەم ڕووەوە بەم جۆرەی لێ دێ (گەیریی + نانم).

برگەی یەکەم (گەیریی) بەواتای (شاخ)، یان (گارە) هاتووە و لە دۆخی (کۆ) دایە، بۆیە ئامرازی (کۆ) وەک پاشبەند پێیی وەرگیراوە، یان پێوە یۆ لکێنراوە، چونکە (ناو) لە دۆخی (کۆ)دا ئامرازی وەردەگرێ وەک ئامرازی (مێ) وەهایەو ئەم جۆرە ئامرازیشەکە بۆ (مێ)یە و بۆ ناوی (کۆ)ش بەکاردێ. برگەی (نانم)، ئەویش لە دۆخی کۆدایە و بۆ هەڵدانی ناوونیشانی (گارە) هاتووە و بەواتای (ناویان)دێ، یان (گارەی زۆر = زنجیرە گارە).

دەوڵەتشاهی، وەها بۆ ئەم وشەیە دەڕوا، کە بەواتای (ناوچەی گۆران) هاتووە، کە ئەویش ناوچەی (سنجاویی، قەڵخانیی و گۆران)دێ (ل – ١٥٦).



NA`MA`NEN

ئاوازی ئەم وشەیە (نامانن)ە.

لە ڕووی واتاوە، ئەم وشەیە، یەک وشەیە و لەگەڵ (ناوبەند) و پاشبەندا و بەشێوەی گشتیی، بەواتای (ناویانمان)، یان (ناویانیان).

جوانەکانی (قۆڕی قەڵا = گەورە گەرە) لەپانزە کیلۆمەترێ ڕۆژهەڵاتی پاوە و تەمەنی زۆر دێرینەوە و درێژایی لە دەوروبەری (١٣) کیلومەترێک درێژترە و بەگەورەترین ئەشکەوتی ئاویی ئاسیا سەرژمێر دەکرێ.

ئەم ناوچەیە، کە ئەم ئەشکەوتە ئاویەی تێدایە، (دەرە مەڕان)ی پێ دەوترێ. ئا لێرەدا،



هەروەک بەدەماودەم دەبیسرێ، هەندێ شتی گرانبەهای زۆر دێرین دۆزراوەتەوە، کە نرخیان تەواو نابێ، ئەویش، وەک (دەوریی = سینی) نەقشاویی دێرین.



DA`THARE

ئاوازی ئەم وشەیە (دا ذەرێ).

لە ڕووی برگەسازییەوە، بەم جۆرە دەگرێتەوە (دا + ذەرێ).

لە ڕووی واتاوە، هەریەکێ لەم برگانە واتای تایبەتی خۆی هەیە و بۆ وێنە، برگەی یەکەم بەواتای (لە کوێ، چۆن چۆنی وا، کام جێگا)دێ و برگەی دووەم کە (ذەرێ)یە بەواتای (دەریا) یان (زێ)دێ و لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە، بەواتای (زەرد)دێ و هەروەهاش بەواتای (زنجیرە = ریزە = هەڵقە)دێ.

بەڵام ئەگەر بەیەک وشە سەرژمێر بکرێ، بەواتای (داهێنەر، دروستکەر، خالق، یەزدان، ئۆستا،...هتد)دێ، یان (دراوە، هێنراوە، براوە، بەخشێنراوە).

دەوڵەتشاهی وەها بۆی دەڕوا،کە ئەم وشەیە (دا ذەرێ)، دەبوایێ بەشێوەی (کاذەرێ) بنووسرابایە!! (ل – ١٥٧). بەڵام لە لایەن پور داودەوە بەجێ هێڵراوە.

بەشێوەیەکی گشتیی، من ئەم واتایە بەکار دەهێنم (پێ وتراوە) بەتایبەتی ئەگەر هاتوو زانیمان کە وشەی پێشوو بەواتای (ناو) هاتووە و کەوابێ لەگەڵ ئەمەی ئێرەدا بە (بەهەردووکیانەوە) دەبێ بە (ناویمان پێ داون، ناویانیان پێ وتراوە،...)

# بەندی حەوتەم

CHTHWARASCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (چەثوەرەسچە)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، ئەم وشەیە بەم جۆرە بەسەر بڕگەدا دابەش دەکرێ:

(چەثوەرەس + چە) و بەشی یەکەمی بەواتای (چوار) هاتووە و بڕگەی دووەمیش کە (چە) وەک ئامرازی پەیوەست، بووە بەپاشبەندی وشەکە و بەواتای (و)دێ.

ATH-GARAYO`

ئاوازی ئەم وشە ناساکارە (ئەث – گەرەیۆ)یە.

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، هەروەک دەردەکەوێ، دوو وشەی سەرەکین و یەکێ لەوانەش وەک ئامرازی (پەیوەست) هاتووە و بەواتای (بەو جۆرە، بەو شێوەیە، هەروەها) هاتووە. وشە سەرەکیەکەی دیکەش (گەرە)یە، کە بەواتای (گارە = شاخ) هاتووە. پاشبەندی (–یۆ)ش، کۆی کۆیە (نیشانەی کۆی کۆیە)، یان دوو نیشانە (کۆ + کۆی کۆ)ن.

ئەمە وشەیە و وشەی پێشوی پێکەوە، بەواتای (چوار کوهـ = چوار شاخ) هاتوون.

SPITAMA

ئاوازەکەی (سپیتەمە)یە و ئەمەش (ناوێکە)، هەروەک دەوترێ ناوی خانەوادەی زەڕەدەشتە و لەگاتەکاندا ئەم ناوە، بەشێوەی (سپیتامە) هاتووە (گات، ل – ٢٠). هەندێکیش بەناوی (سپیتنام) ناوی دەبەن. بەهەرحاڵ پشکێنەران، لە نێوان ناوی (زەڕەدەشت) و ناتۆریا، دژژاوەریان خستووەتە بەردەم، بەپێی درەختی خانەوادە، پور داود (یەشت ح١، ل –٨٠) بەم جۆرە خانەوادەی زەڕەدەشتی داڕشتووە (زەڕەدەشت کوڕی پور شەسپ و ئەمیش کوڕی پەتیر سەب)ە.



وشەکە خۆی لە خۆیدا، بەواتای (پاکی و خاوێنی و سپیەتی)دێ.

بەهەرحاڵ، درەختەی خانەوادەی زەڕەدەشت بەم جۆرەیە، هەروەک لە فەرهەنگی زمانی پەهلەویی (فرهنگ زبان پهلوی – بهرام فرەوشی)دا، هاتووە:

١– مەنوشچیر Manus`c`ihr
٢– دووراسڕەو Du`ra`sraw
٣– نەیازەم Naya`zem
٤– وەیدیشت Wae`disht
٥– سپیتامە Spita`ma
٦– هەردار Harda`r
٧– ئەرجەزەرشن Arjatharshn
٨– پەیتیرە سپ Paitirasp
٩– چەخشنوش chaxs`nush
١٠– هەیچەتەسپ Hae`chatasp
١١– ئوروگەزەسپ Urugathasp
١٢– پەتیربرتەرەسپ Patiritarasp
١٣– پەورۆشەسپ Pourushasp
١٤– زەڕەثوشترە Zarathushtra

(ف. پ، ل – ٦٦٣).

MAITHAO`MANGHA

ئاوازی ئەم وشەیە (مەیذە و مانگەهە).

لە ڕووی بڕگە سازییەوە، ئەم وشەیە بەم جۆرە دەگرێتەوە (مەیذەۆ + مانگە هـ).

لە ڕووی واتاوە، بڕگەی یەکەم بەواتای (نیوە، ناوەڕاست) هاتووە و بڕگەی دووەمیش کە (مانگ هـ)یە، بەواتای مانگ دێ.

وشە لێکدراوە کە هەمووی بەواتای (ناوەڕاستی مانگ، پانزەی مانگ، نیوەی مانگ)دێ.

ئەم وشــەیە حــاڵی حــازر وەک (ناوی) لێ هاتووە، ئەگــەرچی لە بنەڕەتدا فــرەیزێکی ئاوەڵناوییەو ئەم ناوەش وەک ناتۆر بە(ئامۆزای زەرەدەشت) وتراوە، کە یەکەم کەس بووە ئیمانی بەدینەکەی زەرەدەشت هێناوە (فەروەردین یەشت، ل - ٨٠، پەراوێز - ١).

ئەمە بێگومان ناوی ڕاستیی ئامۆزاکەی نییە، بەڵکو هەروەک وتمان ناوونیشانیەتی و ئەمەش، بەدوو جۆر لێکدەدرێتەوە و یەکەمیان (لە پانزەی مانگدا لە دایک بووە = لە نیوەی مانگدا لە دایکبووە) یان (لە نیوەی مانگدا ئیمانی بەزەرەدەشت هێناوە)

ئەمەش هەندێ لەو درەختەیە




تێبینی:

ئەم لاپەڕەیە لێرەدا، لەسەر ناوی شاخ و کێو و ڕووبار و چەمەکانی ناو زامیاد یەشت نییە، بەڵکەم لە (فەرەوەردین یەشتدا) هاتووە و لەبەر ئەوەی لێرەدا ئەم ناوەمان هێنایە بەرکارەوە، چونکە کۆڵەیەکی دینیی زەرەدەشت بووە و پتریش ناوی (مەیذەۆ) قەدێکە کە لەدواتردا، ناوی (میدیا)ی لێوە دروستکراوە.



ZARATHUSHTRA

ئاوازەکەی (زەرەثوشترە)یە

ئەمەی ناوی پێغەمەری ئێران (زەرەدەشتیان)ە و داهێنەری دینی زەرەدەشتییە.

هەندێ جێگای لە دایکبــوونی، بە (ئازەربایجــان)ی دەزانێ و هەندێکی دیکەش، بە



(بەڵخ)ی دەزانن و بۆ ئەم جۆرە بۆچوونانەش، تا ئەمڕۆ نەتوانرە، بەڵگەی پتەو و ڕاست بدەن بەدەستەوە، گوایا ئەو بۆچوونە ڕاستە و وەهایە، یان ئەوی دیکەیان!!

لە ئاڤێستادا ناوی (زەرەدەشت) بەو جۆرەی سەرەوە هاتووە و لە پالەویدا، بووە بە (زەرەدەتوشت، زەرتوهشت، زەرتوخشت) بەڵام لە فەرهەنگە فارسیەکاندا، ئەوانە هەن و جۆری دیکەش.

دەورانی بوونی زەرەدەشت، لای هەندێ دەگەڕێتەوە بۆ نێوان (٦٠٠) تاوەکو (٦٠٠٠) هەزار ساڵ پ.ز، بەڵام زانایانی ئەمڕۆ، دەورەی بوونی زەرەدەشت دەبەنەوە بۆ نێوان ساڵانی (٩٠٠) تاوەکو (١٧٠٠)ی پێش زایین.

لە لای دایکەوە، لە خانەوادە (کەسێ نامدار) پیاوێکی ناوداره کە بەناوی (فرە هیمرەوا = `Frahimrava) وەیە. ناوی مامی (ئەراستی = Ara`sti)یە، کوڕی مامی (ئامۆزای) بەناوی (مەیذیۆ مانگەه)=(میدیۆماه = Medyo`ma´h) وەیە ئەم ئامۆزایە یەکەم کەسێ بووە، کە باوەڕی پێ هێناوە.

زەرەدەشت چوار برای هەبووە و ئەم (ناوەندیان) یان بووە و واتە دوانیان لەم گەورەتر و دووانیش لەم بچوکتر. سێ جار ژنی هێناوە و ژنی سێیەمی بەناوی (هڤوڤی = Hvo`vi)وەیە.

لە گاتەکاندا، بەهەردوو جۆر (سپیتامە زەرەثوشترە) ناوی هاتووە و هەندێ جاریش، یەکێ لەوانە بەکارهێنراوە.



CHATHWARESA - TEMCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (حەثورڕێسە تەمچە).

لە ڕووی بڕگەسازییەوە، لەم وشەدا، ئەم بڕگانە بەر لێکدانەوە بیر دەکەون و ئەمانەیش ئەمانەن:(چەثورڕێسە + تەم + چە).

لە ڕووی واتاسازییەوە، (وشەی سەرەکیی)، کە (چەثوەرڕێسە) بەواتای ژمارە (چوار =٤)دێ و بڕگەی دووەم، کە (تەم) دەخرێتە پاشکۆی هەندێ ژمارە، (دە) ژمارەی بۆ (زیاد) دەکات واتە، لێرەدا، ژمارە (چوار) بوو بە(چل). ئەمەش یاسایەکە و هەندێ ژمارە ناگرێتەوە.

بۆ پتر ڕۆشنکردنەوە، وا هەندێ وێنە دەخەینە بەرچاو:

بۆ ژمارە (بیست) لە ئاڤێستادا دەوترێ: (فیسەتی) = (Vi`s`iti).

لێرەوە بەرەو ژوور تاوەکو دەگاتە (پەنجا)و ئەمیش لەگەڵدایە بەم جۆرەیە:

– (ژمارە + سەتم)، بۆ وێنە وەک:

بۆ ژمارە (سیی =٣٠)، لە ئاڤێستادا، دەوترێ (تریسەتم = Tri - satm)

بۆ ژمارە (چل =٤٠)، لە ئاڤێستادا، دەوترێ (چەثوەرەسەتم=C`athvarastam)

بۆ ژمارە (پەنجا =٥٠)، لە ئاڤێستادا، دەوترێ پەنچەسەتم =Panc`asatm).



DUYAYCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (دویەیچە)یە و لە ڕووی برگەسازییەوە (دووەی + چە)یە بەشی یەکەمیان (دوو) هەر بەواتای (دوو)دێ و لێرەشدا، دەبێ ئەو بهێنینەوە یاد کە لە گاتەکاندا ئەم ژمارەیە بەشێوەی (دڤە =duva) هاتووە و ئەمەش لەوە دەکات کە شێوەزاری ناویەشتەکان، شێوەزاری نووسەرەوەیە. بەشی (برگە) دووەمی وشەکە پاشبەندی (ئامرازی) پەیوەستە، وەک (و، ئەوجا، لەپاشا، هەروەها،...هتد).

بەشێوەیەکی ساکار، وشەکە واتای (دوو) وەک ژمارە هاتووەتە مەیدانەوە. لێرەدا، بەبۆنەی ئەم وشەیەوە، بەپێویستی دەزانم، ژمارەکان لە یەکەوە، تاوەکو ژمارە (دە) بخەینە بەرچاو.

١– ژمارە (ئەیڤە aiva) لە بریی یەکە (١).

٢– ژمارە (دوڤە = duva) لە بریی دوو (٢).

٣– ژمارە (ترەیی = trai = tri) لە بریی سێ (٣).

٤– ژمارە (چەتڤارە = c`atva`ra) لە بریی چوار (٤).

٥– ژمارە (پەنچە = panc`a) لە بریی پێنج (٥).

٦– ژمارە (خشڤەش = xs`vas`) لە بریی شەش (٦).

٧– ژمارە (هەپتە = hapta) لە بریی حەوت (٧).

٨– ژمارە (ئەشتا =as`ta´) لە بریی هەشت (٨).

٩– ژمارە (نەڤە =nava) لە بریی نۆ (٩).

١٠– ژمارە (دەسە =dasa) لە بریی دە (١٠).



تێبینی:

+(٢×١٠=٢٠) دەبێ بە(ڤیسەتی = vi`sati´)= بیست

+(٢×١٠٠) دەبێ بە (دڤەی سەتەی=duvaisatai)= دووسەت.



SAITY

ئاوازی ئەم وشەیە (سەیتی)یە.

لە ڕووی برگەسازیی واتادارەوە، تەنها وشەیەکی سەرەیەو بۆ ژمارە (سەد =١٠٠) بەکارهاتووە و لەگەڵ پاشبەندی کۆتایی کە وەک ناوی ژمارەی سەرەکی هاتووە (لەم وشەیەدا و وشەی دواییدا).

لەگاتەکاندا، ئەم وشەیە، بەم شێوەیە (سەتەی = satai) هاتووە. ئەویش بێگومان، دەمانبا بۆ ئەوەی، کە بڵێین، ئەم ناوەڕۆکی یەشتەیە، نووسەرەوەکەی شێوازەکەی بەلای خۆیدا، لاداوە، چونکە ئەم وشەیە، لە ڕواڵەتی جۆری ڕێنووسەوە و جۆری ئاوازەوە لەمەی گاتەکان جیاوازترە. (بەهەرحاڵ ئەم وشەیە و ئەوەی پێشووی (دووسەد) دەگرێتەوە.

وا لێرەدا، بەم بۆنەیەوە، چەند ژمارەیەکی (دەیی) بەرچاو دەخەین و ئەویش بەم جۆرە دەگرێتەوە:

لە ژمارە (سییەوە) تاوەکو ژمارە (پەنجا) لەسەر ئەم ڕێڕەوە دەڕوات، واتە ژمارەکە و ئەوجا وشەی (دەیی = سەتم =satam)ی دەخەیتە سەر، بۆ وێنە؛

– بۆ ژمارە (٣٠) دەبێ بە (تری سەتم = tri-satam).

– بۆ ژمارە (٤٠)دەبێ بە (چەثڤەر سەتم = c´a`thvar - satam).

– بۆ ژمارە (٥٠) دەبێ بە (پەنچە سەتم = panc`a-stam).

لە ژمارە شەستەوە تاوەکو نەوەد، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

– بۆ ژمارە (٦٠) دەبێ بە (خشڤەش تیم = xs`vas`-tim)

–بۆ ژمارە (٧٠) دەبێ بە (هەپتا – تیم= hapta` - tim).

– بۆ ژمارە (٨٠) دەبێ بە (ئەشتاتیم = as`ta´-tim).

بۆ ژمارە (٩٠) دەبێ بە (نەڤەتیم= nava-tim).

– بۆ وێنەیەکی دیکە:

– سەد دەر= سەد پەنجەرە (سەد ڕۆچەنە) = (sata- roc`ana).



DUYAYCHA

ئاوازی ئەم وشەیە (دویەیچە)یە، کە بەواتای (دوو + و)دێ. یان، (دوو)و – دێ.

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر پارچەی (دویەی) بەواتای (دوو)دێ و پارچەی دووەمیش، کە (چە)یە، بەواتای (و)ی پەیوەست هاتووە.

بۆ پتر ڕۆشنکردنەوە، وا هەندێ وێنەی بەم جۆرەی سەرەوە دەخەینە بەرچاو؛

– بۆ ژمارە(بیست و یەک) لە ئاڤێستادا، دەوترێ (یەک + و + بیست) کە دەکاتە:

(ئەیڤ + چە + ڤیسەتی) = (ئەیڤەچە ڤیسەتی = aiva - c`a-vi`si`ti`).

– ژمارە (٢٢) دەکاتە (دوڤەیچە ڤیسەتی = dvaic`a- vi`siti) = (duvai`c`a- vi`si`ti`).

ژمارە (٢٣) دەکاتە (تریچە ڤیسەتی = tric`a vi`si`ti`).

ژمارە (٢٤) دەکاتە (چەثڤەرەسچە ڤیسەتی =c`athvarsc`a vi`si`ti`).



HAZANGRY

ئاوازی ئەم وشەیە (هەزەنگری)یە. لە ڕووی واتاوە بەواتای (هەزار)دێ.

ئەوەی کە دەبێ لێرەدا بەسەریدا نەڕۆین ئەوەیە کە وشەی (هەزار) لە گاتەکاندا بەم شێوەیە (هەزە هرەم =hazahram) و دیاریشە ئەم وشەیە لە ڕووی نووسینەوە و لە ڕووی ئاوازەشەوە لەگەڵ ئەوەی دیکەدا جیاوازییان هەیە. وا چەند وێنەیەک بۆ ڕۆشنایی دەخەینە بەرچاو و ئەویش بەم جۆرەیە:

دوو هەزار = (دڤەیچە هەزەرەم =duvai - hazahram).

چوار هەزار = (چەثڤەرەسچە هەزەرەم =c`athvarasa- hazahram).

پێنج هەزار = (پەنچەچە هەزەرەم =panc`ac`a-hazahram).

شەش هەزار = (خشڤەشچە هەزەرەم =xs`vas`c`a-hazahram).

دە هەزار= (بەیڤەرە، یەیڤەن = baiver, baivan).

هەزار ستوون (کۆڵەکە) = (hazangry- stu`na)

دە هەزار پاسەوان = (baivera-spasna)



بەهەرحاڵ، ئەم وشەیەی ئێرە و لەگەڵ ئەوەی پێشەوەیدا (دوو هەزار) دەگرێتەوە.

تێبینی:

بەندی حەوتەم بەم جۆرە دەگرێتەوە:

(**دوو هەزار و دوو سەدو چل و چوار شاخ**).

## رۆشنکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ژمارە

- نووسینی ژمارەکان لە (١-ەوە، تاوەکو -دە): ژمارە -ەیەک = ai-va = one

تێبینی:

ژمارەش، هەروەک هەر ناوێک، یان ئاوەڵناوێک، لە ڕێگای بەکارهێنانی جۆراوجۆری ئەرک لە ڕستەدا، جۆرە ئاڵ وگۆڕێک بەسەر هەندێ بەندی کۆتایی، یان (ناوبەند)، یان ناوبەندی پاشبەند دا دێ و بۆ وێنە؛ (ئەیڤە=aivas) و (ئەیڤەم= aivam) و (ئەیڤەمات =aivahma`t)...هتد ئە ئەمانە، هەر هەمان واتا بەدەستەوە دەدات، بەڵام یەکەمیان لە دۆخی (کارا = دەست پێکەر)دێ و دوومیان لە دۆخی (بەرکار)دایە و سێیەمیان لە دۆخی کارابزر دایە...هتد.

بەهەرحاڵ، ژمارەکان، لە دۆخی ژمارداندا بەم جۆرە دەگرنەوە

(١) یەک = aiva (ئەیڤە).

(٢) دوو = duva, dva (دڤە).

(٣) سێ (یەرێ) = tri (تری).

(٤) چوار = ca`tur (c`atva`rs = catva`r) (چەتور، چەتڤار).

(٥) پێنج = panc`a (پەنچە).

(٦) شەش = xs`v`as` (خشڤەش).

(٧) حەوت = hapta (هەپتە).

(٨) ئەشتا = as`ta` (ئەشتا).

(٩) نۆ = nava (نەڤە).

(١٠) دە = dasa (دەسە).

(١١) یانزدە = (aiva -dasa) = (ئەیڤەدەسە).

(١٢) دوانزە = (duva - dasa)= (دوڤە دەسە).

(١٣) سیانزە = (tri-dasa) = (تریدەسە).



(١٤) چواردە = (c`atva´r - dasa) = (چەتڤار دەسە).

(١٥) پانزە = (panac`a - dasa)= (پەنچەدەسە).

(١٦) شانزدە = (xs`vas` - dasa) = (خشڤەشدەسە).

(١٧) حەڤدە = (hapta - dasa) = (هەپتە دەسە).

(١٨) هەژدە = (as`ta´ - dasa) = (ئەشتادەسە).

(١٩) نۆزدە = (nava - dasa) = (نەڤەدەسە).

ژمارە (بیست) دەبێ بە (visiti= vi`si`ti) = (ڤیسەتی = بیسەتی)

تێبینی:

ئا لێرەوە، بۆ ژماردن نەختێ سەرنجڕاکێشرە و بەوەی (ژمارە) بیست دەخرێتە، دوای ژمارە بچکۆلەکەوە و ئامرازی پەیوەست = (چە = c`a) = (و)یش وەردەگرێ، بۆ وێنە، وەک:

- (یەک + و + بیست) = (ئەیڤە + چە + ڤیسەتی)، کە دەکاتە (بیست و یەک).

واتە:

(٢١) - (بیست و یەک) = (ئەیڤەچەڤیسەتی) = (aiva c´a visiti = aiva - vi-sati)

(٢٢)- (بیست ودوو) = (دوڤەیچە ڤیسەتی) = (dva c´a visiti = duvai vi-sati).

(٢٣)- (بیست و سێ) = (تریچەڤیسەتی) = (tric`a visati).

(٢٤)- (بیست وچوار) = (چەنڤەرسچە ڤیسەتی) = (c`atvarsc`a -visati).

(٢٥) - (بیست و پێنج) = (پەنچەچە ڤیسەتی) = (panc`ac`a visati).

(٢٦) - (بیست و شەش) = (خشڤەسچە ڤیسەتی) = (xs`vas`c`a visati).

(٢٧) - (بیست وحەوت) = (هەپتەچەڤیسەتی) = (haptac`a visati).

(٢٨) - (بیست و هەشت) = (ئەشتەچەڤیسەتی) = ( as`ta`c`a visati).

(٢٩) - (بیست و نۆ) = (نەڤەچە ڤیسەتی) = (navac`a visati).

+ ژمارە (سیی = ٣٠) هەروەک لەمەوبەرتر وتمان دەبێ بە (تریسەتم = tri`satm).

+ ژمـاره (چل = ٤٠) هەروەک لەمـەی سـەرەوە ڕۆشنە دەبێ بە (چەثڤـەرسـتـەم = c`athvarsatm).

+ ژماره (پەنجا= ٥٠) (پەنچەسەتم = panc`asatm).

بەلاّم لە شەستەوە شێوەکە دەگۆڕدرێ.

+ ژماره (شەست = ٦٠) = (خشڤەستیم = xs`vas`tim).

+ ژماره (حەفتا = ٧٠) = (حەپثایتم = hapta`tim).

+ ژماره (هەستا =٨٠) = (ئەشتایتم = as`ta`tim).

+ ژماره (نەوەد = ٩٠) = (نەڤەتیم = navatim).

## ئەنجام

- ئەم بەرهەمەی کەوا لەژێر دەستتدا، (خەستەی وەرگێڕان و بەراوردکردن و پشکنینی مەیدانی یە) کە لە ماوەیەکی دوورو درێژخایەندا (نەک بەشێوەیەکی سەرە مڕەیی، بەڵکو بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ و پیاچوونەوە و لەتە تەڵەدان و خستنە سەر و ڕاستکردنەوە و لە سەنگی مەحەکدانی، ئەو بیر و بۆچوانە، ئەگەر بیخەتەوە سەریەک چەند ساڵێکی خایاندووە) هاتوەتە ڕێی و ئا ئەمەیە کە لەبەر دەمی تاقیکردنەوە دایە و ئومێدم وەهایە، کە لەم مەیدانەدا، ڕێبازێکم ڕۆشن کردبێتەوە.

دەشبێ ئەوە بڵێم، کە من یەکەم پشکێنەرێکم، کە بۆچوونەکانی پور داود و ڕۆژهەڵاتناسەکان، بەتایبەتی ئەوانەیان، کە لە بارەی (شاخ و کێو و زەمینەکانی) ناو (زامیاد یەشت)ەوە دواون و زۆر بەویژدانەوە و بەبێ لادان، داونم بەرسەنگی مەحەکی پشکنین!

خوێنەری بەرێز، بەتایبەتی پشکێنەران، کاتێ لەم بۆچوونانەی ڕازیی دەبێ، ئەگەر هاتوو بەتەواویی (یەشت)ەکانی خوێندەوە و دانیە بەر دووربینی ناسین و تاقیکردنەوەی پشکنینەوە!!

ئەو کاتە، بۆی دەردەکەوێ، کە تا چە ڕادەیەک ئەو پشکنینانە ( وەرگێڕدراوەکانیان) بەلای ڕاستیدا دەڕۆن!

- بەپێی ناوەڕۆکی (زامیاد یەشت) ئەو بەشەی کەوێنەی لە پێشەوە دارێژراوە، بۆم دەرکەوت، کە زەرەدەشت لە دەمی فەرمانڕەوایی کە یانیەکاندا، هاتوەتە مەیدانی دینییەوە و بەشێوەیەکی دیاریکراویش لەسەر و کلاوی (کەڤی ڤیشتاسپە)دا، کە ناوی لە لایەن زەرەدەشت خۆیەوە لە گاتەکان چوار جار هاتووە و دەوریشی لە نێوان کە یانیەکاندا، بەشێوەیەکی تەرتیبی (شەشەم)- بەپێی (پێرستی یوستیی)ە.

ئەوجا، ئەوە ڕێککەوتی چە ساڵێ دەکات، ئەوە نازانرێ!

- بەپێی ئەوەی کە ناوی (دەریا = زەریا )یەکی گەورە و پان و پۆڕ لە ناو جوگرافیای زەمین (زامیاد یەشت)دا، وەها هاتووە، کە زۆر لە (هەرهەرە)وە دوور نییە و ئەمەش لەوە



دەکات، کە ناوچەکانی (ئاراکی) ئەمڕۆ قەراخی ئەو دەریایە (فەراخکەرت) بووە و ئەمەش ئەگەر وەهابێ، نزیکە چوارپێنج هەزار ساڵێ پێش زایین یان پتر لەوە دەگرێتەوە.

- وڵاتی کەیانیان، بەپێی ناوەڕۆکی زوربەی زۆری بەشەکانی ئاڤێستا و هێنانی ناوی شایانی کەیانیان و ڕێز لێ گرتنیان، وەها هاتووە، کە لە و ناوچانەدا بووە، کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ، ناوچەکانی نێوان ڕووباری گاوەرۆ، کە لە پاشا بەسیروان دەبێ و ڕووباری ئەڵوەند (بەو پێیە، کە ناوونیشانی جوگرافیایی لە زامیاد یەشتدا دیاریی کراوە، بگرێتەوە. بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، ئەو دوو ڕووبارە، کە لە ناوچە شاخاویەکەوە هەردووکیان هەڵدە قوڵێن و یەکێ ڕوو بەرۆژئاوا و یەکێ بەرەو ڕۆژهەڵات و لە ئەنجامدا، پاش ئاوەدانی سەرپاکی ناوچە زەمینەکانی نێوان، لە ڕۆژئاوای ئاواوە هەردووکیان دەرژێنە ناو دەریا، یان ڕووبارێکی گەورەیە و ئەو ڕووبارەش، ئەمڕۆ بەناوی (دیالە)وەیە.

- ژیانی زەرەدەشت، هەروەک ئەنجامی ئەم پشکنینە (کە سەرچاوەی دینییە) دەریدەخات، زۆر زۆر پێش دروستبوونی دەوڵەتی مادی یەکگرتووە وە هەبووە و ئەوجا، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ چە ساڵێ، ئەوە هێشتا ڕۆشن نەبوەتەوە، بەڵام ئەوە هەیە، دەمی ژیانی زەرەدەشت و بڵاوکردنەوەی دینەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەمێ، کە سێ بەشێ زەویی لە لای خوارووی ڕووباری (ئەروەند = ئەڵوەند) دەریا بووە و (ئەو دەریاشە بەناوی دەریای (فەراخکەرت)ەوە بەشێوەی پالەویی ناوبراوە) ئەم ناوونیشانەش، حاڵی حازر ناوچە (ئاراک) و بەرەو خوارووی ئەمڕۆی ئێران دەگرێتەوە و ئەگەر ئەمەش وەهابێ، بێگومان دەبێ بەلای کەمیەوە بۆ پتر لە چوار هەزار ساڵێ پێش زایین، یان لەوە پتر بووبێ.

- دامەزراندنی دەوڵەتی مادی یەکگرتووش، بەتەواویی لەسەر بنەڕەتی ڕۆشنبیریی دینیی زەرەدەشتییەوە دارێژراوە و پتر لەوەش بەپێی ئەو زانیاریانە کە لەوبارەوە هەن جۆرە نوێکردنەوەیەکی کە لە پووری دینیی زەرەدەشتیی بووە.

- جەژنی نەورۆز، لە دەمی بەرپابوونی دینی زەرەدەشتی هاتووەتە مەیدانەوە یان داهێنەری دینی زەرەدەشتی بووە و کۆڵەیەکی گەورەی نیشانەکراویی دینیی بووە، ئەگەرچی لای ئەوان بەناوی (نوێبوونەوەی) گیان و گۆڕینی دنیای (مادیی) بەرەو دنیای (واتایی) هەتا هەتایی، بووە، بەڵام لە ڕاستیدا، لە کات و دەم و واتاوە؛ هەر هەمان ڕووالەتی واتایی و ڕامیاریی نەورۆز دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕووالەتی ڕامیاریی نوێکاریی دەمی دەوڵەتی مادی یەکگرتوو، کە بەشێوەیەکی نوێ، بەرگێکی نوێی لەبەر کراوە (تەماشای: گوڵزاری هەورامان - هەورامانی).

– ناوی (هەورامان)ی ئەمڕۆ وەک ناوچەیەکی زۆر گەورە و فراوان، پاشماوەی ناوی شاخی خودایە، کە وەختی خۆی (هەروەک ناوی کەژی خوا، لە چەند یەشتێکدا و بەشەکانی دیکەی ئاڤێستادا هاتووە) بەناوی شاخی، یان ناوچەی (ئاهورا = ئاهورنە= ئەهورنە)وە بووە و ئەمەش خۆی لە خۆیدا، واتایەکی دینیی زۆر پیرۆز بەدەستەوە دەدات و چونکە لە زامیاد یەشت و فەروەردین یەشتدا، وەها هاتووە، کە ناوچە (شاخی) ئەهورنە، جێگای هاتنە خوارەوەی پەیامی ئەهور مەزدایە بۆ زەڕەدەشت و ئا لەوێشدا جەژنی نوێبوونەوەی گیانی هەتا هەتایی و دنیای واتایی هەتا هەتایی، دەگیرێ.



## پەڕاوێزەکان

١- ساک (ساکان = کاسیان، یان سیستان؟ ئایا هەردووکیان یەکێکن؟

هەر لە دێرین دەمەوە، دەنگ و باسی (کاسیان) و (بابلیان) لە لایەن پەڕانی مێژووەوە تۆمار کراوە. لەو پەڕانەدا، لە دەوروبەری نیوەی سەدەی هەژدەمی پێش زاییندا لە نێوان بابلیان و ساکیاندا کە لە ڕۆژئاوای ژوورووەوە هاتوون، بگرە و بەردەیەکی زۆر بووە و تاوەکو لە ئەنجامدا ساکیان (کاسیان) توانیویانە بەزۆر بڕۆنە ناو (بابل)ەوە و داگیری بکەن و بۆ ماوەی (٥٧٦) ساڵێکی خایاندووە و تاوەکو ساڵانی(١١٧١)ی پێش زایین کۆتایی بەفەرمانڕەواییان هاتووە.

ناوچەکانی زاگرۆز کە وڵاتی دایکزادی (کاسیان = کاشیان) بووە و بەڵاوبوونەوەیان بۆ ناوچە شاخاویەکانی لوڕستان، کارێکی تازەگییە! بەڵام دەوڵەتی ئەوان ئەگەر چی لەسەرو و سەرووی ڕۆژهەڵاتی ئێران (کەراخەکانی نیمچە دەوراندە و ری دەریای کاسپین)ەوە بەرە بەرە بڵاوەیان پێ داوە و تاوەکو ناوچەی (هەمەدان)یش. دێرینترین تێکستی نووسراو (هەڵکەندراو) کە لە بارەی (کاسیان)ەوە زانیاری هەبێ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیست و چوارەمی پێش زایین، کە پەیوەندیی بەسەر و کڵاوی (ئینشوشیناک) یان (پوزور – ئینشوشیناک) – شای ئیلامیەوەیە.

ناوی ئەمانە لە لایەن (ئاشوریان)ەوە، بە(کاسی) ناسراوە و( ئوسترا) بۆ ناویان بە (کوساییۆ)ی دەبات، وڵاتی دیکزادی ئەوان نیمچە بازنەی کەنارەکانی خوارووی دەریای کاسپین (خەزەرە)ە.

یۆنانیەکان ئەمانە بەناوی (کاستیروس) ناو دەبەن و ئەم ناوەش بەواتای (قەڵا)دێ. لەو چەرخە دێرینەی ئەواندا، ناوی (هەمەدان)، (ئەکسایا)بووە، کە ئاشوریەکانی (کار – کاسی) یان پێ وتووە و ئەم ناوەش بەواتای (شاری کاسیان)دێ.

شایانی باسە (کاسیەکان) لەگەڵ هۆزەکانی (ماد)دا، شۆرشیان پێکەوە دژی ئاشووریان کردووە و بەشداریی فەرمانڕەوایی (ماد)یشیان کردووە.

گومان لەوەدا نییە کە (کاسی) و (کاشی) هەر یەکێکن و پاشماوەی ئەمڕۆیشیان شاری (سەقز)ە کە ناوی (کاسپین)یشی پێوەیە، یان هەڵگرتووە.

شایانی باسە، هەندێ شاعیر، یان نووسەر ساگزی (سەقزی) هەن و لە لایەن فارسە نەتەوە پەرستەکانەوە بە (سیستان) دەزانرێ، یان لە قەڵەم دەدرێ، هەروەک (پور داود) ئەم کارەی کردووە (بۆ وێنە، پور داود، کە ناوی شاعیری بەناوبانگی سەگزیی – (أبوالحسن علی بن جولوغ فرحی سگزی- ساڵی ٤٢٩ھ کۆچی دوایی کردوو) – بە (سیستانی) دەزانێ!! (یەشت ج،، ل – ٢٩١).

خوێنەری بەرێز ئەگەر لەم ڕووەوە زۆرتری ویست با بگەرێتەوە بۆ (ایران از أغار تا أسلام ل ٣٩- ٦٤، تالیف د.گیرشمن، ترجمە دکتر معین).

٢- یەشتەکان

ئەو ئاڤێستایە، کە ئەمڕۆ لەبەر دەستدایە تەنیا چواریەکی ئەو ئاڤێستایەیە کە لەدەمی ساسانیەکاندا

هەبووە. لە نامەی پالەویی (دینکەرت) کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمی زایینیی کە بەرامبەرە بەنیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی کۆچی، بەدەستی (آتور فرنبغ)ەوە دەست کراوە بەنووسینەوەی ئەو پارچانەی کە لەملاو لەولاوە ماون، لە کۆتایی هەمان سەدەدا بەدەستی (آتور پاد) کوڕی (أمبد) تەواو کراوە (دەستنووس کرایەوە و ڕێک خرایەوە).

دینکەرت، بریتییە لە پێنج بەش سەرەکیی و گرنگترین بەش ئەو ئاڤێستایە:

یەکەم (یەسنە= یەسنا)یە کە پێک هاتووە، لە (٧٢) فەسڵ و گاتەکانیش (هەر پێج گات) بەشێکە لە یەسنا.

دووەم بەشی گەورە یان کتێب بەناوی (ڤیسپەرەد)ەوەیە، کە بریتییە لە کۆمەڵێ وتەکە پاشکۆیە بۆ یەسنا، کە بۆ هەڵس و کەوتی ڕۆژانە ڕێک و پێک کراوە. ئەم بەشە بریتییە لە (٢٤) کەرت.

**سێیەم،** ڤەندیدات، کە ناوەرۆکی سەرەکیی قانوون و دەستوری دینییە. هەریەکێ لەوانە پێکهاتووە لە (٢٢) کەرت. **چوارەم** یەشتەکان، هەریەکێ لەوانیش ناوڕۆکێکی تایبەتی هەیەو بەباسێکی تایبەتی دینییەوە، جوگرافیاییەوە،...هتد.

**پێنجەم،** خوردە ئاڤێستا، کە ناوەڕۆکی تایبەتی بەهەڵس وکەوتی دینییەوە.

یەشتەکان:

وشەی (یەشت) لە ئاڤێستادا (یەشتە =yashta)یە و (یەشتە) و (یەسنا) یەک ڕیشەن و یەک بنەڕەتن و هەردووکیان یەک واتایان هەیە، کە بەواتای (پرستن و ستایش کردن و قوربانیدان)دێ. هەروەها بەواتای (جەژن = جەشن)یش دێ.

بەهەرحاڵ نزیکەی بیست و یەک یەشت هەن و هەریەکێ لەو یەشتانە (گەورەکانیان) پێکهاتووە لە چەندان فەسڵ و بەهەریەکێ لەوانە (کەرێتە) = (kareta)ی پێ دەوترێ. شایانی باسە، هەریەکێ لەو یەشتانە خاوەنی ناوێکی تایبەتیە و ئەوەش کە دەبێ بوترێ ئەوەیە، کە ناوی دێرینیان لەگەڵ ئەوەی ناو دینکەرت (دەمی نووسینەوە) جیاوازە. بۆ وێنە یەشتی زامیاد، یان (زامیاد یەشت) ناوی نوێیەو ناوی دێرینی بەناوی ئەو یزدانەیە کە تایبەتیە پێوە یۆ و ئەویش (کەوێنەم - خارنەو)ە.

ئەوجا، ئێمە بۆیە ئەم بەشەی (زامیاد یەشت)ە مان وەرگرتووە، چونکە تایبەتیە بەجوگرافیایەکەوە، کە جوگرافیایەکی مێژوویی کوردستانە (مەبەستی ئێمە حەوت بەندی یەکەمیەتی).

**کورتەیەک، لە بارەی: (ئوشیدەرەنە)، (کیانسبە)، (ئەردەویسور)، (ڕەنگەها)، (دایتیا). ئەمانە چەند ناوێکی پیرۆز و دینیی بەناوبانگن و ئالێرەدا، دەمانەوەی کەمێکی زۆر کەم لە بارەیانەوە بخەینە بەرچاو.**

**دایتیا:**

ناوونیشانی ڕووباری (دایتیا) لە ئاڤێستا و ڕوواڵەتەکانی لە جۆراوجۆرە یەشتەکاندا و بەراوردکردنی لەگەڵ ڕوواڵەتەکانی ڕووباری (ڤەنگهووی =vanghui)و ڕێز لێ گرتنی دینیی و



دنیایی ئەمیش و ئەویش و ڕووباری (ئەردەسور ئەناهیت) و ڕووباری (ڕەنگها)یش دەمانگەیەنێتە ئەنجامێ، کە کۆمەڵێ ماخولانی بیر لە ناو باغچەی مێشکدا، کەف و کوڵیەتی لە پێناوی هێنانەدیی بەرهەمی بەراوردکاریان، لە پێناوی ناسینی و دیاریکردنیان، بۆیە، والێرەدا، هەریەکێ لەوانە دەخەینە بەرچاوی سەنگی مەحەکی خوێنەری بەرێزەوە.

ئەوە کە لە بارەی ڕووباری (دایتیا)وە هاتووە، کە لە وڵاتی (ئاریانڤاچ) دایە و لە هەمان کاتیشەوە، ئەم ناوە، بۆ هەمان شاخ بەکارهێنراوە، کە ئەم ڕووبارەی لێ هەڵدە قوڵێ! (گات، ٥٩- پور داود).

لە (بەندەهشن)دا، ناوی دوو ڕووباری پیرۆز هەن و بۆیە ناسینیان شایانی باسکردنە، کە ئەم دوو ڕووبارە، هەردووکیان، لە ڕیزە شاخێکەوە هەڵدەقوڵێن و یەکێکیان بەناوی (ڕەنگەها)وەیە هەروەک لە ئاڤێستادا وەهاتووە و دووەمیشیان ناوی (ڤە= بە= وە= ڕووت)ەوەیە و هەردووکیان لە بەرزی بەرزایی ڕیزە شاخێکەوە ئەمدیو و ئەودیو هەڵدەقوڵێن و یەکێ بەرەو ڕۆژئاوا و ئەویش (ڕەنگەها)یە و ئەوی دیکەیان بەرەو ڕۆژهەڵات کە (ڤ= بە = وە = ڕووت)ە. لە ئەنجامدا هەردووکیان دەرژێنە جێگایەکەوە (کاتی خۆی - کە دەریا (ئەرەک) ئەمڕۆی داپۆشیوە)!!

لە (دادستان دینیک)دا، (فەقەرە (٢) فەسڵی - ٩٢)، وەها هاتووە کە ڕووباری (ئەردویسورناهید)ە و ئەم ڕووبارەش ئاوێکی زۆر زۆری هەیەو ئاوەکەشی لە ئاوی هەموو ڕووبارێکی دیکە زۆرترە، جگە لە ئاوی ڕووباری (ئەروەند).

لێرەدا، (ئەروەند) و (ئەڵوەند)ی ئەمڕۆ هەریەکێکن و ئەمەش ئەوەمان بەدەستەو دەدات، کە ئەو دوو ڕووبارە یەکێکیان (ئەڵوەند) و چونکە هەردووکیان لەیەک ڕیزە شاخەوە هەڵدەقوڵێن، ئەوی دیکەشیان (گاورۆ)ی ئەمڕۆیە و کە لە ناوچەی (سونقوڕ) - (لەو ناوچەدا، ئەو ناوەی وەرگرتووە)ەوە بەرەو ناوچەی سنە دەڕوا و لەگەڵ سیرواندا دەبنەوە بەیەک.

لە بارەی ڕووباری (کیانسییە)ەوە، لە (بەندەهش، فەسڵی -٢١، فەقەرە -٧)دا وەها هاتووە، کە (کەی گوشتاسپ) هاتووەتە ئەوێ، یان لەوێ، بۆ ناهید قوربانی کردووە تاوەکو بەسەر دوژمنانیدا، سەربکەوێ. هەروەها، وەها لە بارەی ناوچەی ئەم ڕووبارەیەوە هاتووە، کە ئەمە وڵاتی کەیانیانە. هەروەها لە (ئابان یەشت - فەقەرە ١٠٨)دا وەها هاتووە، کە ئەم ئاوە، ناوی (زریەه=zriyah)ی پێوەیە، یان بەو ناوە ناودەبرێ.

لە بارەی (ئوشیدەم) یان (ئوشیدەرەنە) - (گاتەکان - بەندی-٢٨)- وەک ناوی شاخ هاتوون و هەروەهاش وەک ناوچە، بەڵام وەک (شاخ) لە قەوارەی شاخی بەرزدا ناوی هاتووە و لەسەر (لووتکە = پۆپە = تەوقەسەر) زەڕەدەشت، پەیامی خوایی پێ دراوە و بۆ هاتووە و ئەم ناوەش کە لە سەرەوە ناویمان هێنا، واتە ناوی (ئوشیدەر) بەواتای (هۆش)، یان (بیرکردنەوە) دێ و کە ئاهورە مەزدە، ئا لەوێدا مێشکی زەڕەدەشتی لە بیر و هۆش پڕکردووە. گوایا دیانەتی زەڕەدەشت و چاوگەکەی ئا لەوێدا وەرگیراوە.

ئەوجا، بزانین ڕۆژهەڵاتناسان، لە بارەی دیاریکردنی ئەم جێگایەوە کە بەناوی (ئوشیدەر)ەوە ناونراوە، چی دەڵێن:

١- (ویندیشمان =windis`mann) وای بۆ دەچێ کە ئەم (ڕەنگەها = ئوشیدەر) ڕووباری (سندە).
٢- (هارلیکس = Harlex) وای بۆ دەچێ کە ئەم (ڕەنگەها= ئوشیدەر) ڕووباری (جەیحوون).
٣- (یوستی= jusi)و (گیگەر = Geiger)، (شپیگل = Spiegl) ڕووباری (سیردەریا).
٤- (دێ- لەگەرد = de-lagard)،(شپیگل = Spiegl) ڕووباری (ڤۆڵگا).
٥- (دارمیستەتەر =Dar-Mesteter)،(شپیگل = Spiegl) ڕووباری (ڕۆژئاوا)ی ئێران.
٦- (مارکورات= Marguart)،(شپیگل = Spiegl) ڕووباری (زەرئەفشان)سفد.
٧- بارثولومی = Bartholome)،(شپیگل = Spiegl) بەخەیاڵیی دەزانێ.
٨- هتد...

هێنانەوەی ئەم وێنانەو بۆ چوونانە، بۆ ئەوەی خرانە بەرچاو تاوەکو خوێنەری بەرێز، باوەڕی زۆری بەخۆی بێ و لەبەر ڕۆشنایی و هێزی ئەو باوەڕەی خۆیەوە کە بەخۆیەتی، دەتوانێ بگاتە ئەنجامێکی ڕاست و تەواو و بێگەرد، واتە:

دەمانەوێ نووسراوی پشکێنەران، یان ڕۆژهەڵاتناسان، بخەینە بەرچاوی سەنگی مەحەکی بەمەبەستی تۆژینەوە و سوود وەرگرتن لێیەوە (یان لێیانەوە).

**(ئەردڤی سورە ئەناهیتە).**

ئەم وشەیە پێکهاتووە، لە سێ ئاوەڵناو و ئەوانیش ئەمانەن:

- (ئەردڤی) لە ئاڤێستادا وەک ناوی ڕووبار هاتووە و لە ڕووی واتاوە، بەواتای (لەسەرەوە بەرەوخوار)دێ.
- (سورە)، بەواتای (زۆر، هێز، (ئەنەرجی)دێت.
- (ئەناهیت) بەواتای (ناپاک، بەد)دێ و لەگەڵ ئامرازی (نەرێ) یەکەیدا واتای (باش، چاک، ڕەوا، پاک) دروست دەکات.

بەهەرحاڵ، وەک (ڕووبار) بەئاوێکی و پاک تەمیز و پیرۆز لە قەڵەم دەدرێ و (ئەناهیتە)ش، وەک ناو، ناوی (ئافرەتێکی جوان و ڕێکوپێک و ڕازاوە و نیک)ە و میراوی (ئاو، هەوا، با، باران، بەفر، شەونم) ئاوە. تەڕیی ساڵ بەدەستی ئەوە. ئەم ناوە ناوێکی پیرۆزی دینیی بەهەشتیە، لە ڕووی ئاوەوە، ئاوەکەی زۆر زۆرە و لە بەرزاییەوە لە شاخێکەوە هەڵدەقوڵێ و بەتووش و بەزۆر دەرژێتە خوارەوە و، لەو بەرزاییە کە خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە نزیکەی بەرزایی قەدی هەزار پیاوێکە.

مێژوونووسانی دێرین، وەک (پولیبوس = polybius) کە لە سەدەی دووەمی (پ.ز)دا لە بارەی (ئەناهیت) و گەنگاوەرەوە زۆری وتووە و هەروەها (ئیزیدۆرس خەرەکس = lsidoruscharax). کە ئەمیش لە بارەی ئەناهیت و کەنگاوەرەوە نووسویانە و وتوویانە کە گەورەترین پەرستگای (ئەناهیتا) لە کەنگاوەرە، کە لە ئاڤێستادا، بەپیرۆزیی ناوی هاتووە.

هەر ئا لەم جێگایەدا، هەروەک لە یەشتەکاندا هاتووە، کە، (کەیکاوس)ی کەیانی کە لە یەشتەکاندا



بەناوی (گەڤی ئوسەن = kavi usan)ەوە ناوی هاتووە، قوربانی بۆ ناهید (ئەناهیتا) کردووە، کە بەسەر دوژمنەکانیاندا، سەربکەوێ و شایانی باسە، ئەم (کەیکاوس)ە، نەوەی دامەزرێنەری دەوڵەتی کەیانیانە (کەیکوباد) و یەکێکە لە شایانی کەیانی.

بەهەرحاڵ، لەم پێیەدا، دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامە:

- **زەڕەدەشت،** چووەتە سەر لووتکەی (ئوشیدەرەنە = Ushidarana) و ئا لەوێ پەیامی خوایی پێدراوە (هرمزیەشت، ل-٦٤). ئەم وشەیەش، ناونییە، بەڵکو جۆرە ڕووالەتێکە، ناوونیشانی ئەو جێگایە هەڵدەدا، کە چۆن (هۆش و بیر) بۆ زەڕەدەشت هاتووە.

ئەوجا، ئەو جێگایە، کە پێی دەوترێ، دەبێ ناوی چی بێ؟

- **(هۆکەیریە =**Hukairya**).**

ئەم ناوە، ناوی شاخی (هوکەریە)یە (رام یەشت، ل- ١٤٨، فەقەرە - ١٥) و لە لووتکە بەرزەکانیەوە، کە بەهەزاران قەدی پیاو بەرزە و ئا لەوێ ڕووباری (ئەردەویسور) سەرچاوەی هەڵدەقوڵێ و ئەوجا، بەرەو خوار خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە و ماوەیەکی زۆر دەڕوا و دەرژێتە دەریای (فراخکەرت) - لە ئاڤێستادا، پێی دەوترێ (ڤاورو کەشە)-ەوە.

لە بارەی دیاریکردنی ئەم دەریایەوە، ڕۆژهەڵاتناسەکان، هەریەکە وڕێنەیەکیان کردووە و دوانیشیانم بەرچاو نەکەوت، کەوەک بۆ دیاریکردنی جێگای بڕۆن و ئەو بۆ چوونەش بەڵگەدار بێ!!

لە بەندەهشن، فەسڵی سیانزەهەمدا، وەها هاتووە، کە ئاوی ئەم ڕووبارە، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر دەڕوا، دەرژێنە ناو دەریای (فراخکەرت)ە و ئەم (دەریا)شە نزیکەی سێ یەکێ زەمینی گرتوەتەوە و تابلێیت ئەم دەریایە پان و پۆر و پەلاویدارە و چرچ و لۆچ وەک دەریاچەی بچکۆلە لەملاو لەولاوە دەورەیان داوە و تیایدا دەڕژێن.

ئەم جۆرە ناوونیشانانە، لەوە دەکات، کە باسی دەمێ دەکات، کە بەشی لای خوارووی ئێران (لەئیراک) بەرەو خوار دەریابووە و(زەویوزار و دەشتە **خوبۆایەکانی** نیشانەی ڕاستیە) ئەمەش مێژوویەکی دێرینە و لەوانەشە پتر لە چوار هەزار ساڵێ لەمەوبەرتر بێ!

بەهەرحاڵ، ئەم کێشانە و پێوانە کاری من نییە، بەڵام ئەگەر پسپۆڕ ئەو پێویستیە ئەرکۆلۆژیانە ڕۆشن بکەنەوە، مێژووی پەیدابوونی دینی زەڕەدەشت ڕۆشن دەبێتەوە.

- شاخی (هوکەیرە) ئەو شاخەیە، کە لەوێدا زەڕەدەشت نامەی دینیی بۆ هاتووە و جێگاکەیان بەناوی (ئوشیدەرەنە) ناو ناوە.
- ڕووباری (ئەردەویسور) ئەوەیە کە بەگەنگاوەردا تیپەڕ دەبێ و پەرستگای (ئەناهیتا)ی تێدایە و ئالەوێدا، قوربانیەکان کراون.
- هەر ئەو جێگایانەن (موعودیسنا= نەوەی زەڕەدەشت بۆ زیندو بوونەوە و گەڕانەوە بۆ دنیای دینیی نوێ)، کە لە لایەکی دیکەوە بەدەریاچەی (کیانسییە) ناوی دەبەن.

## (٣) وڵاتی ئاریانڤاچ.

ئەم ناوە، لە ئاڤێستادا بەم شێوەیە (ئێریەنە- ڤەیچەنگ ه) هاتووە کە بەلاتینی، دەتوانین بەم جۆرە بینووسین: (Airyana-Vaec`anga). زۆرجار (وڵاتی ئاریانڤاچ)، شاخەکانی ئاریانڤاچ و زمانی ئاریانڤاچ لە ئاڤێستادا هاتووە، بەتایبەتی بەشە پیرۆز و دێرینەکانی. هەروەها ناوی شاخی (دایتیا=´da`itiya) و ڕووباری دایتیا، لە گاتەکاندا، بەپیرۆزیی هاتووە.

ئەوجا، ئەم وڵاتە کامەیە و ئەو ڕووبارە کامەیە و ئەو شاخە کامەیە و لە کوێن، لەم ڕووەوە تا بڵێیت بۆچوونی دژاوەریانە کەوتوونەتە ناو پەڕەکانی پشکنین و لێکۆڵینەوەی ئاڤێستاوە، چە لە لایەن ئاڤێستاناسانی ڕۆژهەڵاتناسانەوە و چە لە لایەن ئاڤێستا لاسایی کەرەوانی پارسەکانەوە. بۆیە وەهای بەباش دەزانین، نەختێ زۆرتر لە بارەی ئەم وشەیەی سەرەوە (ئاریانڤاچ) پەیوەندیی بەچینەکانی زەڕەدەشتیەوە، ئەمە لە لایەنی دینییەوە و هەروەها لە لایەنی ئابوریی و ڕامیاریشەوە پەیوەندیی نێوانی و نێوان (میدیا (ماد)، مادای)یەوە و پەیوەندیی ئەم وڵاتە بەزەڕەدەشت و بەکەیانیانەوە بزانرێ!!

**- لە بارەی دینییەوە:**

لە دینی زەڕەدەشتیدا، وەها هاتووە، کە کۆمەڵگای زەڕەدەشتییەت لە سەرەتاوە سێ لانە بوون و ئەوانیش: جەنگەران و پاڵەوانان و ئازادان، وەرزێران، پێشەوایانی دینی کە بەشێوەیەکی گشتیی ناوی (ماگ و مۆبەد و ئاترەڤان)پێوەیە.

پێشەوایانی دینیی، لە ئاڤێستادا، بەناوی (ئێریەمەن=airyaman)ەوە، ناویان هاتووە. لای پشکێنەری بەرێزیش، هەست بەوە دەکات، کە ئەم وشەیە (ئێریەمەن) بەشێکی گەورەی (ئاریانڤاچ)ە، گوایا (ئێریە)ی (ئاریانڤاچ) وهی (ئێریەمەن) هەریەکێکە کە بەواتای (ڕاستگۆ، شەریف، ڕاستکار، زانا، هۆشدار)دێ.

شایانی باسە، زەڕەدەشت خۆی ڕابەری ئەو چینەیە (پێشەوایانی دینیی). پتر لەوەش وەها هاتووە، کە زەڕەدەشت بەخۆی و بەدینیەوە، لە وڵاتی ئاریانڤاچدا، پەیدابوون و وڵاتی (ئاریانڤاچ)یش کەوتووەتە کورەکی هەر حەوت وڵاتەوە، کە لە لایەن ئەهرۆ مەزدەوە دروستکراون.

**حەوت وڵات (حەوت کیشوەر):**

لە یەکێ لە بەشە گرینگەکانی ئاڤیستادا ناوی ئەو حەوت کیشوەرە هاتووە و ئەوەندەشی کە پەیوەندیی بەم باسەی ئێمەوە هەبێ و سوود بەخش بێ بەم جۆرە دەگرێتەوە لە ئاڤێستادا (گاتەکان) باسی حەوت کیشوەر بەشێوەی (حەوت بوومی) هاتووە واتە؛ بەلاتینی بەم جۆرە دەگرێتەوە (هەپتۆ- بوومی= `Hapto`-bumi). لەوانەیە، خوێنەری بەرێز لە واتای (بووم) تێ نەگات و وابزانێ کە کوردیی نییە، بەڵام ئەگەر وشەی لێکدراوی (بوومە لەرزە)ی هێنایەوە، ئەو کاتە دەزانێ، کە وشەی (بووم) بەواتای (زەمین، زەویی)دێت.

ئەوەی کە پەیوەندیی بەئێمەوە هەبێ، ئەوەیە، کە کام لەو (حەوت وڵاتە) کەوتووەتە ناوەڕاستەوە و



چی پێ دەوترێ و چەواتایێ دەدات!!

بەڵێ، لەو حەوت وڵاتە (حەوت بوومی)یە، کە ناویان لە ئاڤێستا (ویسپەرد، ل -١١٠)دا هاتووە، وڵاتی (خڤەنیرەثە=xvanira THa) ئەو بوومەیە، کە کەوتووەتە ناوەڕاستی حەوت (وڵات= کیشوەر=بووم)ە کەوە (پور داود لە بارثولومیەوە وەریگرتووە، ویسپەرەت، ل- ١١٠).

ئەوەی کە لەبارەی ئەم وڵاتەوە هاتووە بەم جۆرە دەگرێتەوە (وڵاتێکی بەفەڕ و شانسدارە بەوەی کە یەکەمجار دینی زەڕەدەشت و زەڕەدەشت خۆی لێرە هاتنە دنیاوە و ئالێرەوە دینی زەڕەدەشتی بەملاو بەولادا، بۆ لایەکی دیکە وڵاتێکی دیکە بڵاودەبێتەوە. (سۆشیانت) لەم وڵاتە (خڤەنیرەثە) لەدایک بووە (مەبەستی لە سۆشیانت- زیندوو بوونەوە). هەروەها لەم وڵاتەدا، (دیۆ) بەکردارەکانیانەوە، فڕێ درانە دەرەوە، بەشێوەیەکی دیکە ئەم وڵاتە پاککرایەوە لە دێو و درنج و درۆ و دەلەسەو کاری خراپ و ناپەسەند و بەتەواویی ئاوەدانکرایەوە و شارستانیەتی تیادا بڵاوکرایەوە.

لە ڕووی واتاوە، وڵاتی (خڤەنیرەثە) ئەگەر لێک (لە ڕووی واتا بەواتاوە) درایەوە، بەواتای (ناوەڕاستی ڕۆشن، پڕشنگدار)دێ.

یەکەم کەس کەدینی زەڕەدەشتی وەرگرتووە!! بەناوی (مێذیۆ مانگە ه)ەوەیەو ئەم ناوەش ئامۆزای زەڕەدەشت خۆیەتی و بێگومان ئەمە ناوی ڕاستەقینەی نییە، بەڵکو ئەم بەپێی دەم و هەڵس و کەوت وەک ناتۆر، ئەم ناوەی پێوە نراوە ئەمیش بەم جۆرە:

+ (مێذیۆ + مانگەه)، خۆی لە خۆیدا دوو قەدی سەرەکییە و هی یەکەمیان، بەواتای (نیو = نیم) هاتووە و هی دووەمیش بەواتای (مانگ)دێ و بەهەردوو قەدەکەوە ئەو وشەیە دروستکردووە، کە بەواتای (نیوەی مانگ)دێ.

مەبەستەکە لێرەدا شارەزا بوونە، یان شارەزا کردنە لە بارەی واتای (میذیۆ)وە.

ئا لێرەدا، وشەی (میدیا) دێتە ناوەوە و دەخرێتە ژێر نەشتەری لێکدانەوە و بەم جۆرە:

وا بۆمان دەرکەوت، کە لە ئاڤێستادا (مێذیۆ) بەواتای (نیو = نیم) هاتووە و لە لاتینیدا، هەروەها لە ئینگلیزییدا وشەی (مێدیۆم=medium) بەواتای (ناوەند، ناوەڕاست)دێ. کەوابوو، ئەوە یان ئەو (قەدە) کە وشەی (میدیا) یان (ماد)ی لێ دروستکراوە، لە زۆربەی زۆری زماندا، بەتایبەتی زمانە هیندۆ- ئەوروپیەکان و هیندۆ- ئێرانیەکان بەواتای (ناوەڕاست)دێ.

ئەوجا لێرەدا، دێینەسەر ئەنجام و ئەویش بەم جۆرە:

١- ناوی مێدیۆ ماه، هەروەک وتمان بەواتای (نیوە-مانگ) هاتووە و لە ڕووی ڕواڵەتی واتاییەوە و لە ڕووی ڕواڵەتی دینییەوە، ئەمە دیسان ئەوە دەگەیەنێ کە ناتۆری وڵاتی ناوەڕاستی هەڵگرتووە.

٢- هەروەک وتمان وشەی (حڤەنیرەتە)ش، کە بۆ ناوی وڵاتی ناوەڕاست هاتووە و کە ئەویش وڵاتی دایکزادی زەڕەدەشت و دینی زەڕەدەشتە (ئاریانڤاچ) هەم، هەروەک لێکمان دایەوە، واتای ناوەڕاست دەگرێتەوە، کەوا بوو ناوی وڵاتی (ماد) پاشماوەی ئەوەیە، یان لەسەر بنەڕەتی ئەو ناوەوە ناونراوە!!

له ئەنجامی ئەمەدا دەگەینە ئەوەی، کە بلێین، (وڵاتی ئاریانڤاچ) بەپێی ئەوەی کە ئاڤێستا بەزۆری هەواڵی هەڵس و کەوتی کەیانیان و ناوی شایانیان و پەیوەندییان، لەگەڵ دینداو، تارادەیەک ئەوە دەسەلمێنێ، کە هەریەک وڵات بێ و ئەوجا، ئەوە لە کوێ بێ؟! لەم ڕووەشەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ لێکدانەوەی وشەی (ئاریانڤاچ) و ئەویش بەم جۆرە:

– (وشەی ئێریەنڤەیچە) یان (ئاریانڤاچ) دوو بەشەو بەشی یەکەمی لەمەوبەرتر لێکمان دایەوە و کە بەواتای (چینی پێشرەوی دینی، شەریف، زانا، پێشرەو)دێ و بەشی دووەمی ئەم وشەشە کە (ڤاچ= ڤەچ) بەواتای (ئاخافتن)ی دێ، کە بە(واچە واچ) یان بە (ڤاچە ڤاچ) گفتوگۆ بکات.

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، ئەم وڵاتە سەرپاکی ناوچەکانی نێوان ڕووباری ئەڵوەند و سیروان دەگرێتەوە، چونکە بەپێی لێکدانەوەی ناوەڕۆکی (زامیاد یەشت) بەشی جوگرافیاییەکەی لە نێوان ئەو دوو ڕووبارە بەولاوە هەنگاویان نەناوە، ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی دیکەوە، خەڵکەکەی ئەو ناوچانەش تا ئەمڕۆ هەر بەزمانی (ڤاچە ڤاچ) گۆ وگفت دەکەن.

ئەوەی کەلێرەدا، دەبێ ڕەچاو بکرێ و دیاریش بکرێ، بەپێی بەڵگەیەک کە تارادەیەک پتەوبێت و ئەو خاڵەش ئەوەیە، ئایا ئەم وڵاتە، وڵاتی کەیانیەکان بووە! یام نەء؟

بۆ ئەم کێشەیە، دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ناوەڕۆکی ئاڤێستا، بەتایبەتی بۆ یەشتەکان، کە زۆرتر لە بارەی کەیانیانەوە خەرجێکی نووسینەوە و تۆمارکردنی زۆریان کردووە و هەروەها لە یەسنادا گاتەکان، کە بەزۆری ناوی گوشتاسپ بەزۆریی هاتووە و لە بارەی ناوی کەیانیەکان (سەرەکان) کەی وتراوە و شوێنەواری زنجیرەکەیان دیاریکراوە.

هەروەک لە گاتەکاندا هاتووە کە (کەی گوشتاسپ) یەکێ لەو شایانەی کە یانیی بووە کە یاریدەی زەڕەدەشتی دواە و لە پێناوی دینەکەیدا، خۆی بەخت کردووە. بەهەرحاڵ ئاوێستا ئەوەمان بەدەستەوە دەدات، کە کەیانیەکان پێش هاتنە بەرەوەی زەڕەدەشت و دینەکەی هەبوون و ئەمەش دەمانبا بۆ ئەوەی کە بەتەواویی نەتوانین کات و دەمی بوونی زەڕەدەشت و کەیانیان دیاریی بکەین، جگە لەوەی کە بلێین، کە دەمی لە دایکبوونی زەڕەدەشت و دینەکەی لە دەمی فەرمانڕەوایی کە یانیاندا بووە و کەیانیانیش پاش بەسەر چوونی فەرمانڕەوایی پێشدادیان هاتوونەتە مەیدانەوە کە دەمی بوونی ئەمانیش نەزانراو و دیارینەکراوە!!

که وا بوو، دەتوانین بچین بۆ ئەوەی کە بلێین:

زەڕەدەشت و کەیانیان پاش پێشدادیان هاتوون و پێش دامەزراندنی (ماد) لە ناوچوون!

من بەش بەحاڵی خۆم وەهای بۆ دەچم کە دەوری بوونی کەیانیان و بوونی زەڕەدەشت، دەگەڕێتەوە، بۆ دەمێ کە پتر لە چەند هەزار ساڵێ پێش زایین و پتر لەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەمێ، کە لای خوارووی ئێران هێشتا هەر وشک نەبوەتەوە کەفە سەری ئاو بووە و، بەو ئاویشە دەریای گەورە وتراوە، هەروەک لە نووسینی یەشتەکاندا وەها هاتووە.



**٤- (مانۆش)**

دەبێ ئەم ناوە چی بێ و تەنانەت، وەک مەتەڵ و واتەی کۆن و دێرین ناو بەناو ناوی بەسەر زارانەوە بەتایبەتی لە لایەن خەڵکانی دێهاتنشین و کشتوکاڵکەرو حەیواندارانەوە. ئەم ناوە تەنانەت، لە ئەدەبیاتی ئەهلی هەقق (عەلی ئیلاهی)دا (ناو بەناو لە ناو هەڵبەستە دینیەکانیاندا) ڕەنگی داوەتەوە و وەک کەسێکی نەمر بەرگی پاڵەوانیەتی لەبەر کردووە.

(مەنۆش) وەک ناوێ لە ئاڤێستادا بەشێوەی (مەنوش چێژە) هاتووە و بۆمان هەیە بەلاتینی بەم جۆرە ئاوازەگەی بگرین (Mano`sh-c`i`thra) کە بەواتای (نەژادی مەنۆش)دێ. هەروەها ناوی خانەوادە و خێزانەکەیان (ئیریاڤە= Airya`va)یە. ئەمڕۆ ئەم ناوە بەرگێکی نوێی لەبەر کردووە بەناوی (مەنووچەر)ەوەیە. مەنووچەر یەکێکە لە پاشایانی پێشدادی، کە تارادەیەک ناوی پێشدادیان و باسێکی کەمیان لە ئاڤێستادا هاتووە.

(مانۆش) و (مانۆشان) بەناوی شاخەوە هەن و لە فەرهەنگەکاندا وەها هاتووە، کە دایکی مەنووچەر ژنی (ئێرج) سکی بەمەنووچەرەوە پڕبووە و لەو شاخەدا، مەنووچەری بووە و بۆیە بەناوی ئەو شاخەوە (مانۆشان) ناونراوە و ئەمەش زۆرتر لە ناتۆر دەکات، نەک لە ناو!!

لە (بەندەهشن) فەقەرە (١٠) فەسڵی دوانزە، وەها هاتووە، کە شاخی (مانۆش) کە لەوێ مەنووچەر لە دایکبووە، لەگەڵ ناوی شاخی (زەردەز)ەدا، هەردووکیان یەکێکن و واتە شاخەکە زۆر گەورە و فراوان و بەرزە و بەدوو ناوەوە ناو دەبرێ. ڕازی (فەرەیدوون) و دابەشکردنی وڵاتەکەی بەسەر کوڕانیدا (سەلم، تور، ئێرج) لە شاهنامەدا هاتووە و تاوەکو دەگاتە کوشتنی (ئیرج) بەدەست هەردوو براکەیۆ و ئەوجا هاتنە بەرەوەی دەورەی (مەنووچەر)ی کوری (ئێرج):

فردەوسی لەم ڕووەوە وتوویەتی:

یکی خوب چهره دید + کجا نام او بود ماه أفرید

که ایرج برو مهر بسیار داشت+ قضادا کنیزک از او بار داشت

شایانی باسە، زۆربەی کەسانی (چل تەنان)ی دەمی شاه سەهاک هەڵبەستیان هەیە کە ناو بەناو ناوی (مانۆش)ی تیادا هاتووە.

**٥-(ئەڵوەند)**

ئەڵوەند، لە ئاڤێستادا بەشێوەی (ئەرڤەنت= aurvant) هاتووە و بەواتای (واتایی) هاتووە و بەواتای (تەنیش) هاتووە و بەواتای واتایی، بەواتای (توند و تیژ و دلێر و پاڵەوان) هاتووە و بەواتای تەنیش ناوی شاخێکە (کە لە پالەویی و لێکدانەوەی ئاڤێستا (زەند) و کتێبی تردا، بەشێوەی (ئەروەند) ناوبراوە و ئەمڕۆیش (ئەڵوەند)ی پێ دەوترێ و ئەمەش شاخێکە لە هەمەدان.

ناو بەناو پور داود بۆ پشکنینەکانی دەکەوێتە دوای فیردەوسی ڕازە ئەفسانەکانی ناو شاهنامەی وا لێرەشدا بۆ وێنە دەڵێ: (ئەروەنت) ڕووباری دیجلەیە، بەپێی ئەم دێڕە شیعرەی فردەوسیی، کە دەڵێ:

«اگر پهلوانی ندانی زبان بتازی تو اروندرا دجله خوان»

ئەگەر لە لای فردەوسی (ئەروەنت)= (ئەڵوەند) دیجلە بێ، دەبێ ڕازەکانی دیکەی شاهنامەی چەندان بۆ چوونی هەڵەیان تیادا بێ!!
بەپێی پشکنینی مەیدانی، (ئەڵوەند) هەم ڕووبارە و هەم شاخە و (ڕووبارە) کە لە بەشە زنجیرەکانی شاخەکانی زاگرۆزی ڕۆژئاوای لای هەمەدانەو هەڵدەقوڵێ و بەم پێیە (ئەڵوەند) هەم شاخەو وەک ناو هەم ڕووباریشە و کەوا بوو وەک (شاخ) و وەک (ڕووبار) یەک ناویان پێوەنراوە!
بۆ وێنە، لەم ڕووەوە (فرەوشی) (ئەڵوەند) بەشاخێ لە شاخەکانی هەمەدان دەزانێ (ف. فرەوشی، ل-١٥).
لە کتێبی پالەوییدا (ئەروەند) و (ئەرنەک) هەردووکیان یەکێکن.
لە ئاڤێستای (شپیگل = spiegel)دا (بەرگی٣،ل-٢٣٦)- هاتووە، کە (ئەروەنت) و (ئەروەند) هەردووکیان یەکێکن و هەمان ڕووباری (ئەرنەگ)ن و کە لە بەندهشندا هاتووە و هەمان (ڕوودی) (ڕەنگەها)یە کە لە ئاڤێستادا هاتووە بەڵام ئەم ناوانە ناوچەیین!!
بەڵام لە (بەندهشن) فەسڵی بیستەم، برگەی یەکەم، ناوی دوو ڕووبار هاتووە و ئەوانیش (ڕەنگەها) و (وەنگوهی) کە لە ئاڤێستادا ناویان هاتووە، ئەمانەش لە شاخی (البرز)ەوە سەرچاوەیان هەڵدە قوڵێن و لە وێوە دێن و دەڕۆنە دووری دوورەوە ئەو پەری سەر مەرز یەکدەگرنەوە و پێکەوە دەڕژێنە دەریاچەی (فەراخکەرت)ەوە. هەر لە جێگایەکی دیکەی (بەندەهشن)دا، وەها هاتووە، کە دوو ڕووبار، یەکێ بەناوی (ئەروەند) و ئەوی دیکەیان بەناوی (وە)وەیە و وەهاشمان پێ دەڵێ کە (ئەروەند) (ئەڵوەند)ە.
کەوا بوو (ئەڵوەند) هەم ناوی شاخەو هەم ناوی ڕووبارە. کەچی پور داود وەهای لە قەڵەم داوە کە ڕووبارێ بەناوی (ئەڵوەند)وە نییە!
پێش ئەوەی ئەمە بەجێ بهێڵێن دەبێ ئەو هەڵەیە ڕاست بکەینەوە، کە هیچ ڕووبارێ نییە کە لە شاخی (البرز)ی پشی تارانەوە سەرچاوەی هەڵقوڵێ و بەناوی (ئەروەنث) یان (ئەڵوەند) یان (ئەرنەگ)ەوە بێ!!
ئەوجا، بۆ ئەوەی زۆر بەلای ڕاستییدا بڕۆین دەبێ بڵێین ڕووباری (ئەڵوەند) لە شاخەکانی ڕۆژئاوای خوارووی ئەڵوەندەوە کەناوی ناوچەییان هەیە هەڵدە قوڵێ بەرەو ڕۆژئاوای مەرزی ئێران دەڕوا و لە نزیک خانەقین دەڕژێنە ناو ڕووباری (دیالی)یەوە. ئەمەش بێگومان خەوەکەی پور داود، دەڕەوێنێتەوە!
ئا لێرەدا، بۆمان دەردەکەوێ، کە (هەرە بەرز)؛ (البرز) نییە و هەروەها (هەرە هەرە) و (البرز) یەکێک نین و بەڵکو (هەرە بەرز) بەواتای بەرزایی شاخەکانی سەرچاوە دین و پەیوەندیش بەشاخی (البرز)ی (هەرە بەرز) لای تارانەوە نییە، چونکە شاخی (دەماوەند) بەرزترین شاخە ئا لەو ناوچانەدا!! ئەمەش دیسان لایێ لە خەونەکانی بەرێزی زڕاند!!
ئەوجا لێرەدا، ئەبێ ئەوە بهێنینەوە یاد، کە (ڕووبارێ دەڕژێتە ناو ئەردەویسور ناهید)ەوە هەر هەمان



ئەڵوەند- (هەروەک دارمستەتەر، وەهای بۆ چووە)، بەڵام ئەم ناوە (ناوچەییە)!!
هەروەک لە سەرچاوە ئاڤیستاییەکان (یەشتەکان) هاتووە دوو ڕووبار، یەکێ لە ڕۆژهەڵاتەوە و یەکێ لە ڕۆژئاواوە، بەمەرزی وڵاتی ئاریانڤاچدا لە سەرچاوەیە هەڵدەقوڵێن و دەڕژێنە (پێکەوە) پاش یەککگرتنەوەیان، دەریاچەی (فرراخکەرت)ەوە. ئەم ناوونیشانە بەسەر سیروان و ئەڵوەن-دا دەگونجێ؛ بەڵێ ئەڵوەند لە شاخەکانی خوارووی ڕۆژئاوای ئەڵوەندی هەمەدانەوە هەڵدە قوڵێن و بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات و لە نزیک خانەقیندا، لەگەڵ سیرواندا دەڕژێنە ڕووباری دیالەوە. سیروانیش (یەکێ لە لقە گەورەکانی (گاوەڕۆ) لە شاخەکانی ئەسەد ئاواوە هەڵدە قوڵێت، تاوەکو دێتە بزلانە نزیک پاڵنگان، لەگەڵ ڕووباری ناوچەی سنە دەبنەوە بەیەک و لە خوارووی پاڵنگان لە (زۆم و ئەسپەڕێز) لەگەڵ سیرواندا دەبنەوە بەیەک و لەگەڵ ئەڵوەندیشدا پێکەوە لە نزیک (خانەقین)ەوە دەڕژێنە (دیالە)وە.
ئەوەی کە سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، کە ڕووبارێ بەناوی (ئەردەویسور ناهید)ەوە، لە وانەیە هەر هەمان فریشتەی (ناهید)بێ، کە نەوەی پشتاو پشتی سێ کوڕەی زەڕەدەشتیان دراوەتە دەست و تاوەکو هەر لە پاش بەسەر چوونی هەزارەی یەکەم، یەکەمیان دێت و هەزارەی دووەم دووەمیان هەزاری سێیەم سێیەمیان (کێشەکە پەیوەندیی بەبیرۆباوەری دینییەوە هەیە).

### ٦- (کەیانیان)

لە ناو بەرهەمە بەناوبانگەی فردەوسی (شاهنامە)دا، لە بارەی کەیانیەکانەوە زۆر هەیە و ئەم بوونی زانیارییانەش لە ناویدا، بووە بەهۆی ئەوەوە کە فردەوسی هەتا هەتایە نەمر بێ و پتر لەوەش سەرچاوەیەک بێ چە بۆ بەراوردی مێژوویی، چە بۆ پلەی زانیاریی ئەدەبی و تۆژینەوەی ، لە بەرهەمە دینیە دێرینەکاندا، بەتایبەتی لە ئاڤێستادا، باسی کەیانیان زۆر هاتووە و لە کات و دەمی ناو بردنیشیاندا، پایە و پلەیەکی ڕێزیان دراوەتێ. بەتایبەتی ئەگەر هاتوو زانیمان چوار جار ناوی کەی (گوشتاسپ) هاتووە (گاتەکان)؛ یەسنە (٤٦ پارچەی ١٤، ٥١- ١٦,٥٣- ٢، ٢٨- ٧). لەم چوار جارە تەنیا سیانیان لەگەڵ (کەی)دا بووە و جارەکەی تریش بەبێ ناتۆری (کەی)بووە!! کە یەکێکە لە شایانی کەیانی و یاریدەدەرێکی چاکی زەڕەدەشت بووە.
ئەوەی کە لێرەدا، شایانی باسە، ئاوێستا نەناوی شایانی (ماد)ی تیایە، نەناوی شایانی هەخامەنشی و ئەمەش جۆرە دڵنیاییەکی تەواوە، کە دینی زەڕەدەشتی وا لە پێشەوەی فەرمانڕەوایی مادیشەوە و دیارە ئەمەش لەم ڕووەوە لەسەر ڕۆیشتنی زۆری پێ ناوێ! شایانی کەیانی، بۆیە کەیانیان وەک ناتۆر وەرگرتووە، چونکە ناتۆری (کەی) بەواتای (میر، شا، گەورە، سەرۆک)دێ و سەرپاکی شایەکانیشیان ئەم ناتۆرەیان هەبووە، بۆیە بەم ناتۆر (کەی= کەیانیان)ەوە ناوبانگیان دەرکردووە.
ئەو بەرهەمانەی لە بارەی کەیانیانەوە نووسراوە، بەهۆی ڕازە ناتەواوەکانی ناو شاهنامەی فردەوسی و ناوەڕۆکی ئاڤێستاو ئەدەبیاتی دێرینی دینیی و ڕاز وسەرگوزەشتەی دەمی پیرە ژنان و دەماودەم گێڕەرەوان، هاتووەتە مەیدانەوە.

ئەم ناتۆرە (کەی)یە لە ئاڤێستادا بەم شێوەیە (کەڤی = Kavi) هاتووە و ئالەوێدا دەمێ بەناتۆری شایانی کەیانیە و دەمێکی دیکەش بۆ ناتۆری گەورە پیاوان (سەرکردانی) دوژمنانی زەرەدەشتی (درژمنانی مەزدیەسنا)یە. ئەم وشەیە (کەڤی) لە سانسکریتیدا بەواتای (خاوەن هۆش، دانا، زانا، بیرۆکەر، رابەر، پەیامبەر، شاعر، سروود خوێن) هاتووە.

بەهەرحاڵ، ئەم ناتورە (کەڤی) هەروەک وتمان بەشایانی کەیانی -یەوە نراوە، کە لە پێش هاتنە بەرەوەی دەوری زەرەدەشت و لە دەمیدا، دەوریان هەبووە و فەرمانرەوا بوون. ئەوەی وەک درەختەچەی زنجیرە شایانی کەیانی بێ و پێویست بێ (بۆ ناسین) بەم جۆرەیە:

« درەختەچەی فەرمانرەوایانی کەیانی:

١- کەی کوباد (kavi kava`ta)

٢- کەی ئەپیڤە (kavi aipi vanghu)

٣- کەی ئوسەن (کەیکاوس)، (kavi usan)

٤- سیاڤەرشەن (سیاوەش)، (sya`vars`an)

٥- کەی خوسرەو (هەو سرەڤە)، (kavi haosravah)

٦- ئەور ڤەتەسپە (aurvat - aspa)

٧- ڤیشتاسپە (vis`ta`spa)

٨- سپێنۆداتە (ئەسفەندیار)

٩- بەهمەن - ئەردەشیر

١٠- داراب

١١- دارا

ئەوەی کە لەم بارەیەوە سوودی خۆی ببەخشێ ئەوەیە: کە (کەیکوباد) دروستکەری فەرمانرەوایەتی کەیانیەکانەو وەها هاتووە، کە کەیکوباد (کەیقوباد) کوڕی (زەو)ی کوڕی (ئەگەی مەشواک) کوڕی (نەوتەرە)یە و نەوەی (مەنووچەر)ە. (تەماشا یوستی دەفتەر نامەی ئێرانیان- لەناو فەرهەنگی فارسی - پالەویی- فرەوەشی).

ئەوانەی کە ناتۆری (کەی) یان کەوتووەتە پێشەوە، شایەتیان کردووە و ئەوانیش کەبێ ناتۆری (کەی)ن شاهـ نشاهـ نەبوون. لە (فەروەردین یەشت) و لە (زامیاد یەشت)دا ناوی (کەیکوباد) بەرێزەوە هاتووە! وەک پاکدین لە قەڵەم دراوە. ناوەکانی دیکە لە ملاو لەولاوە لە بەشەکانی ئاڤێستادا، تاک و تەراک ناویان هاتووە.

پاشماوەی کەیانیان ئەمرۆ لە کوردستاندا، بەناوی (کاوات)ەوە لە زۆربەی ناوچەکانی هەورامانی کوردستاندا هەن (کاواتی لای قوڕی قەڵا)ی نێوان پاوە و جوانرۆ، کاواتی ناوچەی بیارە.



**پەراوێزی (٧)**

ئەوەی لە بارەی شاخی (ئەهورەنە)ەوە پێویست بێ و پێویستی بەناسینی زۆر هەبێ؛ لە ڕووی ناسینیەوە لە ڕووی ناویەوە، هەروەک وتمان کە بەواتای ناوی (شاخی خوا) هاتووە، پێشەکی دەبێ ئاگاداری ئەم زاراوانەبێ.

(سۆشیانت =sao`s`ya`nt):

لە زمانی فارسی دەری ئەمڕۆدا، بۆ سەوشیانت (سۆشیانت) زاراوی (موعودیسنا) یان بۆ داناوە و ئەگەر لە ڕووی لێکدانەوەی واتای ئاڤێستاییەوەش بۆی بڕۆین بەواتای (بەردان، بەرەڵڵاکردن، ڕەهاکردن، دەربازکردن،...هتد)دێ.

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، دنیای (مادیی) کۆتایی پێ دێ و (دنیای واتایی) دێتە کایەوە، یان دەبێ بووترێ دنیای (نوێ) دێتە مەیدانی دینییەوە و ژیانی هەتا هەتاییەوە.

(فرەڤەشیی = fravas`i):

پارسەکان بۆ ئەم وشەیە ناوی (فەروەردین) یان بۆ داناوە و ئەم ناوەش کراوە بەناوی یەکێک لە مانگە گرنگەکانی سالّی ئێرانیی، کە سالّی نوێ بەم مانگە دەست پێ دەکات.

لە ڕرووی واتاوە، ئەم وشەیە، بەواتای (پارێزگەریکەر، پەروەردەکەر، پاسەوان، ئێشکچی)دێت.

لە ڕووی واتاییەوە (مەعنەوەیی) ئەم (فرەڤەشی)یە، جۆرە هێزێکە، کە (ئاهورا مەزدا) دروستی کردووە بۆ (پاسەوانیی) بەشەر و هەر گیانداریکی دیکەو هەرچی جۆرە توانایەکی دیکە. بەپێی ئەرک و کاری پێ سپێیراو بۆ زەمین دادەبەزێ و کەی کاری تەواو بوو، بۆ سەرەوە دەگەڕێتەوە. بۆ وێنە بۆ (مرۆ)پێش دروستبوونی ئەو (فرەوەش)یە ئامادەیە کە بێتە خوارەوە و بۆ پارێزگاری و کەی(مرۆ) یەکە مرێنرا، ئەو دەگەڕێتەوە بەرەو ئاسمان.

کەوا بوو، ئەم فەروەردینە لە سەرەتای بەهاردایە وەک چەژنی دروستکردنی (مرۆ) بەرچاو دەکەوێ ئەگەر هاتوو زانیمان کاتی کۆتایی دنیا (سۆشیانت)ی سێیەم دەست پێ دەکات و سەرپاکی فەروەردینەکان بۆ نوێکردنەوە بۆ سەر زەویی، بۆ کاری پاسەوانی خۆیان، دەگەڕێنەوە. ئەوجا، لە بارەی ئەم خالانەوە، وەک (سەوشیانت)، سەرەتای وازکردنی دەرگای زیندووکردنەوەی دنیای واتایی (کە دنیایەکی نوێیە، لە ئاستی چاکان و دینپەرستان و سەر بەدێوان) و هەریەکەش بەپێی مافی خۆی دەبێ، لای لێ بکرێتەوە.

پاش، ڕەهاکردنی (دووەم سۆشیانت) و (سۆشیانت)ی سێیەم دێتە بەرەوە و ئەمەش (ڕەستاخیز = قیامەت)ە یان کۆتایی دنیای (مادیی)یە و دنیای (واتایی) دەری وازدەکرێ (کێشەکە دینی واتاییە). بەهەرحاڵ، لەم دەمەدا، کە(زەرەدەشت)، لە (شاخی خودا) ئامادە دەبێ و ئالەوێ سەرپاکی خەڵکانی (بێهدینان) کە بەواتای (دینپاکان)دێ ئامادە و چاوەڕوانی ئەون. ئەم دەمە، کە سەرەتای سالّی نوێیە، دینپاکان، سەرپاکیان ئامادەی جەژنن و ئا لەوێدا، لە ئاوی ئەوێدا، کە (ئۆشیدەر)ە، واتە هۆش و زانیاریی بۆ مرۆ دەهێنێ مەلەدەکەن و خۆیان دەشۆن و هەنگوین و

شیرینی دەرخواردی یەکتر دەدەن و هەڵس و کەوتی دنیای واتایی هەتا هەتا ، دێننە دیی.

ئەم ڕۆژگارە، ڕۆژگاری (نوێیەتی ساڵی واتایی-یەو ڕۆژی هۆشهێنانە) و پێی دەوترێ ڕۆژی (هۆشیدەر = ئوشیدەر) ، یان ڕۆژی نوێ.

شایانی باسە، شایانی (ماد) یان وەچەو وەچە زایان، ناویان هەیە، بەناوی (فرەوەشی)یە و یەکێ لەوانە و کوڕی (دیاکو) بەناوی (فرەوتێس=phraortes)ەوە بووە و مێرێکی دیکەی (مادیی) کە لە دەمی داریۆشی هەخامەنشیدا، خۆی بەشای (ماد) ناو بردووە و داریۆشی هەخامەنشیش گرتوویەتی و کوشتوویەتی و ناویشی لە ناو نووسراوە کەی بێستووندا هەڵکەندراوە و ئەویش هەر ناوی (فرەوەرتی)یە.

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، (فرەوەشی = فەروەردین) و جەژنی (نەوڕۆز)ە، چونکە هەموو ساڵێ جارێ (فرەوشیی)یەکان، لە سەرەتای (فەروەردین مانگ) بەرەو زەمین دەگەڕێنەوە و سەروکاری خزمانیان و سەر لێدانیان و ئەحواڵزانینیان و ئەمەش ماوەی (٥) ڕۆژ دەخایەنێ و ئەوسا لەم (٥) ڕۆژەدا (هەر خەیرو خەیرات کراوە، دۆعا خوێنراوە، درود وتراوە، وێرد کراوە) لە پێناوی ئەم باوەڕە دینیەدا.

نوێبوونەوەی نەوڕۆز، لە دەمی مادەکاندا، دەگەڕێتە بۆ دەمی یەکگرتنی مادەکان و دروستکردنی دەوڵەتی دینیی و دنیایی مادی گەورە، ئەگینا زەڕەدەشتیان خۆیان خاوەنی ئەم جەژنەن. لەودەم و کاتەدا و هەروەک وتمان بەرگی ڕامیاریی جەژنی نەوڕۆز لە دەمی فەرمانڕەوایی مادی یەکگرتوودا، پیاداکراوە.



XIX. ZAMYÂD YASHT.

1 Gld. — 2 Gld. — 3 Wd. — 4 Gld. and a GAv. MS. — 5 Wd. — 6 Wd. — 7 Wd. —





19. 8. Zamyâd Yasht. ۴۵۸

8 Gld. — 9 Wd. — 10 Wd. — 11 Wd. — 12 Wd. — 13 Wd. — 14 Wd. — 15 Wd. — 16 Wd. — 17 Gld. — 18 Gld. — 19 Gld. — 20 Gld. — 21 Wd. does not break the sentence here.— 22 Gld. for (?) — 23 Gld.

**تێبینی:**

ئەمانە هەندێ لەو لاپەڕانەن، کە لە لاپەڕەی یەشتەکانەوە وەرگێراون و گوایا دەمانەوێ لێکیان بدەیتەوە چونکە (کە فەسەرن بەناوی جوگرافیایی کوردستانەوە) تاوەکو پشکێنەر و خوێنەرانی بەرێز ئاگاداربن و ئاگاداری ئەم پشکینەبن.

(هەورامانی)

# گۆرانی ڕاوچییەکانی هەورامان

ڕاوچییەکانی هەورامان، لەگەڵ ڕاوکردندا، گۆرانی هەڵدەدەن بەو کەژ و کێو و ماو ملە و تیـخە و شاخ و کـاوانەی ئەو ناوچانەدا و بەپێی توانینی زانیـاریی و پلەی زانسـتیی خـۆیان، ئەو وشانە دەخەنە قـاڵبی شێـوەن و گریە و زاریی راوکـراو و پێکراو و شایی و زەمـاوەند و گـۆشت برژاندنی خـۆیان و ئەم جـۆرە بەرهەمـانەش، بەبێ بیـر لێ کـردنەوە، هەڵقولاوی دەروونیان، زانیـارێکی زۆر بێ پایانیان خستووەتە بەرپشکێنەری مێژوویی و جوگرافـیـایی بەتایبـەتی، ئەگـەر هاتوو زانیـمـان زۆربەی زۆری ئەم ناوانە (شاخ، کـاو، ڕووبار، ملە) لە ناو ئاڤێـسـتـادا هاتوون کە پشکێنەری پارسی ئێرانی بەزۆر دەیانەوێ بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئێراندا بیانچەسپێنن!

زوربەی ئەو ناوانە، کـە لەناو زامـیـاد یەشـتـدا (شـاخ، ڕووبار، دەریا، کـێـو و ملە و کـاووکـەژ) هاتوون و لەم هەڵبـەسـتـانەدا، کـە لە مـەولا بەرچاو دەکـەون و لە لایەن ڕاوچییەکانی هەورامانەوە هاتوون، دەست نیشان دەکەین.





## ڕاوچی کەیهانی لهۆنی (فەرماوۆ):

دوانزەء ئازەر ڕۆی دووەشەمە
قوللەی ئاتەتشگاش پۆشابێ تەمە
خەستەگی مای زی و ناوەء وشکەناو
بەرنەشین جەتەن جاگیر نەبین خاو
تازە یاوابێم وە دەفتەر کارم
دیسان ئاتەشگا مەداش ئازارم
سەیرش مەکەر دم بەخەمگینی دڵ
دیم ئەمیر ئاما شکۆفا چون گوڵ
واتش وادەی سەیر سەرد یارانەن
وەختی گەشتی کەڵ هەرزەکارانەن
هێز بدەر نەوێت چون تاقەت داریی
ئینەکەی عومرا چێنە وياریی
ئامادەن ڕەفیق دوو زاوەر نشین
حاجی زاهیر و حاجی حەمەدمین
هەردوێ کە شەوان، هەم سەختەوانەن
بەتەمام بەڵەد گرد کەڵە لانەن
بەو گوفتەی شیرین تەمام دام بەگۆش
جەگەریی گوفتار دەروون ئاما جۆش
جواب دام ئەمیر ڕەفیقی گیانیی
بەس کەرد دەروونمت کەرد بەبریانیی



## وەعدی حەرەکەت ئەووەڵ بەیانی

زوو ئامام یانە بە بەزمی جاران
خەبەردار کەردم چندکەس جەیاران
ئەسپابی سەفەربیی بەئامادە
حەمەی شاسواریی بیی بەڕانندە
جە جادەی نەوسود سەر وەعدەء ويمان
واتەن هانەی کاو ئێشەو بۆ جێمان
حەوشی دالآنی نیاین وەپەشت سەر
شەوگەء قادربەگ ڕوو بەنویجەڕ
دڵگیر بەسەیری مەنتیقەی لهۆن
شانازیش مەکەرد بەویەردەی کۆن
بەشێرە مەردان ئەسپەردەی دەوران
فەخر دەهندەی نامیی هەورامان
ئەشکانندی کۆی بەرزی بێ ئامان
بێ پەروا نەهەر گێجاوی زەمان
بەجەنگ بەشادیی، بەسەخت بەسەراو
بەکۆ بەکەمەر بەجاسووگەی ڕاو
تاوە مەرزی تەخت، مەکەرد حیکایەت
جە دووریی یاران ماوەرد شیکایەت
ژالآنە عەیشی حەمەش کەرد بەتاڵ
وێشۆ ماشینش ڕوو نیان وەماڵ
وەعدو مەلاقات جومعە هەر ئەو چەم
هانەی وەزەپەڕ چایی کەڕۆ دەم
بڕیاین جەجادە ڕوو بەپیر ڕۆسەم
کەمکەم لاشانی مەلەن مەداش چەم
حاجی حەمەدمین بەڵەد بە ئەوجا
گەردی گوزەرگا، جاسووسگە و ماوا

پەنەم نیشاندا، هەتاکو تاوا
وات ڕوو بە ڕوویمان هەواری کاوا
ئێسالّ شەڕەبەق پالارە - ماوە
دیم (سفید کەل) و چەم بەنیگاوە!
تەکێدان، بە (ما)، جاش بەرزو وەشا
دوورا جە(سەیاد) فەرمەندەی کەشا
دوو (کەلّ) نەئەتراف، سالّ نەحەفت وپەنج
جەلای سفید کەل مرمانۆ چون گەنج
شین وە کەمینشان سیادان دەسوور
جە مەیدانی تیر، جەستەن وە جەسوور
نەکەوتەن نەدام، ئەو تیر ئەندازیی
مەلەن تەیکەردەن، بەسەر فرازیی
ئەو کەڵە چەرمە من دین نە وەراو
غەیر جە مای مەلەن هەرگیز نەلان خاو
بلمێ پەیش هەرچەند جاش سەخت و بەرزا
بەلّ گنۆ سارا، چوون کەڵە هەرزا!
یاواین هانای کاو دیم وێنەی یاقووت
مرمانۆ ئاوش، سەد ڕەنگ بەسکووت
حەوزە و چون کەوسەر، دەورش سەنگ فەرشا
جای ڕازونیاز زەمین و عەرشا
وەشاپەی سەیاد، مەکان و ئاوش
ئەر ڕەفێقانی من، بانێ هام ڕاوش
حەمە زاهیر دانای سەیادیی و کەشا
گێلای کاوە و کاو چەنی ئەو وەشا
ئوستادم بیەن بەشەوو بەرۆ
پەنەم دا نیشان، ڕەمزو ڕازیی کۆ
کۆسارەوکۆسار، چەنیم دانش گەشت
لای کەڵەلانان، تا سارایی و دەشت



حەرام کەرد ئەو وێش ئیسراحەت و خەو
تاگرت ئیمتحان پەی تەنیایی شەو
مەدیۆنی زەحمەت ڕەنجی فەراوان
نۆبەی سەیرانەن چەنیش جە کاوان
حاج زاهیر ئوستاد جەمەدرەسەو دین
ڕەفاقەتش وەش، مەجلیسش ڕەنگین
ئەمیر خالدیی، جە مەردان پاوە
پەروەردەی کۆسار دامەنەو شاوە
سەرحالّ و شۆخەن، پەرێ ڕەفاقەت
چەنی دێوجا مەیچ، خاس هەنش تاقەت
حاجی حەمەدمین، بەویقارەوە
بەسیاچەمانەی، تەسکین دارەوە
حاج تەوفیق ڕفێق عومری ویەردە
جەوری ڕەفێقان، فرە قبوولّ کەردە
بەنەقلّ و شۆخی شەو ئامادەسەر
باسی حەرەکەت، وستمانە نەوەر
خەیاڵم دەرگیر، پەی دووریی باسام
دایم ڕەفیقم دارای عەقلّ وفام
جاگەش خاڵی بی ڕەفیقی پیرم
دڵدار جە سەختیو سەیادی ژیرم
کەمکەم دا جواب بەرزە دیاران
تیرش کارش کەرد وە جەرگی یاران
بێنۆگە بێ ئەو، نەدارۆ سەفا
هەر یادش پەی من، مارۆ سەد جەفا
وە هەر ناو وماو، هەر متکو هەر ڕێز
جەولانش مەدا، چەنیم وە پارێز
فێراقی زەڕەدەشت، بامدارا بۆ
بەلّ ڕای بەهەشت پێش، دەشتی سارا بۆ

روو بەرای مەجلیس گێلاوە حەواس
دیم غەیر جەلوای هیچ نەمەنەن باس
حاج زاهیر خیتاب ئەو حەمە تایر
یەک ساعەت مەنەن شەفەق بۆ زاهیر
سەیادانی خاس پەی کوشتەی نەچیر
ڕوو بەمای کەڵان کەردەبێن تەگبیر
ماباقی حاجی چەنی من کەیهان
ڕای مەلەن گرتین بەدڵ و بەگیان
یاواین وەپای ما مام دا وەنەزەر
ئافەرەینش بۆ، ئۆسای کۆ پەروەر
وە کەدای دەستوور فەردی فەریاد ڕەس
وەکام مەدرەسە کیانای پەی دەرس
ئەی بەرزی قامەت، ئەی پەی ئەی ستوون
دانەجەنگ چەنی چەرخی نیلگوون
سیروان قەت کەردەن، ئەوجە کۆسالان
ئەسپاران بەدەس بەنی عەودالان
دەوری -ما، گرتەن یەک حەلقە جە (ما)
مایەو سەخت و بەرز هیچ نەدارۆ ڕا
غەیر جە گوزەرگای ڕای جاسووسگەری سان
جە داری زەرگون وێش مەدۆ نیشان
تا ناوەی مەشهوور سەختی قالاو گەرد
پەی دامەنەو بەرز تا چەم مەداش بەرد
وەهەرجا شەکک بۆ و هەرکۆ ڕێواز
تەماشاش کەردین چون تەماشای باز
نەسەدای ڕێزو نەپێقەی نەچیر
نمەدا وەگۆش دڵ مەویا دڵگیر
شین داری زەرگوون پەی سەرفی نەهار
تەنیا سارایی ئەو ناوو دیار



جای کەڵەمەرزی کەلانی سەرسەخت
کەڵ نەبیی تێشدا، نەیەدەسانس بەخت
ئەیزەن بەپارێز پای کەمەر سیاو
ڕووجە مای کەڵان بەدووربینی چاو
تاق و بەردو سەخت، جە نزیک و دوور
تەماشا کەردین تاوە کاوە سوور
چون فیلەگێجان دەور مەداین وە دەور
تاقڵەی مەلەن تەرکەل چەنی هەور
سەرکێشاین دیار وە بەرزی ماوە
عەینەن باڵدارین وە ڕووی سەماوە
حاجی تەوفیق نیشت، جەلای وەسائیل
ئێمە شین نەجەنگ، چەنی ئیزرائیل
بەرزە کەڵەلان، مەلەن کەوت دیار
سەیادان ئاسا، وێما، دا هەشار
دوور بەکەڵەلان، سەرجە چوارسەد
مەرتفەنگی خاس، بدایش وە مەقسەد
شەماڵ مەپێچا، ساقی چنووری پیر
وێنەی مەغناتیس، دڵ مەکەرد ئەسیر
ناو ما بەزۆزە وێنەی شەمشاڵ دەنگ
حیکایەت مەکەرد، پەیمان بەسەد ڕەنگ
حەوشە و نەژێر پا گرتەبێ قەرار
پێچا بەدەورش مەلەن وێنەی مار
سینەی مای ژێر پا، وەمادا بەخەم
قیسمەتەو جە حەوش نمەداش وەچەم
وەشتەر بەجاگەم نەخەسرەوی تەخت
زاتی لایەزال پێمدا بەروخسەت
وەهەر کۆ مەدیام، نمەویام ڕازیی
کەم ماوەردم چەم، نەو چەم ئەندازیی

ساعەت بەسرعەت، گێلا پەی چوار
ڕەفیق ئیشارەش کەرد پەی کەردەی بار
چون گوزەرگا سەختمان هانە پێش
بەڵکو بەڕۆشن و یەر مەوۆێش
وەخت نەبەکافی، دل بیی وەماتەم
پەی قەتی ئومێد سەر کەشام پەی خەم
سەردام وەرامان، سینەدام وەبەرد
هۆش و بینابیم وەناو (ما) سوپەرد
سکووتی ناو (ما) وەبەرداین وەهەم
شنەفتم هاژیۆ، ناپایانەی خەم
ئاگام کەرد ڕەفیق بەزبانی ئەبڕۆ
هاڕەی نەچیرەن کە مێو سەبرت بۆ
گیرم دا لاشە، نەوەردم تەکان
دیدە کاوش گەر هەر نوقتەو مەکان
ناگاه کەوت سارا، سینەو تەوێڵ ڕەش
پاڵ و لەکەی وەرو حەوش گرتەن باوەش
زانان سڵەمان پەی جاسووسگەی سان
چەم جە جیهازش مەنەبێ حەیران
پا نەدەوری دەس، دەس لە بەینی ڕان
پەڕتاب چون فەنەر پەی بەرکەردەی گیان
پەی دەساو تفەنگ سینە کێشام پەس
نەولانەی عقاب نشینگای کەرکەس
کەوت نەتەعقیبش، دوربینی تفەنگ
کۆسالان حازر پەی جواب چون جەنگ
کەمانەی شاخش، نیشانەی پیریی
تاکۆی پیرۆز سەم کەردەن ئەمیریی
مەویەرد بەتەوان، مرمانا سفید
دووربەو بەسرعەت، دوور مەویا جەدید



پەنجەی پەی ماشە چون نێشی عەقرەب
قارەن جە مەشریق خەم واردەن پەی غەرب
دووربین زیاتەر تەوان دان وەچەم
چەمەی ڕووی ماشە خەم مەدا وەهەم
تیر جەگێجی خوان، مەکنیا چون بەرق
ڕوو بەقەڵاو گرد جە مەسیری شەرق
بەدیقەتی خاس، مەسان مەکەردتەی
مەنیشت وەنیشان جەرگش مەکەرد پەی
مەلەن کۆسالان، دەنگ دان وەدەنگ
فرۆشان چون ڕەعد ئی سەنگ بە ئەوسەنگ
کە ئێشی زام ناو مەدانە وێش
مەکۆشا زووتەر وێش کێشۆ وەپێش
خەدەنگ و ئایر دەس دابەن وەدەس
چەرمە کەردەن سوور، سوور بیی وەقەقنەس
نەبی ڕای نەجات هەرچی دا گوریز
سەرپێچا جە سەخت ڕوو نیا ئەو ڕێز
جە گزپەی گەرمیی سۆزی ماریی زەرد
بەرنەکەرد قامەت نەو سەحنەی نەبەرد
نەکەرد تەلاوتل کەردش مدارا
مدرا نەجای وێش چون سەنگی خارا
نەبیەبێش عادەت هەرگیز وەتەسلیم
کۆسالان وەی تەور بەودا بەتەعلیم
ماشە ڕەهابی، نۆبەی تەماشەن
بەدووربین سەیری نیگای لاشەن
نیگای جاسووسگە و سەیادش مەکەرد
بێ فەریاد فەریاد بێدادش مەکەرد
ویەردەی وەڵین ماوەردش وەیاد
بەو نیگا شەرحش مەدا پەی سەیاد

چەنی ڕاو گوزەر ماوای من زانای
جەلای کام ئۆستا ، ئەی دەرسە وانای
کام هێز و تەوان، بەتۆدا یاریی
کام سەیاد  ئەوجاش پێت کەرد دیاریی
فرە سەیادیم، کەرد نەکۆی سالاّن
ڕەنجی سەیادان، فرەدام وەتالاّن
نیگای شاخم کەر، عومرم و یەردەن
چەن تیر ئەندازیم وەهەدەر بەردەن
خاس تەماشاش کەر، چەند ترەک وەردەن
نیشانەی قودرەت، جە ڕووی نەبەردەن
نیگای ڕیشم کەر، معشوق کەردەن پەی
چەنی ئازیزان، عومرم کەردەن تەی
چەن وەسەرکاوان، سەیری هەردم کەرد
چەن دەساوەن دەس، بەرداو بەردم کەرد
کارم تەماشەی زەردەی زەردان بە
شەفا بەخشی زام ئیشی دەردان بە
چەنی وەرکەمەر، کەردەبێم عادەت
چنوور بەر زەڵنگ مەدان شەهادەت
سووره هەراڵەی نەو وەهاری نۆ
چەنی گوڵ سۆسەن فرەکەردەنم بۆ
لەززەت مەدا پێم، هاڕەی وەرواوان
ڕەنگین ئیلاخان پای لارەکاوان
جە تاقە بەرزان مەگرتم مەنزڵ
جاگەی شەماڵگیر پەی تەسکینی دڵ
کۆسالاّن پەی من مەکەردش زاریی
مەداشۆ جەواب ئەو نەعرەی کاریی
بێ ئینسافیت کەرد، ستەم نمانای
ئەی نامەی قافیز پەی من کیانای



هەرچند بەئایر سۆچنای جەرگم
مەتاوم مدرام تا لە حزەی مەرگم
پەی شاخەی شاخان بەو دەروونی ڕێش
ئاخر نیگاش کەرد بەجەستەی پەڕ ئێش
پەی ڕەها جە ئێشن زامی دەروون کاو
بەتیری خەلاس یەک سەرش نەخاو
کەوت وەشانەی ڕاس سەرنیا سەرسەنگ
ڕاحەت بی جەدەس سەیادو تفەنگ
پەی بیی ئەو قامەت مەلەن پەروەردە
خوا حافیز کەرد، نەو هەردو بەردە
بین وەخەبەردار باقی ڕەفێکان
ئەیزەن دەورەوتەر پەی بینۆکەسان
دان وە کەمەی (ما ) دوو حاجی زاوەر
هەرکەس نەدیە بۆش نەدارۆ باوەڕ
چون کەڵاّن وێشان مەدا نە گوزەر
پەی گروناوی کەڵ، ئەو پلە و خەتەر
بێ پەرواو بێ تەرس، مەلان و مامان
تا لاشەی کەڵشان یاونا وە لامان
ئەمیر لاسایی بەزمی حەمەلاڵ
بەتاوو تاوماش کەردە بێ بەقاڵ
پەی (تەقویەتی) دڵ سەرحاڵی یاران
بەزمی لەیلێ و لەیل، بەوێنەی جاران
وەش بەنەومەکان کەبابی جگەر
جا بەزمی بەرگەشت یانە کەوت نەوەر
(الوداع) کریا ، چەنی مای مەلەن
ڕوو بەهەورامان بڵبەر و سلێن
تا ئامای ماشین سەروە عدە و قەرار
شەوگە و تەر، گرتین جە هانەی حەسار

شـــەو ویەرد بەشـــاد، بەتاریک چەوســـەر
ها بیـــاومێ حـــەمـــەی نەلۆ وە وەزەپەر
مـــەکـــانی دیدار وارده بەتەغـــیـــیـــر
مـــەســـیـــری نازە جـــە ئاوایی پیـــر.

**ئەو پەیڕەوانەی، کە وەرگێڕەری کەرەستەکانی ئاڤێستا، دەبێ بیانکاتەوە سەر!**

– خاڵی هەرە گرینگ ئەوەیە، کە وەرگێـڕەر دەبێ یاریی بەزارەکانی زمانی کوردیی بکات.

– دەبێ بەلای کەمیەوە ئاگاداری زمانی پارسیی و فارسیی دەریی بێ.

– بەلای کەمیەوە دەبێ شارەزای زمانێکی ئەورووپایی و مێژووی هەنگاونانی زمانەکە بێ، چونکە (زمانە ئەورووپییەکان؛ ئەڵمانی، فەرەنساویی، ئینگلیزیی) ڕۆژهەڵاتناس کارێکی زۆریان، لەو پێناوەدا (زمانی ئاڤێستا، فەرهەنگی، وەرگێڕانی، بەراوردکردنی کەرەستەکان لەبەر ڕوانگەی زمانناسییدا) کردووە.

– لە هەمووی گرینگتر، ئەوەیە، کەوەرگێڕەر شارەزای حاڵەتەکانی (ناو، ئاوەڵناو)، (کەهەشت حاڵەتن) بێ و بەو پێیە وشەکان و کەرەستەکانی زمانی ئاڤێستا، لە سەنگی مەحەکی ناسین بدرێن.

**لە بابەت ئەم خاڵەی دواییەوە، وا هەندێ ڕۆشنایی دەخەینە بەرچاو:**

بۆ وێنە، با سەرنجی ئەم وشەیە بدەین و ئەویش (تەن =tan)، کە بەواتای (تەن = لەش= بەدەن) دێ و لە کۆتاییەکانی:

پێش ئەوەی بێینە سەر ئەم وشەیە و ئاڵوگۆڕی لە حاڵەکاتەکاندا، بەپێویستی دەزانین، کە نەختێ لە بارەی حاڵەتەکانەوە (وەک ڕەمز) ڕۆشن بکەینەوە:

١– باسی دۆخی (تاک) دەکەین و لەم حاڵەتانەدا:

(المبتدأ، الفاعل، المسندالیه–ع) ناوی تاکی کارا (دەست پێکەر) Sg.N.

(مفعول به (حالة النصب) Sg.Acc

(التنسیب، المضاف) Sg. Gen.

(الاستئصال) داتاشین و ڕیشەکاریی و بەندسازیی Sg.Abl



(الجاروالمجرور وشبه جملة) Sg.Dat.

(اسم الالة) Sg. Instr.

(اسم المكان) Sg.loc.

(المنادى) Sg. Voc.

**کۆتاییەکانی وشەی (تەن =tan) و حاڵەتەکانی**

١–: TAN (وەک قەد) (تەنوش) = Sg.N. TANUS`

(تەنوڤەم) = Sg.Acc.TANUVAM

(تەنوڤە) = Sg. Gen.TANUVAS

(تەنوڤام) = Sg. Instr. TANUVA´

(تەنوڤەی) = Sg. Dat. TANUVAI

٢–: VAHV (قەد) (ڤەهڤی) = Sg.N. VAHVI`

(+ ئەم وشەیە بەواتای (جۆر، چاک، بەرەحم، دڵسۆز...) دێ.

(ڤەهڤیم) = Sg. Acc. VAHVI`M

(ڤەهڤیا) =Sg. Gen. VAHVYA`-S

(ڤەهڤیات) =Sg. Abl. VAHVYA`-T

(ڤەهڤیای) =Sg.Dat.VAHVYA`-AI

(ڤەهڤیا) = Sg.Instr. VAHVYA`-A`

(ڤەهڤیا) = Sg. LOC. VAHVYA

(ڤەهڤی) = Sg.Voc. VAHVI

٣– ئەم وشەیە، لەم (دۆخانەدا و ڕووالەتیان)دا بەم جۆرەیە

– لە دۆخی (جووت)ی بەکاردا، بەم جۆرەی لێ دێ (ڤەهڤیی) = ( VAHVI`-S)

– لە دۆخی (کۆ)ی بەکاردا، دەبێ بە (ڤەهڤیی) =(VAHVI`-NS).

(بۆ پتر لەم ڕووەوە زانین، تەماشای، ئاڤیستای سۆکۆلۆڤ بکە).

## هەندێ فرەیزی پێویست بەوەرگێڕانی زمانی ئاڤێستا:

+ فرەیزی ناویی، بۆ وێنە وەک:

١- ڤیسپەتی (VIS - PATI) = گەورەی ماڵ (سەرکاری ماڵ).

وشەی (ڤیس = VIS) بەواتای (ماڵ، خانوو)دێ. بەڵام وشەی (پەتی = PATI) بەواتای (گەورە، سەرگەورە، سەرکار، میر،...) دێ.

٢- نرگەر (NR- GAR) بەواتای (پیاوی دلڕەق)دێ.

وشەی (نر=NR) بەواتای (نێر، پیاو)دێ و (گەر = GAR)یش بەواتای (کێو، شاخ)یی، دێ و بەشێوەیەکی قەرزکراو (استعارە) بۆ دەستەوەدانی پیاوی کێویی، پیاوی دلڕەق (وحش)دێ.

٣- ڤیشەڤەیپە ( VIS`A- VAIPA)، کە بەواتای (ژار پژێنەر)دێ.

وشەی (ڤیشە =VIS´A) بەواتای (ژا، ژەهر)دێ. وشەی (ڤەیپە = VAIPA)ش بەواتای پژێنەر (پژگێنەر)دێ.

٤- دەیڤەیەسنە (DAIVA- YASNA) کە بەواتای (دێو پەرست)دێ.

وشەی (دەیڤە = DAIVA) بەواتای (دێو) دێ وشەی (یەسنە = YASNA)ش بەواتای (پەرست)دێ.

٥- نەریە مەنە (NARYA - MANAH) کە بەواتای (پیاوی پیاوانە، ویژدانی پیاوانە، بیری پیاوانە، هەڵس و کەوتی مرۆڤانە، مرۆڤی مرۆڤانە،...)دێ.

وشەی (نەریە = NARYA) بەواتای (پیاوانە، مرۆڤانە)دێ و وشەی (مەنە= MA-NAH) بەواتای (بیر، ویژدان، هەڵس و کەوت، ڕەوشت، کردەوە،...)دێ.

٦- بیزەنگرە (BI- ZANGRA)، بەواتای (دوولاق، دووقاچ)دێ.

وشەی (بی = BI-) لە قەدی (DAV= دوو)وە، وەرگیراوە و وشەی (زەنگرە =ZANGRA)ش، بەواتای (لاگ= لاق، قاچ) هاتووە.

ئەم جۆرە فرەیزانە لە کوردیی ئەرۆدا، هەن و بەکاردین و هەمان ڕێڕەو بۆ دروستکردنیان بەکارهاتووە و دێت. بۆ وێنە:

چاو ڕەش، چوار پێ، دەست درێژ، بەرگدروو، چوار چاو،...



٧- مەرتیە یشو (MARTYAISU) کە بەواتای (لە ناو خەڵکدا) دێ.

قەدی (مەرت = MART) بەواتای (مر) هاتووە، کە پێچەوانەی (نەمر)ە و هەر لەم (قەدە)وە، (مەرد)، یان (مرۆ)ی ئەمرۆ دروست بووە، کە بەواتای (مرۆ)دێ، واتە: (دەمرێ) یان، هەرگیز هەر بەزیندوویی نامینێ و دەبێ بمرێ. بەڵام ئەمرۆ وشەی (مەرد) جگە لەو واتایەی سەرەوە، بەواتای (پیاو، ئازا، لێهاتوو)دێ. کەوا بوو وشە ناساکارەکە (فرەیزەکە) بەواتای لە (ناو مرۆدا، لە ناو مەردمدا)دێ.

هەر لەو قەدەی سەرەوە، وشەی (مرثیوش = `MRTHYUS) دروستبووە، کە بەواتای (مردن)دێ.

٨- (زەمەی = ZAMAI)، کە بەواتای ( لەسەر زەویی)دێ.

وشەی (زەمەی) لە قەدی (زەمە = ZAMA)وە دروستکراوە و ئەم قەدەش، بەواتای (زەمین = زەویی)دێ و شایانی باسە، هەر بۆ ئەم وشەیە، وشەیەکی دیکەی ئاڤێستایی هەیە و ئەویش وشەی (بووم =bu`m)ە.

٩- (پەرەدەرس = PARA- DARS) کە بەواتای (پێشبینی)دێ.

## هەندێ ڕستە و فرەیزێ

## کە لەم ڕێگەبڕینەدا، کۆسپیان دروستکرد بوو

١- وێنەی یەکەم

(هە زەرەیە- ئەیە زەیتی.) = (HA ZARYA AYAZAYAITI) (Yt.8.31)

واتە: ئەو (هەو)، زەریای هێناوەتە شەپۆل.

+ لێرەدا، (هەو) و (ئەو) وەک ئامرازی ئاماژە کار دەکات و مەبەستی کەسی سێیەمی تاکە و لێرەشدا، کەسی سێیەمی تاک وەک (ناو) نەهاتووە و دەگەڕێتەوە، یان بۆ پێشەوە، یان بۆ زۆر داری، میری دەریا، کە (تیشتریە=TIS´ TRYA )یە.

+ وشەی (زرەیە)ش، وەک (زێ) لە کوردیی ئەمڕۆدا، بەکاردێت و ناوی (زرێبار)یش ئەم قەدە (زرێ)ی تێدایە.

+ (زەیەتی= زەێتی)یش بەواتای هاتووەتە (زایین) و لێرەشدا، لە زایین مەبەستی هێنانە (شەپۆل) یان شکاندنەوەیە.

٢- وێنەیەکی دیکە:

(تەفسەتچە هە مەیریە خڤیسەتچە=(TAFSATC`A HA MAIRYA XVI-SATC`A)، (Y. 9.11)

واتە: ئەو زۆڵە خەریکە گەرم دەبێ و ئارەقە دەکاتەوە!

باوشە بەوشە، ئەم ڕستەیە لێکبدەینەوە: (تەفسەت)، لە (تاوگرتن)ەوە هاتووە و حاڵی حازریش دەوترێ، سۆپەکە (تاو)ی گرتووە. بەیەکێ، کە ڕەقی هەڵدەسێ و سوور دەبێتەوە، دەوترێ: ئەوا گەرم بوو، ئەوا تاو گرتی، ئەوا سوور بوویەوە!

+ وشەی (مەیریە)، بەواتای (مار= زۆڵ= سووک و خوار= بێ بار= خۆپەرست،...) هاتووە

+ وشەی (خڤیسەت)یش بەواتای (ئارەقە = خوێاو) دێ.



+ دوو پاشبەندی (-چە) مان، هەن کە لە بریی ئامرازی (پەیوەست = پەیوەند) هاتوون.

+ (هە)ش، ئامرازی ئاماژەیە و بەواتای (ئەو) هاتووە.

٣- وێنەیەکی دیکە:

- ئیمەت نمانەم...هاو مەزە مەرغە... ئەڤەی ئەورە!

IMAT NMA`NM..... HA´U MAZA MARGHA.... AVAI AWRA.(Yt.14.41)

واتای وشە بەوشە:

+ (ئیمەت) وەک ڕاناوی ئاماژە، لە بریی (ئەم) هاتووە (بۆ نزیک).

+ (نمانەم) بەواتای (ماڵ = یانە = خانوو) هاتووە.

+ (هاو) وەک ڕاناوی ئاماژە، لە بریی (ئەو) هاتووە (بۆ بەرامبەر).

+ (ئەڤەی) وەک ڕاناوی ئاماژە (کۆ) لە بریی (ئەوانە)هاتووە.

+ (ئەورە) بەواتای (هەور = ئەور) هاتووە، (مەرغە)ش بەواتای (مەڵ، باڵندە، مامر، مریشک، مر...) هاتووە.

لێرەدا، سێ ڕاناوی (ئاماژە) و سێ (ناو) هاتوون و بەم جۆرە بۆیان دەڕۆین:

+ ڕاناوی (ئیمەت) بۆ تاک و نێرە و لە حاڵەتی بەکاردایە.

+ ڕاناوی (هاو) بۆ تاکە و (بۆ نێر و مێ) بەکاردێ.

+ ڕاناوی (ئەڤەی) بۆ کۆیە لەحاڵەتی بەکاردایە.

+ ناوەکانیش، هەروەک وتمان (ماڵ) وەک (تاک) و (مر)یش، هەروەک (تاک) و(ئەور)یش، وەک (کۆ) بەکارهێنراون.

لێرەدا، (کار = فرمان)ەکان پەڕیون و ئەویش بەمەبەستی پێشکەشکردنی (کورتە)یەک لە بارەی بەکارهێنانی ڕاناوی ئاماژەوە، بۆ دوورو بۆ نزیک و بە(تاک) و بە(کۆ)وە.

٤- وێنەیەکی دیکە:

- (جەنەت، ئەژیم، سرڤەرم، یەم، ئەسپە، گەرم، نرگەرم، یەم، ڤیشەڤەنتم، زەیریت...)

( JANAT, AZ´I´M, SRVARM, YAM, ASPA, GARM, NRGARM, YAM, VIS´AVANTM, ZAIRIT.....)(Y.19.40)

لێکدانەوەی وشە بەوشە:

+ (جەنە)، قەدێکە بەواتای (کوشتن) دێ و لە کوردیی ئەمڕۆدا، وەک (قەد) ئەم وشەیە، بەهەمان واتاو ڕووالەتەوە، بەکاردێ و لەم وێنەیەش، وەک:

(جەنین) و(بیجنە) و لەم ڕووەوە، دەوترێ:

- (ئەو کورەکەی جنیی!!)، یان (قەسابەکە لاکەکەی جنیی!).

- (هەتیوەکانی بەعس منالە کوردەکانیان داجنیی!).

شایانی باسە، (قەدی) وشەی (ئەنجڕ)یش، هەر لەهەمان (قەدی) وشەی سەرەوەیە.

+(ئەژیی)، قەدێکە (وشەیەکی تەواوە) بەواتای (مار = ئەژی = ئەژدیها)دێ.

+ (سرڤە)، قەدێکە بەواتای (سروە)ی ئەمڕۆ دێ و (سروە)ش (ئاوەڵناو = ناو)ە بۆ هەڵدانی ناوونیشانی دەنگ دێ و بەم بۆنەیەوە، وەک:

- (ئەو بەسروە دەئاخەفێ)، - (ئەو دووانە هەر سروەیان دێ) واتە؛ بە(فچەمچ = چفەچف گفت و گۆ دەکەن). هەروەها بەواتای (لووشاندن، پرماندن، مشاندن،...)دێ.

+ (یەم) وەک ڕاناوی نەناسراو هاتووە. لە کوردیی ئەمڕۆدا دەبێ بە(-ێک) = (-ێ)

+ (ئەسپە) بەواتای (ئەسپ)دێ و بۆ وشەی (مایین)یش (ئەسپا) بەکاردێ.

+ (گەر) قەدی (گەرەک) و واتا (خواستی خواردن = خارن) و ئەمەش ناوونیشانە بۆ ئارەزوو شکاندنی برسیەتی (برسیەتی زۆری هێنابێ).

+ (نر) بەواتای (نێر = پیاو)دێ.

(ڤیش) بەواتای (ژار = ژەهر) دێ، یان بەواتای (داڕووی کوشندە)دێ.

(زەیری) بەواتای (زەرد)دێ.

شایانی باسە، هەریەکێ لەم ناوانەش، پاشبەندێکی تایبەتی هەیە، چونکە هەروەک لەمەو پێشتر وتمان، هەر ناوێ، هەر ئاوەڵناوێ، بەپێی ئەرک و جێگا، پاشبەندی وەردەگرێ کە ئەمڕۆ ئەو جۆرە پاشبەندانە نەماون!!

بەشێوەیەکی گشتیی واتای ڕستەکە، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

- (کوژراوە مار (ماری کوژراو)، پرماندنی ئەسپی برسیی، پیاوی برسیی، ژاری زەرد...)



٥- وێنەیەکی تر:

- (مرغە یە پەرە دەرس نامە)= (MRGAHA YA PARADARS NA`MA) (Vd.18.15)

واتای وشە بەوشە:

+ (مەرغە) بەواتای (مر، مامر، باڵندە) دێ.

+ (یە) وەک ڕاناو دەگەڕێتەوە بۆ باڵندە (مەل).

+ (پەرە دەرس) ناوی باڵندەیەکە.

+ (نامە) بەواتای (ناو = نام)دێ.

واتا گشتیی یەکەی بەم جۆرە دەگرێتەوە!

(باڵندەیەک بەناوی پەرە دەرس-ەوە)

٦- وێنەیەکی دیکە:

- (ئات مام فرەگوزەیەنتە یەی ئەپرنا یۆ تەورونە).

(A`T MA`M FRAGUZAYANTA YAI APRNA`YU TAURUNA)(Yt. 17.55)

واتای وشە بەوشە:

+ (ئات) وشەیەکی ناساکارە و (قەدی کارو ڕاناو) بەیەکتریەوە بەندن و (قەد)ی وشەکە واتای کاری (هاتن)ی تێدایە و بۆ وێنە؛ لە کوردیی ئەمڕۆدا، دەوترێ:

هاتم و (دێم) و ئەم دووکارە، وەک ڕابردوو و وەک داهاتوو، یان ڕانەبردوو یەک (قەد) یان هەیە و بۆ وێنە، ئەگەر بڵێیت (دێم)، لە ئاڤێستادا دەبێ بە(ئایەم) یان (ئاتێم).

ئا لێرەدا، ئەم کارە (ئات)، بەواتای: (هێنرام) = (ڕێگایان دامێ کە بێم) (منیان هێنا)دێ.

ئەو ڕاناوەی کە (من) دەگرێتەوە و وەک (بەرکار) لێرەدا، خۆی پیشان دەدا، ڕاناوی (مام)ە، کە بەواتای (من)دێ. بەشێوەیەکی دیکە، ئێستا (نووکە)، بۆمان دەلوێ کە بڵێین: (ئات مام)، بەواتای (منیان هێنا)دێ.

+ (فرە گوزەیەنتە)ش، وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە لە وشەی (فرەگ) کە بەواتای (نوێ)دێ و بەشی (زەیەن)یش بەواتای (تازەگەنج =تازەلاو) = (لاو = گەنج) دێ. هەردوو لای وشەکە (فرەگوزەیەنتە) بەواتای (لاوەکان = گەنجەکان) دێ.

+ (یەی) ڕاناوی کەسیی لکاوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان.
+ (ئەپر نایۆ). بەواتای (ئەولاتر، سەرووتر،بەرەو ئەولا)دێ.
+ (تەورونە) ناساکارە و بەواتای (ڕێگادان) بەرچاو دەکەوێ.

واتای گشتی بەم جۆرە دەگرێتەوە:

(لاوەکان ڕێگایان دامێ، کە بڕۆم!).

٧- وێنەیەکی تر:

– (کوثە، تێ، ڤررزیان، ئەیتەی، یەی، مەیدەیەزنە).

(KUTHA ,TE` , VRZYA`N , AITAI , YAI , MAYDAYASNA),(Vd, 6. 26)

واتای وشەکان:

+ (کوثە)، بەواتای (چی!؟) دێ.
+ (تێ) وەک ئامرازی ناسین هاتووەتە مەیدانەوە.
+ (ڤرزیان)، وشەیەکی ناساکار پێکهاتووە، لە (سەرە) و (پاشبەندی) و واتای (کارکردن، وەرزیان) هاتووە و ئەمڕۆیش (وەرزێر)ی ناو کوردەواریی هەر هەمان (قەد) و هەمان (واتا) بەدەستەوە، دەدات. بەهەرحاڵ وشەکە واتای (بیکا) بەدەستەوە دەدات.
+ (ئەیتەیەی) هەردوولایان بەواتای (دەبێ = پێویستە) دێ.
+ (مەیدە یەزنە)ش بەواتای- (مەزدا پەرست (زەڕەدەشت) دێ.

واتاگشتیەکەی دەکاتە: (زڕرەدەشت، دەبێ چی بکات؟)

٨- وێنەیەکی دیکە:

– (ئەزم یە هورە مەزدە)

.(AZM YA AHURA MAZDA)

واتای وشەکان:

+ (ئەزم) بەواتای (ئەز = من)دێ.
+ (یە) بۆ دڵنیاییە، وەک بڵێیت؛ (منم = ئەزم)، (ڕاناو)ە.
+ (ئە هورە مەزدە) بەواتای (خوای مەزن) دێت.

واتاگشتیەکەی، دەکاتە: (ئەمن خوای مەزنم).



٩- وێنەیەکی دیکە:

-(کە مام ستەڤات کە یەزایتی). (Yt. 5,8)،(KA MA`M STAVA`T KA YAZA`ITI)

واتای وشەکان:

+ (کە) بەواتای (کێ؟) دێ.
+ (مام) ڕاناوە، بەواتای (من) دێ.
+ (ستەڤات) بەواتای (پرسین) دێ.
+ (یەزایتی) بەواتای (قوربانی) دێ.

واتا گشتیەکەی دەبێ بە: (کێ من دەپەرستێ؟ کێ قوربانیم بۆ دەدا؟) یان (کێ دەمپەرستی و کێ قوربانم دەبێ؟)

١٠- وێنەیەکی دیکە:

– (کا ئەهمای ئەشیش ڕناڤی چیت ئەهمای جەسەت ئایەپتم)

(KA` AHMA`I AS`IS` RNA`VI C`IT AHMA`I JASAT A`YAPTM) (Y.9,3)

واتای وشەکان:

+ (کا) ئامرازی پرسە و بەواتای (چە)، یان (کام چی؟)دێ.
+ (ئەهمای) ڕاناوی کەسیی کۆی یەکەمە، لە دۆخی (دایە تیڤ) دایە.
+ (ئەشیش)یش، بەواتای (بەش)دێ.
+ (رنەڤی)یش، بەواتای (پاداش، بەخشیش)دێ.
+ (چیت) ئامرازی پرسە و بەواتای (چی؟)دێ.
+ (جەسەت) بەواتای (ڕووداو)دێ. یان بەواتای (بەسەر هات)دێ.
+ (ئایەپتم)یش وەک وشەیەکی ناساکار (قەدی کار + پاشبەندی کردەوە) بەواتای (رووی داوە) هاتووە.

واتای گشتیی ڕستەکە (ڕستەکە ناساکارە) بەم جۆرە دەکرێتەوە:

(چە بەشێ مافی خۆیەتی و چی بەسەریدا هاتووە؟).

١١- وێنەیەکی دیکە:

- (بازەڤا ئەروشا ئەسپا - ستە ڤیەهیش).

(BA`ZAVA´ ARUS`A` ASPA`- STAVYAHI`S`)، (Yt.5.7)

واتای وشەکان:

+ (بازەڤا) وشەیەکی ناساکارە و بەشی (باز)ی بەواتای (باڵ)دێ و لاشم وەهایە هەر هەمان قەد بووبێ، کە ئەمڕۆ (باڵ)ی پێ دەوترێ، چونکە لە سەرەتاوە (لە ئاڤێستادا) دەنگی [ل، ڵ] بەهەردوو جۆرەکەیەوە نەبوو. لە لایەکی دیکەوە، وشەی (باز) بەچەند واتایەکی دیکە لە کوردیی ئەمڕۆدا، بەرچاو و گوێ دەکەوێ و یەکێ لەو واتایانەش، وەک (ئاوەڵناو) بەکار دەهێنرێ و لە هەندێ ناوچەی کوردەواریدا، (شارەزوور) بەڕووالەتی (واز) بەکار دەهێنرێ، کە بەواتای (کراوە = واز= بڵاو) دێ. هەروەها، باڵندەیەکی گۆشتخۆریش هەیە، کە هەر بەهەمان ناوی (باز)ەوە، ناو دەبرێ.

ئا لێرەدا، بەواتای (هەردوو باڵ = هەردوو بەژن = هەردوو قۆڵ = هەردوو پەل)دێ.

پتر لەمەش، ئەمەی ئێرە، بەشێوەیەکی دەسەوام (قەرز) وەرگیراوە و بۆ بەدەستەوەدانی واتای (پاک و تەمیزیی و پاکی و بێ گوناهیی و ڕاستڕەویی) بەکارهێنراوە، کە لە عارەبییدا- (استعارە)ی پێ دەوترێ.

ئەم جۆرە دەسەوامە، بۆ مرۆڤ-ی دینیی ڕاستڕەو بەکارهێنراوە.

+ (ئەروشا)ش بەواتای (سپیەتیی و بێ گوناهیی)دێ.

+ (ئەسپا) و بەم جۆرە کە نووسراوە، پاشبەندی (مێیەتی) وەرگرتووە و بۆیە، بە(مایین) لێک دەدرێتەوە و ئەگەریش مەبەستمان (ئەسپ)بێ، واتە (نێر) دەبێ بەڕووالەتی (ئەسپە) بەکاربهێنرێ. بەهەرحاڵ، لێرەدا مەبەست جینسی (ئەسپ) وەک وێنەی کێشانە و پێوانە (ئامێر)ی (هێز و توانا) بەکارهێنراوە.

+ (ستەڤیەهیش)یش، وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە، لە وشە (ستەڤا) کە بەواتای (پەل = لاق = قاچ) هاتووە و ئەم بەکار هاوردنەش، ئا لێرەدا تایبەتیە بە(وڵاخ)ەوە، یان ڕەشە وڵاخەوە. لێرەدا، دۆخی (کۆیەتیی) پێوەیە.

واتاگشتیەکەی بەم جۆرە دەگرێتەوە:

- (باڵی سپیی بەهێزترین، تاوەکو چوار پەلی ئەسپ!).



١٢- وێنەیەکی دیکە:

(کەهمای پەرڤیە مەشیەنام ئەپرسە تووم یە ئەهورە مەزدە ئەنیە مەنە یەت زەرەثوشترای).

(KAHMA´I , PARVYAS, MAS`YANAM, APRSA ,TU´M, YA,
AHURA ,MAZDA ,ANYAS, MANA, YAT, ZARAOUS`)، (Vd.2,1)

واتای وشەکان:

+ (کەهمای) ئامرازی پرسە و لێکدراویشە و پێکهاتووە لە (کەهم = کام) و لەتەک پاشبەنددا و ئەمڕۆیش ئەم ئامرازی پرسە (کام) لە زمانی کوردییدا، بەهەمان ڕووالەت و واتاوە، بەکار دەهێنرێت.

+ (پەرڤیە) ناوی ژمارەیە، کە بەواتای تەرتیبی هاتووە (یەکەم) و ئا لێرەشدا، وشەی یەکەم بەشێوەی (ئاوەڵناو) دەوری وەرگرتووە.

+ (مەشیەنام)، وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە لە وشەی (مەشیە) کە بەواتای (پیاو، مرۆڤ) دێ و بەتایبەتیە بەنێرینەوە و بۆ ئافرەتیش، وشەی (مەشیانە) بەکاردێ. بەشەکەی تری ئەم وشەیە پاشبەندە، کە لە دۆخی بەرکاردایە.

+ (ئەپرسە) کارە و لە دەمی ڕابردوو دایە.

+ (تووم)، ڕاناوی کەسیی نەلکاوە، بەواتای (تۆ)دێت.

+ (ئەهورە مەزدە) ناوی خوای گەورەیە.

+( ئەنیە) بەواتی (جگە)، یان (بێژگە)دێ.

+ (مەنە) بەواتای (من)دێ.

+ (زەرەتوثورە) ناوی (زەرەدەشت) خۆیەتی.

واتا گشتیەکەی بەم جۆرە دەگرێتەوە:

- (لەگەڵ کێدا،بۆ یەکەمجار گفت و گۆت کرد، ئەی ئەهورە مەزدا، جگە لە من، زەرەدەشت؟).

١٣- وێنەیەکی دیکە:

- (ئێمەم تڤام پەرڤیەم یانەم هەومە جەدیەمەی)

(IMAM THVA´M PARVYAM YA´NAM HAOMA JADYAMI),
(Y. 9, 19)

واتای وشەکان:

+ (ئێمەم)، ڕاناوی کەسیی نەلکاوە و بۆ تاکە و بەواتای (من) دێ.
+ (ثڤام)، ڕاناوی کەسیی نەلکاوە و بۆ تاکە و بەواتای(تۆ)دێ.
+ (پەرڤیەم) بەواتای یەکەمجار دێت.
+ (یانەم) بەواتای (دیاریی، بەخشیش)دێ، یان (بەخۆڕایی)دێ.
+ (هەورمە) ناوی گیایەکە، کە جۆرێکە لە بەنگ و شیرەکەی خەیاڵی خەواڵوویی خۆش بۆ مرۆ دەهێنێتە بەرچاوی خەیاڵ و لە هەوراماندا ئەمە (هەرەبەنگی) پێ دەوترێ. شیرەی ئەم جۆرە گیایە لای زەرەدەشتیەکان بەپیرۆز دەزانرێ و بۆیە لە کاتی وێردکردندا، دەیخۆنەوە.
+ (جەدیەمەی = کەدیەمەی)، بەواتای (داوا لێکردن)دێ و حاڵی حازر ئەم وشەیە لە ناو کوردەواریدا بەڕوواڵەتی (گەدایی) بەکاردێ و کە لە زمانی عارەبیدا، (سوال)ی پێ دەوترێ و لە کوردیشدا، (سواڵ)یش بەکاردێ. لەگەڵ جیاوازیی ئەوەدا، (گەدایی) داواکردنە لە (ئەهورە مەزدا) و (سواڵیش) بۆ پارە پەیداکردنە بەبێ ڕەنجدان و ڕەنجکێشان!

وشەی (گات)ی ئاڤێستاییش، بەواتای (وێرد، پاڕانەوە، پەرستن)دێ و هەر هەمان قەد و ریشەیە.

واتا گشتیەکەی بەم جۆرە دەگرێتەوە:

-(ئەمە یەکەم داواکارییە (خواستە) کە داوای هەوم -ت لێ دەکەم!).

١٤- وێنەیەکی تر:

(دەیا پەورو سپەخشتیم تبشیەنتام).

(DAYA` POURU SPAXS`TIM DVIS`YANT- A`M.),(Y.57,26)

واتای وشەکان:

+ (دەریا) بەواتای (بدە)
+ (پەورو)، بەواتای (هێز و توانا) هاتووە، هەمان وشە لە ئینگلیزیی ئەمڕۆدا (پاوەر)



بەکاردێ و ئەمەش نیشانەیەکی (پەیوەندیی هیندۆ- ئێرانی و هیندۆ - ئەورووپایی)یە.

+ (سپەخشیتم) بەواتای؛ (ناسین، ئەشناسای، دیاریکردن) دێ- (ناسین دوراندوور).
+ (تبشیەنتام) بەواتای دوژمن دێ.

واتا گشتیەکەی بەم جۆرە دەگرێتەوە:

- (بماندەرێ توانای ناسینی دوژمن لە دوورەوە).

١٥- وێنەیەکی دیکە:

- (هەمەیە ئەیان... هەمەیا ڤا خشەپە...).

(HAMAHYA AYA`N ...HAMAYA`S VA` XS`APAS), (Yt.8,54)

واتای وشەکان:

+ (هەمەیە)، بەواتای (هەمان)ی ئەمڕۆی ناو کوردیی هاتووە.
+ (ئەیان)، بەواتای (ڕۆژ، دەم، کات) هاتووە.
+ (ڤا)، ڕاناوی کەسیی کۆیە.
+ (خشەپە) بەواتای (شەو)دێ.

واتا گشتیەکە:

- (لە هەمان ڕۆژ و ... لە هەمان شەودا).

١٦- وێنەیەکی دیکە:

- (مروەت ئەهورە مەزدە سپیتەما زەرەتوشترای).

(MRO`T AHURA MAZDA SPITAMA` ZARATUS`TRA`I),(Yt.5,1)

واتای وشەکان:

+ (مروەت)، کارە و دەمەکەی ڕابردووە، بەواتای (وتی، گوتی، ڤاتش، واتش، فەرماش، مەرەماش،...هتد)دێ.
+ (ئەهورە- مەزدە)، (ئەهورە) بەواتای (خوا)دێ و (مەزدە)ش، بەواتای (گەورە، مەزن، خوای خوایان، یەزدانی مەزن،... خودایێ مەزن،...)دێ.
+ (سپێتەما، ناتۆری خانەوادەی (زەرەدەشت)ە و لە ئاڤێستادا ناوی (زەرەدەشت) بەشێوەیەکی ناساکار، واتە بەڕوواڵەتی (سپێتەما زەرەدەشت) هاتووە.

واتا گشتیەکەی:

- (ئاهورەمەزدا (خوای مەزن) هەواڵی بەزەڕەشت سپێتام دا).
-( خوای مەزن، بەزەڕەدەشتی گوت.).

١٦-وێنەیەکی دیکە:

-(مروەت ئەهورە مەزدە سپیتەما زەڕەتوشرای).

(MRO`T AHURA MAZDA SPITAMA` ZARATUS`TRA`I), (Yt, 5, 1)

واتای وشەکان:

+ (مـروەت)، کـارە و دەمـەکـەی ڕابردووە، بەواتاکی (وتی، گـوتی، ڤـاتش، واتش، فەرماش، مەرەماش،...هتد)دێ.
+ (ئەهورە – مـەزدە)، (ئەهورە) بەواتـای (خـوا)دێ و (مـەزدە)ش، بەواتـای (گـەورە، مەزن، خوای خوایان، یەزدانی مەزن،... خودایێ مەزن،...)دێ.
+ (سپـێـتـەما، ناتۆری خانەوادەی (زەڕەدەشت)ە و لە ئاڤێـسـتـادا ناوی (زەڕەدەشت) بەشێوەیەکی ناساکار، واتە بەڕووالەتی (سپێتەما زەڕەدەشت) هاتووە.

واتا گشتیەکەی:

- (ئاهورە مەزدا (خوای مەزن) هەواڵی بەزەڕەشت سپێتام دا.).
- (خوای مەزن، بەزەڕەدەشتی گوت.).

١٧- وێنەیەکی تر:

- (کـەهمـای مـا ثوا ڕۆژ دووم!). (KAHMA`I MA´ THWA RO`Z`DU`M), (Y.29,1)

واتای وشەکان:

+ (کەهمای) ئامرازی پرسە و لە بریی ئامـرازە پرسانەی ناو کوردیی ئەمڕۆ بەکاردێن (کام؟ بۆچی؟ لەبەرچی؟ هۆی چی؟ چی؟...؟)
+ (ما) ڕاناوی نەلکاوی کەسیی یەکەمە، کە بەواتای (من، ئێمە)دێ.
+ (ثوا) ڕاناوی نەلکاوی کەسیی دووەمە، کە بەواتای (تۆ)دێ.
+ (ڕۆژ دووەم) کــارە و نـاســاکــارە و لە دۆخی ڕابوردووی تـەواو دایە و بـەواتای (دروستکردن، داهێنان، هاتن دنیاوە،...)دێ.



واتا گشتیەکەی:

- (بۆچی تۆ منت دروستکرد؟).
- ( لەبەرچی تۆ منت دروستکرد؟).

١٨- وێنەیەکی دیکە:

- ( تیشتریم... یەزدە مەیدە، یم ڤیشپایش پەیتیشمەرنتە یایش سپنتەهی مەینیەوش دامان ئەدەیری زمایشچە ئوپەیری زمایشچە یاچە ئوپاپە یاچە ئوپەسمە...).

(TIS`TRIM... YAZAMAIDA YAM VISPA`IS` PAITIS`MARNTE YA`IS` SPNTAH MAINYE`US` DA`MA`N ADAIRI. ZM`A`IS`C`A UPAIRI. ZMA`IS`C`A YA`C`A UPA`PA YA`C`A UPASMA...), (Y.9,28).

واتای وشەکان:

+ (تیشتریە) ناوی ئەستێرەیەکە.
+ (یەزەمەیدە)، کارە و بەواتای پەرستن دێ و دەمەکەشی بەردەوامە (سەرەمڕەیە).
+ (یم) ڕاناوە و بەشـێوەیەکی دیکەش بەرچاو دەکەوێ و کە ئەویش لە ڕووالەتی ( یەم YAM=) دایە و بەواتای (کە) دێ، یان بەواتای (ئەوتۆ)دێ.
+ (ڤیسپایش) بەواتای (هەموو،...) دێ. وشەی (ڤیسپە)ش لە هەمان قەدەوە هاتووە، کە بەواتای (هۆز)دێ.
+ (پەیتیشمەرنتە)، وشەکە ناساکارە و پێکهاتووە لە قەدی (پەیتش) و قەدی (مەر) و یەکەمیان، (گیان) و دووەمیـان (مرۆ)یە و بەهەردووکیانەوە، بەواتای (گیان (مەرد) و گیاندارانی دیکە.
+ (سپەنتە)، بەواتای پاک و سپی و ڕۆشن (پیرۆز)دێ.
+ (مەینیە)، بەواتای (روح) و (گیان) دێ، هەروەها بە(بیری پیرۆز)یش دێ
+ (دامان)، (دروستکراو) یان (داهێنراو)، دەگرێتەوە.
+ (ئەدەیری)، ئاوەڵکاری جێگایە و بەواتای (ژێر، لەناو)دێ.
+ (زەم)، ناوە، بەواتای (زەویی، زەمین)دێ.
+ (ئوپەیری)، ئاوەڵکاری جێگایە و بەواتای (لەسەر، لەبان) دەگرێتەوە.
+ (یا)، ڕاناوی نەلکاوە و بۆ ئامـاژەکـردن بەکـارهێنراوە و لێـرەدا، بەواتای (ئەوان، ئەوانە)دێ.

+ (ئوپاپە) یان (ئوپ + ئاپە) بەواتای ( لە ناو ئاودا).
+ (ئوپەسمە) لەناو (زەویی)، یان (زەمین)، یان (خاک)دا.

واتا گشتیەکەی بەم جۆرە دەگرێتەوە:

– (ئێمە ستایشی تیشتریا دەکەین... کە سەرپاکی (هەموو) زێندەوەران و گیاندارانی ڕۆحی پیرۆز یادکردەوە، کە لەژێر زەوییەوە و لە سەر زەویەوەن و ئەوانەی وان لە ناو ئاودا و لە ناو خاکدان.....

١٩– وێنەیەکی تر:

– (گەرمە پەدەیا مەهیا ٩ ڕەوچەبیش ثەکەتا ئاهە).

(GARMAPADAYA MAHYA´ 9 RAUC`A`BIS` THAKATA A`HA`).

واتای وشەکان:

+ (گەرمە پادە)، ناوی یەکێکە لە مانگەکانی وەرزی هاوین.).
+ (مەه)، بەواتای (مانگ) هاتووە.
+ (٩) ژمارە (نۆ)یە، لە ژماردندا.
+ (ڕەوچە)، بەواتای (ڕۆژ)دێ.
+ (ثەکەت) بەواتای بەسەرچوون دێ.

واتای گشتیی:

– ( لە مانگی گەرمە پادە ٩ ڕۆژ بەسەرچوو!).
– (نۆ ڕۆژێ لە مانگی گەرمە پادە ڕۆیشتوون).

٢٠– وێنەیەکی دیکە:

– (یە زەرەثوشترم مەرتەیشو خشناوش).

(YE ZARATHUS`TRM MARTAIS`U XS`NA`US`), (Y.46, 13).

واتای وشەکان:

+ (زەرەثوشترم)، ناوی (زەرەدەشت)ە.
+ (مەرتیشو)، بەواتای (خەڵک، مەردم، کۆمەڵ) دێ.
+ (خشناوش)، واتە (ناوی بەباشی دەبات، ڕێزی لێ دەگرێ، ستایشی دەکا، مەدحی دەکات).



واتا گشتیەکەی بەم جۆرە دەگرێتەوە:

– (لەو خەڵکانە کێ ستایشی زەرەدەشت دەکا؟).
– (ئەو کەسانەی کە لە ناو ئەو خەڵکەدا، ڕێزی زەرەدەشت دەگرن!)

٢١– وێنەیەکی دیکە:

– (کە ئەهمای ئەشیش ڕناڤی چیت ئەهمای جەسەت ئایەپتم).

(KA AHMA`I AS`IS` RNA`VI C`IT AHMA`I J`ASAT A`YAPTM), (Y.9.3)

واتای وشەکان:

+ (کە)، ئامرازی پرسە و بەواتای (چەند، چی، کام)دێ. ئا لێرەدا، بەواتای (چەند) هاتووە.
+ (ئەهمای) ڕاناوی لکاوی کەسییە لە دۆخی (بەرکار)دایە و بۆ (تاکە) و ڕاناوی (ئەو) دەگرێتەوە.
+ (ئەشیش) بەواتای (بەش)دێ. هەروەها بەواتای (خۆشیی، ئاوات)دێ.
+ (رناڤی)، کارە و لە دۆخی کارا بزر (مبنی للمجهول) دایە و بەواتای (تێگەیشتن، فێربوون، پەرەسەندن، خستنەسەر)دێ.
+ (چیت) ئامرازی پرسە، بەواتای (چەند) هاتووە.
+ (جەسەت) کارە و بەواتای (بۆ هاتن)دێ.
+ (ئایەپتم) ئاوەڵناوە و بەواتای (گەشە، خۆشی، لەززەت، خۆشحاڵی،...) هاتووە.

واتا گشتییەکە:

– (چەندان پێگەیشتووە (گەورە بووە)، چە گەشەیەک (خۆشی یەک)ی پێگەیشتووە؟!).

٢٢– وێنەیەکی دیکە:

(ئەورڤەنم ثوا بەغا نیدەثەت هەرەیتا پەیتی بەرزەیە).

(AURVANM THWA´ BAGHA´ NIDATHAT HARAITA` PAITI BAR-ZAYA), (Y.10, 10)

واتای وشەکان:

+ (ئەورڤەنم)، ئاوەڵناوە و بەواتای (گورج، زوو، یەکسەر)دێ.

+ (ڤوا) ئاوەڵناوی کەسی دووەمی نەلّکاوی تاکە، بەواتای (تۆ)دێ.

+ (بەغا)، وشەیەکە بەواتای (خوا، داهێنەر = خالق)دێ و ئەمڕۆ ئەم وشەیە لە کوردییدا بەڕووالّەتی (بەگ) بەکاردێ و کە بەواتای (سەرۆک، زۆردار) دەبەخشێ.

+ (نیدەثەت)، بەواتای - (وەک کار) - (دانان)دێ.

(پەیتی) ئامرازی پریپۆزیش-ە.

+ (بەرزەیە)، ئاڵناوە و بەواتای (بەرزایی)دێ.

واتا گشتیەکەی:

- (خوا، زوو ئێوە (تۆ)ی دروستکرد، خوا زوو تۆی لەو بەرزایە دانا).

**٢٣- وێنەیەکی تر:**

- (نەیت ئەوتەم ئاهە، نەیت گەرمم نەیت زەورڤە ئاهە نەیت مریۆش).

(NAIT AUTM A`HA NAIT GARMEM NAIT ZAURVA A`HA NAIT MRYUS`), (Y. 9, 5)

واتای وشەکان:

+ (نەیت) ئامرازی (نەرێ)یەو بەواتای نییە (نەبوو)دێ.

+ (ئەوتەم) ئاوەڵناوە، بەواتای (سەرما)دێ، ڕووالّەتی وەرزی وەرگرتووە.

+ (ئاهە) ئامرازێکە (ئاوەڵکارێکە) ئاماژە بۆ دەمێ دەکات.

+ (گەرمم) ئاوەڵناوە، بەواتای (گەرما)، (یان وەرزی گەرما)دێ.

+ (نەیت) ئامرازی نەرێیە.

+ (زەورڤە)، ئاوەڵناوە (ناو) بۆ بەسەر بردنی تەمەن (تەمەن درێژیی، پیریی،...) بەکاردێ و ئەشتوانین لە بریی (زۆربەی تەمەن) بەکاربهێنین، یان لێکی بدەینەوە.

+ (مریوش) بەواتای (مردن)دێ و دەشتوانین بەهۆی ئامرازی (ئە-)ی دژژاوەریەوە، بۆ بەدەستەوەدانی وشەی (نەمر = جاویدان) بەکار بهێنین و بڵێین (ئەمریوش).

واتای گشتیی ڕستەکە:

- (لەوێ نەبوو سەرماو نەبوو گەرما، نەبوو پیریی نەبوو مردن!)، یان؛

- (لەوێ؛ نەسەرما بوو نەگەرما، نەپیریی بوو نەمردن!!)، یان؛



- (لەوێ؛ نەسەرما هەبوو، نەگەرما، نەپیریی هەبوو نەمردن!).

**٢٤- وێنەیەکی تر:**

- (ما ئەڤی: ئەسمەنم فرەشوسە ما ئەڤی زام نی- ڕیڤیسیە).

(MA` AWI ASMANM FRA-S`USA, MA` AWI ZA´M NI-RVISYA) , (Yt.17, 60)

واتای وشەکان:

+ (ما) ئامرازی (نەهی)یەو بەواتای (مە)دێ و فەرمانە دەبێ جێبەجێ بکرێ. لە کوردیی ئەمڕۆدا وشەی (مە) بەکاردێت و (کار = فرمان)ی بەدوادا دێ و وەک (فەرمان)ی لێدێت و دەوترێ (مەڕۆ!)، (مەکە)، (مەخۆرەوە!)، (درۆ مەکە!).

+ (ئەڤی) ئامرازێکە، ئەرکی نیشاندانی ڕێگایە؛ واتە، (بەرەو) ڕۆژهەلّات، بەرەو ئەوێ، بەرەو سەرەوە، بەرەو ژێرەوە، بەرەو دەرەوە،... هتد.

+ (ئەسمەن)، ناوەو بەواتای (ئاسمانی) ئەمڕۆ هاتووە.

+ (فرەشۆ) وشەیەکی ناساکارە و (فرە)یان، وەک (پێشبەند) بەواتای (بەرەو) هاتووە و (شۆ)یش، هەروەک ئەوەی کوردیی ئەمڕۆ وەهایە و بەواتای (چوون، ڕۆیشتن) دێ و بەهەردووکیانەوە، کە وشە ناساکارەکەیان پێکهێناوە و بەواتای (بەرەو)دێ، یان (ڕووەو)دێ.

+ (زام)، بەواتای (زەمین، زەویی) هاتووە.

+ (نی) بەواتای (نە)هاتووە.

+ (ڕیڤیسیە)ش، بەواتای (گەڕانەوە) یان، بەهەمان (ڕێدا چوونەوە)دێ.

واتا گشتیەکەی بەم جۆرە دەگرێتەوە:

(مەڕۆ بەرەو ئاسمان، مەگەڕێرەوە بەرەو زەمین!!).

**٢٥- یان ئەم وێنەیە:**

(ما دیم پرسە یم پرسەهی!) = (MA` DIM PRSA? YIM PRSAHI) , (H. 2, 17)

واتای وشەکان:

+ (ما) هەروەک لەسەرەوە وتمان ئامرازی نەرێ (نەهی)یە لێرەدا.

+ (دیم) ڕاناوە و بەواتای تۆ (یەکێ) دێ.

+ (پرسە)، کارە و بەواتای (پرس)دێ.

+ (یم)، ڕاناوە و بەواتای (لێت) دێ، یان (لێیان)دێ.

+ (پرسەهی) بەواتای (پرسیبێ)دێ.

واتا گشتییەکەی:

– ( لە یەکێ مەپرسەوە، کە لێت پرسیبێ!). یان (لەوە مەپرسە کە لێت پرسیووە!)، یان (پرسیار لەوە مەکەرەوە کە لێت پرسیووە!).

٢٦– وێنەیەکی دیکە:

لەو ئاڤێستا دەستنووسەی، کە لە لایەن (میهرە بانوو کەیخوسرەو)ەوە ساڵانی **١٣٢٣** زاینییدا، ڕوونووسکراوەتەوە و بەهۆی ڕۆژهەڵاتناس (R. RASK)وە کڕراوە و حاڵی حازر لە پەرتووکخانەی زانستگا (زانکۆ)ی (کۆپنهاگن)دا، پارێزگاریی کراوە و هەیە، والێرەدا بۆ وێنە پارچەیەکی دەخەینە بەرچاو، شایانی باسە، کە بەم نوسخەیە و بەم شێوەزارە، دوا بەری ئاڤێستایە، کە پێی دەوترێ ئاڤێستای پالەویی. بەهەرحاڵ ئەم پارچەیەی ئێرە، لە (هۆم یەشت) وەرگیراوە، کە بەیەکێ لە پارچە دێرینەکانی یەسنا سەرژمێر دەکرێ!

١– وێنەی ئەم پارچەیە (لە کتێبی سۆکۆلۆڤ)ەوە وەرگیراوە:





٢– ئاوازو زرینگانەوەی وشەکان، بەئەلف و بێی لاتینی؛ بەپیتی گەورە، کە بۆ ڕەوانی ئاوازەکانی زمانی ئاڤێستا وەک یاسایەکی باو، بەکار دەهێنرێ. ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە، ئەم پارچەیە بەشێوەی (٨–٧) بڕگە تۆمار کراوە.

THRA`YA HATHYAM RíAVANAH (*)
A`FRI`VAC`AH ZAVANTI
GA`US`- CA` ASPAS- C`A HAUMAS- C`A
GA`US` ZAUTARAM ZAVATI
UTA BUYA`H AFRAZATIS`
UTA DAUS`- SRAVA`H HAC`AMNAH
YAH MA`M HVA`STAM NA-IT BAXS`AHAI
A`T MA`M TUVAM FS`AUNA YAHAI
NARYA`Y VA` PUTHRAHYA VA`
HUVAYA`H VA` MARS`UYA`H
ASPAH BARTA`RAM ZAVATI
MA` BUYA`H ARVATA`M YUXTA`
MA` ARVATA`M ABIS`ASTA`
MA` ARVATA`M NITHAXTA`
YAH MA`M ZA`VAR NA-IT J`ADYAHI
PARUMATI HANJ`AMANAI
PARU- NARAYA`H KARS`UYA`H

(*) ئەم پارچە هۆنراوەیە، بەپێی یاسای (٧ بڕگە و هەشت) بڕگەیە.

لە ڕووی واتاوە، زۆربەی وشەکان لە ڕووانگەی (دینیی تەواو دینیەوەن) و لە ڕووالّەتی دیناییشەوە دەورێکی باڵایان هەیە (بەتایبەتی لە لایەن (ماف و مرۆڤایەتی)یەوە بۆ هەرچی شتێ کە لە لایەن سروشتەوە داهێنراوە، گیاندارە، یان بێ گیان!).

### ئاوازی ئەم پارچە هۆنراوەیە بەڕێنووسی ئەمڕۆی کوردیی

ثرایە هەثیەم ڕتەڤەنە
ئا-فریی ڤەچە ڕتەڤەنە
گاوشچە ئەسپەسچە هەومەسچە
گاوش زەوتەرەم زەڤەتی
ئوتە بویاه ئە- فرە - زەنتیش
ئوتە دەوش- سرەڤاه هەچەمنەه
یە مام هڤاستەم نەیت بەخشەهەی
ئات مام توڤەم فشەونەیە هەی
نەریاه ڤا پوثرە هیەڤا
هوڤەیاه ڤا مەرشویا
ئەسپەه بەرتارەم زەڤەتی
ما بویاه ئەرڤەتام یوختا
ما ئەرڤەتام ئەبیشەستا
ما ئەرڤەتام نیشەختا
یە مام زاڤەر نەیت جەدیەی
پەڕو مەتی هەنجەمەنەی
پەڕو نەرەیاه کەرشویاه

### لێکدانەوەی وشەکانی هۆنراوەی یەکەم:

- (ثرایە= THRA`YAH):

بنەڕەتی وشەکە؛ (تریی) وەک قەدی وشەیە و بەهۆیەوە (ترەی) دروست بووە، کە واتای (٣ سێ) بەدەستەوە دەدات. ژمارەکانیش، هەروەک هەر ناوێک، یان هەر ئاوەڵناوێک لە ئەرکێکەوە، بۆ یەکێکی دیکە و لە هاوکاریکردنی ڕستەدا، پاشبەندی کۆتایی، یان (ناوبەند) وەردەگرێ. ئا لێرەدا (وەک ناو، وەک کۆ، وەک نێر) هاتووەتە مەیدانی (مەیدان؛ وشەیەکی ئاریانی دێرینە و بەهەمان واتا بەکارهاتووە!) ڕستە سازیبیەوە.



- (هەثیەم= HATHYAM):

ئەم وشەیە، ئاوەڵکارە و بەواتای (ڕاست) دێ. شایانی باسە، ئەم وشەیە بەئاوەڵناویش بەکاردێت و کاتێ بەئاوەڵکردار بەکاردێ، کە ناوونیشانی یان (کار) یان (ئاوەڵناو) بەدەستەوە بدات.

